# مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان

## خوێندنەوەوەیەکی رەخنەگرانە بۆ پێڕەو و پرۆگرامی (یەکگرتوو، کۆمەڵ و بزووتنەوەی ئیسلامیی)

ماجید خەلیل

2013

ناوی کتێب: مەکری ئیسلامییەکانی کوردستان
نووسەر: ماجد خەلیل
بابەت: لێکۆڵینەوە
دیزاین: هەرێم عوسمان
ساڵ و شوێنی چاپ: 2013 سلێمانی
تایپ و هەڵەچن: باوان عومەر،هەڵۆ یاسین
تیراژ: 1000 دانە
چاپ: چاپخانەی کارۆ
نرخ: 2000 دینار

دەزگای ئایدیا
بۆ فکرو لێکۆڵینەوە

پێشەکی

بەشی یەکەم
خوێندنەوەی پەیڕەو و پرۆگرامی نێوخۆیی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان

بەشی دووەم
خوێندنەوەی پەیڕەو و پرۆگرامی نێوخۆیی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان

بەشی سێیەم
خوێندنەوەی پەیڕەو و پرۆگرامی بزووتنەوەی ئیسلامیی لە کوردستانی عێراق

**پێشەکی**

ئیسلامییەکانی کوردستان، هێزێکی سیاسیو سەردەمانێک هێزێکی سەربازی بوونو لەپرۆسەی خەباتی رزگاریخوازیی کوردستاندا، ئەگەرچی مێژوویان کورتو ساوایە، وەلێ بەشداربوونو بوونیان لەکۆتایی هەشتاکاندا تارادەیەکی سنوردار نومایانە. ئەوان لەگەڵ ئەوەی دابەشبوون بەسەر چەند رەوتو رێبازێکی جیاوازی هزری لەنەخشو نەریتی سیاسیدا، وەلێ زۆرجار لەژێر چەتری پارتێکی سیاسی، یان چەند پارتێکی سیاسی ئیسلامیدا جەمبوون.

دیاردەی ئیسلامی سیاسی، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین لە چێبوونی بزووتنەوەی ئیسلامییەوە دەستپێدەکات. هەرچەند هێڵێکی ئیخوانی نارِوونو لاواز، رێکخستنەکانی وەک پاشکۆیەکی ئیخوانی عیراق لە حەفتاکاندان، بەتایبەت لەکۆتایی حەفتاکاندا بوونی هەبوو. دروستبوونی بزووتنەوەی ئیسلامی، لەپێش راپەرینداو پاشان بەشدارییان لەگۆڕەپانی سیاسیی دووی راپەریندا، ئەو هێمایەی دایە ئەو حزبە، کە خۆی بەحزبی شاخو شار بزانێت.

لەنێو بزووتنەوەدا لەبەرئەوەی دارای رێکخستنێکی تۆکمەی یەکگرتوو نەبوو، چەندین رێبازی سەلەفی - جیهادیو سەلەفیی بانگخواز بوونی هەبوو، هاوکات رەگێکی شلڕەو شانبەشانی رێکخستنەکانی بزووتنەوە چەکەرەی کردو دواتر خۆی لە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستاندا دەرخست.

هاوکات هێڵێکی تر لەنێوان رەوتی جیهادیو رەوتی بانگخوازیدا دیسانەوە لەنەوەدەکاندا خۆی ئاشکراکرد. ئەم هێزە رابردووی خۆی دەبەستەوە بەکۆتایی حەفتاکانەوە. ئەوانیش بەناوی راپەرینی ئیسلامی وەک حزبێک رێکخران. ئەم هێزانە زۆرجار یەکیانگرتووەو هاوکات لێک ترازاونو پارتی نوێیان لەپاش خۆ هێناوەتە بوون. بۆنموونە کۆمەڵی ئیسلامی زادەی لێکترازانەکان بوو.

ئیدی بەکاریگەریی هێزە هەرێمییەکانو بەهاوکاریی هزرو بۆچوونکەی جیاو، بە فشاریی نادادگەریی ناو پارتەکان، یاخود حەزی پاوانخوازیو مەیلی کورسیو پۆست ترازانەکان گەشەیاندەکرد. هەر لەزادگای ئەم پارتە ئیسلامیانەدا، نەزمی شێوە توندڕەویی هاتووەتە بـوونو هێزی وەک جوندولئیسلامو

ئەنسارولئیسلام چێبووە.

لەئێستادا ئەو هێزە ئیسلامیانەی کە بڕوایان بە سیاسەتکردنو کاری سیاسی لەچوارچێوەی هەرێمی کوردستاندا هەیە بریتین لە: یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان، بزووتنەوەی ئیسلامیی کوردستان. ئەم هێزانە هەریەکەیان دارای کورسی پەرلەمانو خاوەنی جەماوەری سنورداری خۆیانو بنکەو بارەگاو کەناڵی میدیایی تایبەت بەخۆیان هەیە. لەم رەوشەدا ئەوان هاتوونەتە سەر بڕوایەک کە لەدیدێکی ئیسلامییانەوە گەرەکیانە خزمەت بەئاینو دۆزی رەوای کورد بکەن، بەڵام تەمومژاویی رابردوو، هاوکات چێبوونو هەڵتۆقینی تۆرەمەی توندڕەوی وەک جوندو ئەنسار لەهەناوی ئەم هێزانەدا، هاوکات بوونی هێڵو هێمای جیهادی لەبەشێک لەم رێکخستنانەداو خوێندنەوەی جیاو ئەفکاری شەخسی جیا لەچوارچێوەی پارتایەتی ئەم هێزە ئیسلامیانەدا، هۆیەکی سەرەکییە، کە خوێنەرو توێژەری کورد ئاشنا بکەین بەمیتۆدو نەهجی کارکردنی ئەم هێزانە.

خوێندنەوە بۆ پێڕەوی نێوخۆیی ئەم هێزانە کارێکی داهێنەرانەو پێویستییەکی لەبارە بۆ ئاشنابوون بە نیازو نەزمی کارکردنی هێزێکی سیاسیی کە کاریگەرییان لەناو تەڤگەری کۆمەڵایەتی کوردیدا هەیە. خوێندنەوەی بەندو رێساکانی ئەم پارتانەو بەراوردکردنیان بەنەفەسێکی زانستی کارێکی جدیو هەنوکەییەو هەنگاوێکە بۆ کردنەوەی دەرگا لەسەر پرسی حزب ناسیو خوێندنەوەی ئایدیۆلۆژیاکانی ناو پرۆسەی سیاسی هەرێمی کوردستان.

# بەشی یەکەم:
# خوێندنەوەی پێڕەوو پرۆگرامی نێوخۆیی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان لەماوەی راگەیاندنی خۆیدا، شەش کۆنگرەی ئەنجامداوە، یەکەمین کۆنگرەی لە (1 /4/ 1994)، کۆنگرەی دووەمی لە (20 / 8/1996)، کۆنگرەی سێیەمی لە (1999/9/3)، کۆنگرەی چوارەم لە(2005/4/30)، کۆنگرەی پێنجەمی لە (2008/8/1) و دوایین کۆنگرەشی لە (5/1 / 2012) دا بوو. سەرلەبەری کۆنگرەکانیش لەشاری هەولێر بەستراون و گردبوونەتەوە.

یەکگرتووی ئیسلامی لە کۆنگرەی شەشەمدا وەک ئەوەی میدیای کوردی بەگشتی و میدیای خۆیان، واتە یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بەتایبەتی پەخشیکرد، هیچ گۆڕانکارییەکی جەوهەری لەڕووی رامیاریی پەیڕەوو پرۆگرامەوە ئەنجامنەدا.

پەیڕەوو پرۆگرامی ئەم جارەی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، وەک هەموو ئەوانی دی خاوەنیی چەند ریشەیەکی حزبی و چەند رقێکی ئایدیۆلۆژیی بوو، کە لەهەموو میتۆدەکانی تردا ئامادەیی هەبوو. هاوکات قوتاربوون لە بەندوباوی ناوچەگەریەتی و خۆبەستنەوە بە پرۆژە ئایدیۆلۆژییەکانی دەرەوەی کۆمەڵگەی کوردی، لەم کۆنگرەیەدا بەتەواوی بوو بە کارێکی ئەستەم و بگرە کاریش کرا لەسەر تۆکمە بوونی ئەو بنەمایانەی، کە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانیان پێدەناسرایەوە.

میتۆدی نوێی یەکگرتوو بە بڕوای چاودێران لەلایەکەوە یەکگرتووی ئیسلامی وەک پارتێکی سیاسی لە خەونی باڵادەستی بەتەواوەتی دەتەکێنێتەوە، لەلایەکی تریشەوە وەک هێزیکی رکابەر بەرەو دۆڕان دەیبات، بەگشتی بەرامبەر بە نەیارە ئیسلامییەکانی لەوانە سەلەفییەکان و کۆمەڵی ئیسلامی و بزوتنەوەی ئیسلامی، بەتایبەتیش لە گەمەی پارتە قەومییەکاندا دەیکاتە دەرەوە، لەوانە پارتی و یەکێتی و گۆڕان.

هەرچەند لە دوایین کۆنگرەی یەکگرتوودا، چەند نەزمیکی دیموکراسیانە ئامادەییان هەبوو، لەوانە لە تێکڕای ئەندامانی بەشداربوی کۆنگرە (20%) ی لەژنان پێکهاتبوون کە وەک هەمیشە یەکگرتوو وەک چەکێک بۆ جەنگی مشتومڕە دیموکراسییەکان بەڕێوەی بردوەو لە دواییدا ئەو مشتومڕەو ئەو ئاتاج بوونە بە ژن و خوشک لە ئەدای سیاسی یەکگرتوودا دەخەینەڕوو.

هاوکاتێ قاڵبوونی کۆنگرە بە پێوەری بڕوانامەو خەڵکانی خوێندەوار بەجۆرێک لەسەدا (3%) ئەندامانی خاوەن بڕوانامەی دکتۆراو (9%)ی ماستەر و (52%) بەکالۆریۆس و (18%) ی بڕوانامەی دبلۆمیان هەبوو. سەبارەت بەم خاڵەش ئەوە ڕووندەکەینەوە، کە بردنە پێشەوەی ئەندامانی خوێندەوار لەناو یەکگرتوودا، لەلایەکەوە وابەستەیە بە و درێژبوونەوە حزبیەی، کە هەمیشە یەکگرتوو لەنیو حەرەمەکانی زانکۆو پەیمانگاو قوتابخانەکاندا ئاتاجی بووەو دەتوانین بڵێین ئەوان یەکەم دیاردەو دەستی حزب بوون لەنیو پۆل و حەوشەو حەرەمی خوێندنگەکاندا ئامادەبوون.

ئەم نەزمەیش دیسانەوە هەمان ئەو ڕەگەزە ئیخوانییە بوو، کە ڕێک لێرەش نێوەندەکانی خوێندنی کردە نێوەندی گردبوونەوەو گەمەی سیاسی، هاوکاتێ دەشکرێت بڵێین دیسانەوە بردنە پێشەوەی بڕوانامەدارەکان هێندە پەروەردەیەکی حزبیانەیە و مەبەستێکی پێشوەختێ وتراوە، قەد ئەوە ناگەیەنێت، کە ڕەوشێکی سروشتییەو ڕەونەقێکی زانستیی هێناونییە بەرهەم. بەڵگەی ئەم کارکردنە بۆ پرچەکبوون بە بڕوانامەو جەنگی بڕوانامە، جگە لەوەی دەرهاویشتەی ئەو گرێ دەروونییەیە، کە دەوترا یەکگرتووەکان خاوەنی هیچ شانازییەک نین، هاوکاتێ ئەو هەوڵ و هێزەی یەکگرتووەکان لە زانکۆ ناموعتەبەرو علوجەکاندا و دیاردەی بڕوانامەی تەزویر لەناو کادیرانی ئیسلامییەکاندا بەگشتی و یەکگرتوو بەتایبەتی، ئەم قەرارەی ئێمەی پشتڕاستکردەوە، کە یەکگرتووەکان بوونی ژن و بوونی بڕوانامەو بوونی شەفافییەتێ و نەزمەکانی دیموکراسی لە ڕێکخستنەکانیاندا وەک شەفافی کۆنگرەکان و بەند بەبەندی پرۆگرامەکانیان پەرچەکرداری ئەو تۆمەتێ و تانەو تێزە فەلسەفییەیە، کە لائیک و دیموکراسەکان لە ئەدای کارو ناوەڕۆکی کاری ئەوان دەیگرن.

لەم بەدواداچونکەدا بەوردی بەندەکانی پرۆگرامی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، شیکاریان بۆ دەکەین و نیازو نەزمی ئەوان لە ئیلهامی میتۆدەکەیانەوە دەخەینەڕوو.

بە چاوخشاندن بە پرۆگرامی نوێی یەکگرتوودا، هەر زوو ئەو ڕاستییەمان لا بەرجەستە دەبێت، کە پرۆگرامی یەکگرتوو ڕێک کۆپییەکی لەبەرگیراوی

پرۆگرامی ئیخوانی میسرەو کاریگەرە بە بەندەکانی ئەو هێزە لە رامیاری کارکردن و ئامانجەکانیدا ،هاوکات ئەو هەڵەیەی کە ئیخوانەکان لە ئاماژە بەکەمایەتی ئینکی و مەزهەبی و فرەیی رۆشنبیریی خەڵکی میسریی تێیکەوتون، لێرەش فرە بە زەقی هەڵەو کەموکوڕییەکان دوپاتکراونەتەوەو بەسەریاندا تێپەڕیون.

پێناسەی یەکگرتووی ئیسلامی لە دوایین کۆنگرەیدا بەمجۆرە ئاماژەی بۆ کراوە: حزبێکی ئیسلاحی نیشتمانییە، تێدەکۆشێت لەپێناو چارەسەرکردنی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و رۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگە لە دیدێکی ئیسلامیەوە. لە راستیدا ئەم پێناسەیە هەمان پێناسەی ئیخوان موسلمینی میسرە، کە لە پێناسەو ئامانجەکانیاندا هاتوە. کە پارتێکی سیاسین ئامانجیان چاکسازیی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتییە لە دیدێکی ئیسلامییەوە.

لێرەدا گرفت لە هاو پێناسەیی نییە بۆ دوو پارتی سیاسیی. راستە تەقلیدەکە کۆڵێ پرسیار و شەرم هەڵدەگرێت کە دەبوو وشەیەک لە پێناسەکەدا پێشو پاش بخرێت، یان هیچ نەبێت هەمان واتا بە زمانێکی تر دارێژرێتەوە. نا ، گرفتەکە لە لۆژیکی سەدان ئەندام کۆنگرەی بڕوانامەدارە، کە بە چ پێتاک و پلانێکەوە کار لەپارتێکدا دەکەن، کە نەتوانێت پێناسەیەک بۆخۆی بکات، کە لەگەڵ گەشەی سروشتی و ئابوریی کۆمەڵگەی کوردیدا یەک بگرێتەوە. ناتوانین هیچ لۆژیکێک بەوە رازی بکەین، کە ئەوە پێناسەی پارتێکی سیاسیی گەلێکی بندەستە. ناتوانین هیچ لۆژیکێک رازی بکەین، کە ئەوە پێناسەی پارتێکی سیاسییە، کە نەتەوەکەی (٨٠%) خاکەکەی بندەستەو هیچ ئیرادەیەکی سەربەخۆی نییە. لە پێناسەی ئیخواندا زانستی بوون هەیە، چونکە خەمی ئەوان لە ژانی بوونی نەتەوەدا نییە. نە پێناسەی ئیخوان و نە هیچ پارتێکی قەومی تریش بە پارتەکەی «جەمال عەبدولناسر»ەوە جەخت لەسەر سەلماندنی بوونی نەتەوە نەکرابوو، بەڵام لە پێڕەوی هەموو پارتە شۆڕشگێڕەکانی گەلانی بندەستدا، تەنانەت بە کۆمۆنیستەکانیشەوە لە شوناسیاندا بوونی نەتەوەییان بەجدی ئاماژەی بۆ کرابوو. گەر یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، بوونی خۆی وەک پارتێکی نەتەوەیی نەناسێت و وەک پارتێکی ئاینی خۆی پیشانبدات.

ئەوا دیسانەوە ئیشکالێکی دیکە سەرهەڵدەدات. کە لێرەشدا ئیخوان

رووبه‌ڕووی هه‌مان هه‌ڵه بووه‌ته‌وه. ئه‌ویش زاڵبوونی سیاسه‌ته به‌سه‌ر عه‌قیده‌و ته‌وحیدا، یان زاڵبوونی خه‌ونی سیاسی به‌سه‌ر خه‌ونی عه‌قیده‌و ته‌وحیددا، یان نه‌بینینه‌وه‌ی حه‌تمیه‌تی مێژوو له‌ به‌ندایه‌تیدا سه‌رله‌به‌ری فه‌لسه‌فه‌ی ئیسلام بۆ مێژوو له‌ مه‌نهه‌جی یه‌كگرتوودا ده‌خاته‌ ژێر پرسیاره‌وه‌، چونكه‌ ئامانجه‌كانی یه‌كگرتوو ئامانجی بانگه‌واز بۆ دینی خواو بڵاوكردنه‌وه‌ی ته‌وحید نییه‌. كه‌ ئامانجی هه‌ر گروپێكی ئاینییه‌. یه‌كگرتوو له‌م كۆنگره‌یه‌دا، ئیسلام وه‌ك چه‌ك ده‌بینێت، واته‌ ئیسلام ئامرازێكه‌ بۆ ئامانج گه‌لێكی تر، كه‌خۆیان له‌ ته‌وحیدو ته‌وبه‌و توندبوون به‌ ئاینه‌وه‌ نابینه‌وه‌و ئامانجه‌كان ئامانج گه‌لێكی سیاسیین.

ئه‌مه‌یش گه‌وره‌ترین خاڵه‌ كه‌ بوونی لقه‌كانی ئیخوان له‌ وڵاتاندا به‌تایبه‌ت له‌ كوردستاندا، ده‌خاته‌ ژێر پرسیاره‌وه‌و ئامانجه‌كانیان له‌ ئامانجی گه‌یشتن به‌ ده‌سه‌ڵات و خاوه‌نبوون بۆ بڕیاری سیاسی كورتده‌كاته‌وه‌ ، ته‌نانه‌ت بوونی كیانێكی ئیسلامی، یاخود ده‌وڵه‌تی ئاینی هه‌روه‌ك چۆن له‌ پێشینه‌ی بنه‌ما سه‌ره‌كییه‌كانی ئیخوان و حه‌سه‌ن به‌ننادا هاتبوو، ئێستا له‌ پرۆگرامی ئیخوانی میسرا ئه‌وه‌ ونه‌، ده‌بینین له‌ پرۆگرامی یه‌كگرتوویشدا ئه‌وه‌ ونه‌، كه‌ ئامانجی ئه‌وان وه‌ك پارتێكی سیاسی بۆ ده‌وڵه‌تی ئاینییه‌، یان نه‌ته‌وه‌یی، یاخود روونی ناكه‌نه‌وه‌ رازین به‌ ده‌وڵه‌تێكی لیبراڵ دیموكرات یاخود نا. لێره‌شه‌وه‌ دیسان هه‌ڵپه‌ره‌ستی له‌ نه‌زمی میتۆدی یه‌كگرتوودا فره‌ به‌ڕوونی ده‌خوێنرێته‌وه‌.

پێش ئه‌وه‌ی بچینه‌ ناو ورده‌كاریی بنه‌ما سیاسیه‌كانی پرۆگرامی یه‌كگرتوو. ده‌توانین به‌گشتی دان به‌و راستییه‌دا بنێین، كه‌ له‌پاش به‌هاری عه‌ره‌بی و سه‌ركه‌وتن و جموجوڵی ئیخوانه‌كان له‌میسرو چه‌ند وڵاتێكی تری عه‌ره‌بی، هه‌نگاوی په‌له‌ له‌ گۆڕان له‌ میتۆدی یه‌كگرتوودا ده‌بینرێت و جۆرێك له‌ توندبوونه‌وه‌و وازهێنان له‌ چاو پۆشی ده‌بینرێت...بۆ نمونه‌ له‌ ئه‌دای كاری سیاسی بزوتنه‌و ئیسلامییه‌كاندا له‌ كوردستان بۆنمونه‌ كۆمه‌ڵ و بزوتنه‌وه‌ی ئیسلامی له‌ كوردستاندا، هه‌ست به‌وه‌ ده‌كرێت له‌دوای پرۆسه‌ی ئازادیی عیراقه‌وه‌ جۆرێك له‌ خۆگونجاندن و ملدان به‌ كاری سیاسیی و هێوربوونه‌وه‌ی ده‌ماره‌كانی توندڕه‌وی ده‌بینرێت و ئێستا ته‌نها دوو پارتی شلڕه‌ون و به‌س. ئه‌وانی دور له‌ په‌رله‌مان، ئیستا له‌په‌رله‌مانن.

ئه‌وانی دور له‌ بنكه‌و باره‌گای مه‌ده‌نی و دانوستان و دیالۆگ، ئێستا له‌

گردبوونەوەیەک دواناکەون، بەڵام بەپێچەوانەوە لەناو یەکگرتوودا پێچەوانەی ئەم نەزمە دەبینرێت. کاتێک ئیخوانەکانی میسر بندەستی موبارەک بوون، ئەوانیش لێرە هەرچەند بواری کاریان بۆ رەخسابوو، بەڵام رۆحییەن هەستیان بەو ئازارە دەکردو زەلیل نومایان دەبوون، بەباڵا دەستبوونی مورسی بۆ تەختی میرایەتیی میسر. لە هەندێک شوێندا تەقەی خۆشیانکرد. ئەم میکانیزمی هەستان و دانیشتنە، ئەم ئاڵوگۆڕە لە توندییەوە بۆ شلی، یان لە شلییەوە بۆ توندی وەک ئێستای یەکگرتوو، جۆرێکە لە هەلەپەرستی و سیاسەتیکی ماکیاڤیلیانەیەو رێک کاریگەرە بە مۆدیلی حزبایەتیی ستالین- لینینیی، کە لە دوای جەنگی جیهانی دووەمەوە رۆژهەڵاتی ئیسلامیی گرتەوە، تەنانەت شێوازی داڕشتنی پەیڕەوی یەکگرتوو، لە ئیستای دوایین کۆنگرەشدا، جودا نەبوو لەو داڕشتنە حزبیەی، کە پارتێکی ستالینی لە شوێنێکی وەک یەمەن یان ئەفریقای باکوردا لێی تێگەیشتبوو.

هەربۆیە لە میتۆدی یەکگرتوداو لەبنەماکانیدا بەتایبەت لە بنەمای یەک و دوودا، هەم دیوی پێچەوانەو هەمان دیوی ناتەباو خەڵەتێنەر دەبینین. بۆ نمونە لە بنەمای یەکەمی پەیڕەوی یەکگرتوودا هاتوە: بنەما نەگۆڕەکانی ئیسلام مەرجەعی کاری سیاسی و سەرچاوەی لێوەرگرتنی بەهاکانە. لەبنەمای دوودا هاتوە: ئیسلاح دیدێکی دیاریکراوە بۆ کاری سیاسی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەو گۆڕانی ئاشتیخوازانە. لەم دوو بنەمایەدا پێکنەگونجان هەیە، چونکە کە ئیسلام بنەمای نەگۆڕو سەرچاوەو مەرجەعی کاری سیاسی بوو. ئەوکات دەبێت کار بۆ شۆڕش بکرێت، نەک بۆ ئیسلاح. وەک عەباس مەحمود عەقاد لە وەسفی رەهەندی سیاسیی ئیسلامیدا دەڵێت: لە ئیسلامدا شۆڕش دژ بە سیستمەکان دەخوازرێت. بنەمایەک بۆ چاکسازی لە کۆمەڵگەدا نییە. بۆ نمونە خواستی پێغەمبەر خواستێکی شۆڕشگێری بوو، نەک ئیسلاح، چونکە لە رەگەوە بەرامبەر نەخوازراو بوو. لە بنەمای یەک و دووی یەکگرتوودا ئاڵوگۆڕی ئاشتیخوازی ناکرێت، لە کاتێکدا تۆ تەنها ئیسلام بەمەرجەعی کاری سیاسیت بزانی، بەڵام دەکرێت ئیسلام بکەیت بنەمای عیبادەت و عەقیدەت، ئەگەر نا کاتێک کە ئیسلام بووە بنەمای کاری سیاسی، ئەوکات واتە ئیسلاحی بەرامبەرت ناوێت، بەڵکو بڕینەوەی بەرانبەر میکانیزمی کارەکانتە. هەروەک ئەوڕۆ لەهەوەڵ هەنگاوی ئیخوانەکانی میسردا

ئەم ئەزمونە دەبینرێت و پەلە دەکرێت بۆ جێکردنەوەی پرەنسیپە سیاسییەکانی ئیسلام، نەک پرەنسیپە تەوحیدی و بیروباوەڕییەکانی ئیسلام. بۆنمونە مورسی دەڵێ: ئێمە میسر وەک وڵاتێکی گەشتیاری دەهێڵینەوە.

که ئاشکرایە دوای گەشت بۆ هەرەمەکان (٥٠%)ی گەشتەکانی میسر پەیوەستە بە یانەکانی شەوانەوە، بەڵام ئامادەنییە ساڵێک تێپەڕێت بەسەر مانەوەی دەستوردا، وەک خۆی و بەئاشکرا سیاسەتی ئیخوان لە دەستوردا، یاخود وەک بیرمەندانی سیاسی دەڵێن دەستوری ئیخوانی لە دەستوری میسردا دەبینرێت.

هاوکات دیسانەوە جۆرێک لە نەزمی نەرمونیانی لە بەرگێکی مۆدێرنەدا دەبینرێت و لە ناوەڕۆکدا وردبوونەوە لەبەندەکان دیسانەوە نمای توندوتیژی لای بەرامبەر دەگەیەنێت. بۆ نمونە لە بەندی شەشەمی پەیڕەوی یەکگرتوودا هاتوە: شورا بەهایەکی باڵای ئیسلامە و جێبەجێبوونی لەژیانی سیاسیی هاوچەرخدا، پەیوەستە بە سودوەرگرتن لە میکانیزمی دیموکراسی وەک شێوازێکی عەمەلی بۆ گەیشتن بە بڕیارە حکومییەکان و هێنانەدی شەرعیەت و بەشداریی سیاسی و دەستەبەرکردنی ئازادییەکان. یەکگرتوو لەم بەندەدا بە ئاشکرا نەیتوانیوە دیوی ناوەوەی ئەجێنداو میکانیزمی سیاسەتی بشارێتەوە. لەم بەندەدا دیموکراسی تەنها وەسیلەیەکەو رێگەیەکی سود وەرگرتنە بۆ چەسپاندنی شەریعەت. ئیدی لە قۆناغی دوای چەسپاندنی شەریعەتدا، رێگەکە ونەو باسنەکراوە. ئیدی لە چەسپاندنی شەریعەتدا ئامانجەکە دێتە پێشەوەو رێگەکە کە دیموکراسییە رەش دەکرێتەوە، ئەگەر نا لە شەریعەتدا روونە کاروباری شورا چیەو بۆ چیە؟

لە چەسپاندنی شەریعەتیشدا روونە دیموکراسی شوێنی کامەیەو چیە، لەم خاڵەشدا یەکگرتوو هەڵەیەکی زەقی کردوەو لەبەهای دیموکراسی کەمکردوەتەوەو وەک قۆناغێکی کاتی لە پرسی دیموکراسی دەڕوانێت. کە ئەمەش هەموو ئەو بۆچوونانە پشتڕاست دەکەنەوە، کە بەگومانەوە لە ئەدای میانەڕەوەی یەکگرتوو دەڕوانن و پێیانوایە نەرمڕەویی ئەوان قۆناغێکەو بەس وابەستەیە بە سچیوەیشنی رۆژەوە، یاخود ئەم نەمەتی بیرکرنەوە لە دیموکراسی، رێک هاوشێوەی جۆرێک لە بیرکردنەوەی بیوریتانە مەسیجییەکانی ئەمەریکای سەرەتای سەدەی بیستە، کە لە زیهن و ئیمانیاندا بڕوایان بە وەرگێڕانی حەرفی ئینجیل هەبوو، وەلێ لە

کاروباری رۆژانەدا، گرێبەستیان لەگەڵ یانەکانی شەوانەدا دەکرد، تا شوێنی خۆیان لەڕووی مادی و کۆمەڵایەتییەوە بکەنەوە.

وەک لەسەرەتاوە وتمان لە پێناسەی یەکگرتوودا، نەتەوەی کورد وەک نەتەوە باسنەکراوەو گرفتی کورد وەک گرفتی ئابوری و سیاسی و کۆمەڵایەتی باسکراوە، نەک وەک گرفتی نەتەوەیی و ناسنامە. یەکگرتوو لە پرۆگرامیدا کوردی وەک ناسنامە نەناساندوە. تەنانەت لە باسکردنی کلتورو رۆشنبیری و فەرهەنگ و کەلەپوریشدا نمایەکی ئیسلامیانەو ئومەمیانە پیشاندەدا.

بەبێ ئەوەی چەمک یان رافەیەکی باو هەبێت، ئەم گوتارەی یەکگرتوو شوێن بکاتەوە؟ بۆ نمونە لە بنەمای چواردا بەم جۆرە تایبەتکارەکان باسدەکات: کەلەپور و مێژووی ئیسلامیی ئەزمونێکی بەشەری سنوردارە بەکات و شوێن لە مێژوودا و رادەی سودلێوەرگرتنی پەیوەستە بە ئاستی وەڵامدانەوەی بۆ پێداویستی و کێشەکانی سەردەم. بۆ کەلەپورو مێژووی ئیسلامی؟ ئەی ئەو نەتەوە سەربەخۆیە، کە لە بنەمای چواردەدا باسیکراوە: گەلی کورد لەڕووی نەتەوەیییەوە نەتەوەیەکی سەربەخۆیە؟ بۆچی خۆ دزراوەتەوە لە هەموو ناوهێنانیکی کەلەپوری و فەرهەنگی و زمانەوانیی کورد.

ئەسڵەن یەکگرتوو لە هیچ بنەمایەکدا ئاماژەی بەزمان، مێژوو، کەلەپور، گۆرانی، نوسینی کوردی نەکردوە، یان خۆی لە قەرەی جوگرافیای کوردستان نەداوە، گەر ئەم تایبەتکارانە لە بەندێکی پرۆگرامی پارتێکدا، کە گەورەترین کێشەی نەتەوەیی هەیە، شوێنی نەبێتەوە، ئیدی بۆ چ دەبێت تەنها تایبەتکاری ئاینی باس بکرێت و کەلەپوری ئیسلام و مێژووی ئیسلام بخرێتەڕوو؟ تەنانەت ئەم ئامانجەی یەکگرتوو لەم بەندەدا، هەموو رەگەزێکی شەریعەتی تێدا ونەو وەک وتمان رەهەندی سیاسی ئیسلامی زۆر زاڵە لەبەندەکاندا، کە لەچەند شوێندا دوپاتکراوەتەوە. لە پەیڕەوی ئیخواندا رەهەندی عەرەبی دەبینرێت، بەواتای مێژووی عەرەبی، یاخود کەلەپوری عەرەبی و زمانی عەرەبی.

گەر لە ئەدا سیاسییەکەدا میتۆدەکە هەمان پیناسەی ئەوانی هەیە، ئیدی بۆ لە ئەدا قەومییەکەدا ئەو هەموو تایبەتکارە کوردییە فەرامۆشکراوە. گەر لە پارتیکی ئیسلامیدا دەستبردن بۆ چاکسازی و میانەڕەوی کاری سەرەکی بێت بۆچی

زمان و نوسین و خاک و کلتوری نەتەوەیی کوژراوەو باسنەکراوە؟ دیسانەوە مەهزەلەی گەورە لە بنەمای چواردەهەمدا هەستی پێدەکرێتەوە، کە بەئاشکرا جاڕی زەوتکردن دراوە. ئەو زەوتکردنەی لە هەمان پڕۆگرامدا و لە بنەمای نۆدا هاتوە: ئازادی بەهایەکی ناوەندیی مرۆڤایەتیەو بەرجەستەکاری رێزگرتنی خوای گەورەیە بۆ مرۆڤ.

بەڵام ئەم بەرجەستەکارییەی ئازادیی یەکگرتوو لە بنەمای چواردەهەمی پڕۆگرامەکەیدا پێی پیادەنێت و زەوتی دەکات. بۆ نمونە هاتوە: گەلی کورد لەڕووی نەتەوەییەوە، نەتەوەیەکی سەربەخۆیە و، لەڕووی ئاینیشەوە بەشێکە لە ئوممەتی ئیسلامی و مافی یەکسانیشی لەگەڵ سەرجەم نەتەوەکانی تردا هەیە، بە مافی چارەنوسیشەوە، ئیسلام و کوردبوون و کوردستانیبوون، سێ ڕەگەزی سەرەکیی ناسنامەی گەلی کوردستانن. گەلی کورد لەڕووی ئاینەوە پەیوەستە بە ئومەتی ئیسلامەوە... لەکاتێکدا لەناو نەتەوەی کورددا، کوردی جولەکە و مەسیحی و کوردی یەزیدی و کاکەیی، تەنانەت زەردەشتیمان هەیە، کە پەیوەست نین بە ئومەتی ئیسلامییەوە، بەڵکو کوردن و ئاینی دێرینی کوردستانن.

بە چ پێوەرێک ئەم گشتاندنە دراوە. ئایا ئەوە نوسینێکی زانستیی و راستی و ئاینیە، یاخود نوسینێکی سیاسییە. لە راستیدا ئەوە تەنها گوتارێکی سیاسییەو بەس. ناو نەهێنانی هەریەک لەو نەتەوانەی، کەمانای فرەیی و ئەدای جوانی دیموکراسی داوەتە هەرێمی کوردستان، دیسانەوە نیازو مەکرێکی ترسناکی ئەم هێزەیە، کە لە کەمترین وردبوونەوە لەم هێزەدا، دەتوانین هەستی پێبکەین , لەلایەکی تریشەوە کوێرکردنەوەی ئەو ئاسەوارانەیە، کە بەعس بۆ خۆیکوێری دەکردنەوە. بە خوێندنەوەی پەیڕەوی پارتە لائیکەکان، بەتەواوی دانەنراوە بە بوونی ئاینی ئەو نەتەوانەداو ناویان هێنراوەو وەک بەشێکی ئەکتیڤ لە نەتەوایەتیی کورد باسکراون، بەڵام خۆدزینەوە لە ناوی ئەو کەمایەتیە نەتەوەیی و ئاینییانە دیسانەوە رووەکە بۆ خوێنەر خاوێنتر دەکاتەوەو رادەی ئایدۆلۆژی و سیاسیی ئەم هێزە پەخشانتر دەکات. بۆنمونە یەکگرتوو لە بنەماکانی دەو یازدەدا، جەختدەکاتەوە سەر هەوڵدان بۆ پشتیوانیکردن لە نەتەوەکانی تورکمان و کلدۆ ئاشور، بۆ نمونە هاتوە: پشتیوانیکردن لەمافەسیاسی و مەدەنی و رۆشنبیرییەکانی

گەلی تورکمان، پشتیوانیکردن لە مافە سیاسی و مەدەنی و رۆشنبیرییەکانی نەتەوەی کلدو ئاشور، بەڵام بەهیچ جۆرێک ناوی کەمینە ئاینییەکانی کوردستان بۆ نمونە کاکەیی و یەزیدی و جولەکە و مەسیحی نەبراوە.

بەبڕاوی من دیسانەوە لە کارنامەی ئەم مینۆدەدا رەهەندی ئاینیی لە دەرەوەی رەهەندی سوننی ئیخوانی نابینرێت، ئیدی نەتەوە بوونەکە گەر عەرەب و تورکمان و کلدۆ ئاشوری بێت، ناداث لە بەرژەوەندییە ئیسلامییە سیاسییەکەی یەکگرتوو. هەر بۆیە گرنگ نییە هەموو کەرکوک تورکمان بێت، بەڵام بۆ یەکگرتوو کارەساتە گەر بوترێت کەسانێک هەن لە کوردستاندا یەزیدین. ئەم نەزمەش ئیسلامی کلاسیکی و ئیسلامی کوردەواری نەبووە بەمایەی مەترسی بۆ سەر پێکهاتەیان، بەڵام لە ئیسلامی سیاسی هەمیشە کەمینەی ئاینی بەچاوی بێزراوەوە تەماشایکراوە. لەلایەکی تریشەوە باسکردن لە بەندی (دە)، کەباس لە تورکمانەکان دەکات، جگە لەوەی رازیکردنی تورکیای لێدەخوێنرێتەوە، هیچی تری تێدا بەدیناکرێت. ئەمە لەلایەک، لەلایەکی ترەوە ئەم پەیڕەوەی یەکگرتوو، کە لەماوەی شەش کۆنگرەدا، هەموو کات گۆڕانی ئەوتۆی بەخۆوە نەدیوە، پەیڕەوێکە زۆرینەی بەندەکانی کە بەندگەلێکن لەدەرەوەی کاری حزبیبووندا، دەخرێنە بواری جێبەجیکردنەوە، بۆ نمونە لە بواری مەسەلە ئابوری و کۆمەڵایەتییەکاندا، یاخود لە بواری کۆمەڵایەتیدا بەندەکانی مینۆدی یەکگرتوو، بنەما گەلێکی باسکردوە، کە لەچوارچێوەی ئەرک و کاری حکومیدا بەڕێوە دەچن باسکردنی ئەم خاڵانە لە مینۆدێکی حزبیدا خۆی لە خۆدا تێکەڵکردنی فاکتی حزبیە بە بوارە حکومییەکان و تێکەڵکردنی ئەم نەزمە حزبیەیە کە یەکگرتوو وەک هێزیکی ئۆپۆزسیۆن لێی یاخییەو داوا دەکات حزب و حکومەت لێک جودا بن.

لە دوایین مینۆدی یەکگرتوودا بەشێوەیەکی روون بۆچونە و کاری یەکگرتوو بۆ ناوچە جێناکۆکەکان و دابڕاوەکانی هەرێم باسنەکراوەو هیچ ئاماژەیەک بەناوی کەرکوک، کە گرفتێکی لەمێژینەی کوردە لەگەڵ میریدا، نەهاتووەتە نووسین. ئەم ناو نەهێنانەی گرفتی کەرکوک و ناوچە کوردییەکانی دی.

دیسانەوە بە ئاشکرا رازیکردنی هەندێ تەوژم و تەیارو وڵاتی دراوسێ لەخۆ دەگرێت. لەوانە تورکیاو هەندێ هێزی سوننی عەرەبی عیراق، چونکە

سەیرە هێزێک گەورەترین گرفتی مێژوویی نەتەوەکەی لە مینۆدەکەیدا باس نەکات و چاوی لێبخەوێنێت. بەبڕوای چاودێران هەمیشە کەرکوک بۆ لێدوان و نوسین و ئەدەبیاتی حزبی یەکگرتوو جۆرێک لە ئیحراجی پێوە دیاربووەو نەخوازراوە خۆ لەو گرفتە نەتەوەییە بدریت و لێرەولەوێ لە بزاوتی نەتەوەیی ناوچە جێناکۆکەکان دزراوەتەوە. گەر ئەم هەڵوێستەی پارتێکی ئیسلامیی کوردی، وەک یەکگرتوو بەراورد بکەین، بە هەڵوێستی مینۆدی پارتێکی ئیسلامیی سوننی وەک فەلەستین، لەوانە حەماس و جیهاد، یاخود تەنانەت پەیڕەوی ئیخوان موسلمین، دەبینین ئەوان بەئاشکرا لەسەر ئاریشە نەتەوەییەکەی عەرەب کۆدەنگن و زۆر بەروونی لە مینۆدیاندا شوێنیان کردوەتەوە، تەنانەت ئیخوان موسلمین بەبنەمایەکی سەرەکیی ئاماژەی بەچارەنوسی ناوچە داگیرکراوەکانی فەلەستین کردوە، بەڵام لە روانینی یەکگرتوودا ئەم ئاماژەنەدانە هەم قازانجێکی سیاسی تێدایە، لەوانە رازیکردنی ئەم و ئەو، هەمیش تۆخکردنەوەی ئەو هەستەیە کە پیرۆزییەکان، هەر دەبێت پیرۆزییەکی ئاینی بن و باسکردن لە هەر بنەمایەکی نەتەوەیی هەمیشە لایان بواریکی ئیحراجکەرو کاتی بووە.

سەرەڕای هەموو ئەو کەموکوڕییانە دەکرێت، بڵێین کاری یەکگرتوو لە ژیانی سیاسیداو لە ئەدەبیاتی رێکخستنەکانیاندا جیاوازە لەو بنەمایانەی لە مینۆدیاندا گوزارشتیان لێدەکرێت. ئەمڕۆ یەکگرتوو لە هەمووکات زیاتر لە کزی و لاوازیدایە، لەکاتێکدا بەبڕوای چاودێران بەسەرکەوتنی مەرجەعە سیاسییەکانیان لە میسرو تونس و چەند وڵاتێکی عەرەبیداو وریابوونەوەیان لە جیهاندا دەبوو زیندوتر لە جاران بێنە پێشەوە، بەڵام وەک تێبینی دەکرێت یەکگرتوو لەسەر ئاستی کوردستان، وەک ئەوەی چاوەڕێ دەکرا، نەیتوانی بێنە پێشەوە، بەڵکو لە ململانێکردن بۆ ئەوەی ببێتە هێزی دووەمی کوردی. ئەمڕۆ لەناو هێزە لائیکەکاندا، یەکگرتوو هێزی چوارەمەو لەناو هێزە ئیسلامییەکانیشدا مەترسیی لەدەستدانی پلەی یەکەمی نزیکبووەتەوە. بەتایبەتی لە پاش سەلاحەدین موحەمەد بەهادین ئەم هێزە لەڕووی گەرموگوڕیی رێکخستنەوە ساردبوونەتەوەو بنکەی جەماوەرییان هەژارتر دەبینرێت و راگەیاندنیان، لە دوای هەمو راگەیاندنە حزبیە کوردییەکانەوەیە.

ئیخوانی کوردی بەپێچەوانەی ئیخوانی دونیاوە، پابەندترن بەمیسرەوە، بەڵام لاوازتر دەردەکەون و لەبەهاری عەرەبیدا بەپێچەوانەی هەمو لقەکانەوە، تەنها لە کوردستاندا کەساس و بێ زەوقییەک بە یەکگرتووی نوێنەری ئیخوانەوە دەبینرێت. یەکگرتوو ئێستایش ئەندامانی گۆشدەکرێن بە گوتارەکانی دکتۆر موحەمەد بەدیعی ئەمینداری گشتی و محەمەد مەهدی عاکفی رێبەری پێشوی ئیخوان و ئیبراهیم مونیری میسری، کە دانیشتوی لوبنانەو وتەبێژی ئیخوانە لە ئەوروپاو دکتۆر راشید غەنوشی رێبەری راپەڕینی تونس و ئیسلامی. ئەم پابەندیەی یەکگرتوو بەم بیرمەندانەوە، پێچەوانەی وڵاتانی عەرەبیە، لەوانە وڵاتانی کەنداو و سعودیە، کە پابەندبوون بە ئیعازی ئیخوانەوە بوو، بە کارێکی نەشیاو لە ئەدای کاری ئیسلامیدا لەگەڵ ئەوەشدا جموجوڵی ئیسلامیان بەهێزتر دەبێت، بەڵام بەپێچەوانەوە تا ئێستاش بێجگە لە هاریکارییەکی دارایی ناڕوون و پڕ لە تەم و موعەمما، هیچ بەرژەوەندییەکی تر لە نێوان ئەم دڵدارییە سیاسییەی نێوان ئیخوان و یەکگرتوودا نابینرێت.

ئایا دەبێت سیحری ئەو پەیوەندییە لە چیدا بێت و ئەو براگەورەییەی میسر بەسەر ئەماندا لە چ بەرژەوەندییەکی زەبەلاحەوە سەرچاوەی گرتبێت؟ لەکاتێکدا دیوێکی تری پرۆگرامی نوێی یەکگرتوو بەبڕوای ئێمە ئەوەی لێدەخوێنرێتەوە، کە نەک دژایەتی هەندێ لە پرەنسیپی نەتەوەیی کوردی کردوە، وەک زمان و سنوری جوگرافی، لەهەمانکاتدا جۆرێک لە دژایەتیی خودی ئیسلامییەکان بەم پەیڕەوەوە دەبینرێت. یەکگرتوو لە بنەماکانیدا هەمیشە ئەوە دەخوێنرێتەوە، کە دەیەوێت دەستی چەوری تیرۆر بساوێت بەسەر هاو رێبازە ئیسلامییەکانی تریدا. لەم میتۆدەدا ئەوە دەبینین کەلە بەرگی میانەڕەویدا گەرەکیەتی توندڕەی بداتە ئەوانی تری هاوپیشەی. لەم میتۆدەدا پرسی تیرۆر لە تێگەیشتنی یەکگرتوودا، تەنها بەستراوە بە توندڕەوی و شلڕەوییەوە، لەکاتێکدا ئەوە نابێتە جیاوازی، لەکاتێکدا مەرجەعی کارکردنی تۆی نەرمڕەو لەگەڵ ئەوی توندڕەو لە میتۆدەکەتاندا هەر ئیسلامەو هەردوکیشتان بڕواتان بە دیدی سیاسیی ئیسلامی هەیە لە ئەزمونی ژیاندا. ئەم مەهزەلەیە لەبەردەم بیرمەندو رۆشنفکراندا مایەی پێکەنینە. ئەم خۆجیاکردنەوەی یەکگرتویش هێندەی خۆدزینەوەیەکی سیاسییە، هێندە رازیکردنی

تویژەر نییە بە شێوەیەکی زانستی، تا پێناسەی تیرۆر بکات و لە ئیسلامی دابماڵێت، بەڵکو یەکگرتوو لەم میتۆدەیدا نایەوێ تیرۆر لە ئیسلام دابماڵێت، بەڵکو دەیەوێت تیرۆر لە ئیسلامی میانڕەو دابماڵێت، چونکە گەر تیرۆر لە ئیسلام جیاکرایەوە، ئەوا هەموو ئیسلامییەکان پاکبوونەتەوە لەم تەنگژەی دنیای ئەمڕۆ،ئەوکات بوونی یەکگرتوو لەمەیدانەکەدا، دەبێتە بوونێکی لاوازو خەڵکی تریش لەگەڵ ئەودا هەنە.

بەم جۆرە دەتوانین بڵێین ئەم میتۆدەی یەکگرتوو هێندەی میتۆدێکی سیاسی و ئایدیۆلۆژییە، قەد نابێتە میتۆدێکی زانستی و گشتگیر بە پارتێکی سیاسیی مۆدێرن لەناو بزاوتە سیاسییەکەی ئەمڕۆی کوردستاندا. هاوکات هێندەی ویستراوە چەند راستییەکی دیارو هەنوکەیی بشارێتەوە، قەد نەویستراوە رێگری لەو ناپاکی و دادگەریانە بکرێت، کە کورد وەک نەتەوە رووبەڕووی بووەتەوە. هاوکات هیندە تەقلیدی بەشێک لە سیاسەتەکانی ئەولایە بۆ مەبەستگەلێکی تەسکی ناپێویست بە کۆمەڵگەی کوردی، قەد تەقلیدی بەها زانستی و ئەخلاقییەکان و خەمی نەتەوەیی لەمێژینەو هەنوکەیی ئێستای کوردی نەبووە. لەگەڵ ئەوەشدا میتۆدەکە جیا نییە لە چەند بەندو بنەمایەکی دروست و زانستی و چەندین خاڵی گەورەو مەزنی تێدایە، کە دەکرێت لە خوێندنەوەیەکی تردا جوانییەکانی ئەم میتۆدە جێگە بکەینەوەو توێژینەوەی لەبارەوە بکەین.

هەمیشە تەوژمی سەلەفی لەبەرامبەر میتۆدە ئیخوانییەکاندا و لەتەواوی لقو پەلەکانیان لەدنیای ئیسلامدا گلەییەکی جدی دەکەن، بەرادەیەک دەیگەیەننە ئاستێک دەستبەرن بۆ ناتەبایی تەوحیدو عەقیدەیان لەگەڵ پڕەنسیپە سەرەکییەکانی ئاینی ئیسلامو ئەهلی سوننەو جەماعەتدا. ئەوان لەبەرامبەر ناوەڕۆکی میتۆدیان لەگەڵ راستییەکانی کاری سیاسییان بەم جۆرە پێناسەی ئیخوان دەکەن:» ئیخوانەکان کۆمەڵەیەکی پراگماتیکیو ماکیاڤیلییانەنو وتەکانو دەقەکانی میتۆدیان دەربڕی قەناعەتی دروستییان نییەو بەکاوەخۆ تەنازول لە بیروباوەڕەکانیان دەکەن، بۆ مەبەستی ئامانجە سیاسییەکانیان».

بنەما سەرەکییەکانی میتۆدی یەکگرتووی ئیسلامیو ئامانجو میکانیزمی کاریان، سەبارەت بە پرسە نەتەوەییو کۆمەڵایەتیو ئاینیو سیاسییەکانیان بە

بەراورد بە ئەزموونی کاری سیاسییان، لە رابردو و ئێستادا، دروست راستیی ئەو گلەو گازاندە جدییەی سەلەفییەکان پیشاندەدات.

بەڵام سەلەفییەکان لە سۆنگەیەکەوە ناتەبان لەگەڵ میتۆدی ئیخوان، یان یەکگرتوودا، راستییە زانستییەکانی لێکۆڵەرێکی جدیش بەجۆرێکی دی ناکۆکە لەگەڵ بنەما سەرەکییەکانی میتۆدی یەکگرتوودا. لەبەشی یەکەمی ئەم کۆڵینەوەیەدا لەمەڕ میتۆدی یەکگرتووی ئیسلامی گەلێ کەسرو کەمی لە روانگە نەتەوەیی‌و جوگرافییەکەی نەهجی یەکگرتوودا خرایە روو. لێرەیشدا بەوردی شیکاری گەلێ خاڵی پەیوەست بە خۆلێڵکردنی سیاسیانەی یەکگرتوو دەخەینە ڕووکە لە بنەماسەرەکییەکانی یەکگرتوو، میتۆدی کاری یەکگرتوو، ئامانجەکانی ئەم هێزە سیاسییەدا رەچاوکراون.

بە خوێندنەوەیەکی گشتی ئێدەگەین کە میتۆدی یەکگرتوو نابەرابەرییەکی تێدایە لە روانگەی واقیعی بوونی یەکگرتوو وەک هێزێکی سنووردارى گچکە، لەگەڵ روانگەگەلێکی زلو گەورە، کە دروست لە میتۆدی کۆمەڵە ولاتێکی گەورە دەکات، نەک لە هێزێکی سیاسی‌و گچکەی سنووردار لە هەرێمێکدا.

هەمیشە میتۆدی پارتە رادیکاڵو راستەکان تایبەتمەندییان لەوەدا بووە، کە لە رواڵەتدا نومایانی پرسگەلێکی نائاشنایان کردووە بەواقیعی کاری سیاسی‌و کۆمەڵایەتی ئەو ژینگەیەی کە تێیدا پەلوپۆیان داکوتاوە. بەجۆرێکی دی میتۆدی پارتەکان لە دونیای سێدا، هەستێک نابەخشێنە کۆڵەر، کە جیاوازی بکات لەنێوان سەنگو قورسایی پارتێک بۆ یەکێکی دی، واتە میتۆدی پارتەکان هاو واتا نییە لەگەڵ واقیعی پارتەکەدا. ئەم پۆلێنبەندی‌و ئەو ئاماژەدانە بە بووارە فیکری‌و رۆشنبیری‌و سیاسییەکان، لەسەر ئاستی کوردستان‌و عیراق‌و دنیا لە میتۆدی یەکگرتوودا، دروست میتۆدی واقیعی هێزێک نییە، کە لە کۆی سەدان کورسی پەرلەمانی عێراق، دارای چەند کورسییەک بێت کە پەنجەی دەست دەژمێردرێن.

لەبەرئەوە بەپلەی سەرەکی میتۆدی یەکگرتوو لـەڕووی واقیعییەوە دوورەو لە بەندو بنەماکانیدا جۆرێک لە دارِشتنی تەعبیرو خەیاڵ زاڵەو سیاسەت ئەجێندایەکی دیارە لە راستی‌و دروستی کۆی ئەو ئامانجەدا کە دەیخەنە ڕوو.

**یەکەم : بنەما سەرەکییەکانی یەکگرتوو:**

● سەرەتا لەبنەماکانی یەکگرتوودا بەدروستی دانێکی ئاینی دەبینین، لە کۆی هەموو بنەما سەرەکییەکانی یەکگرتوودا، وەلێ لە خوێندنەوە بۆ هەریەکەیان داوێکی سیاسیی، کە تەعبیرە لە ئەجێندای کاری یەکگرتوو بەدیدەکرێت. بۆ نمونە لە کۆی 24 بنەمای سەرەکی مینۆدی یەکگرتوودا، وەک پارتێکی سیاسی هەمیشە ئاماژەدانێک بۆ ئاینی ئیسلام کراوە. ئەوە لەکاتێکدا یەکگرتوو لە پێناسەی خۆیدا ئیسلام تەنها وەک دیدێک دەبینێت و پێی وایە کە:

«حزبێکی ئیسڵاحی نیشتمانییە، تێدەکۆشێت لەپێناو چارەسەرکردنی کێشە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و رۆشنبیرییەکانی کۆمەڵگە لە دیدێکی ئیسلامیەوە» سەرەتا هەڵەی کوشندە لەم پێناسە حزبیەی یەکگرتوودا گرێدراوە بە کۆڵەکەی سەرەکیی کێشەی کوردەوە , دواتریش نابەرابەر دەبێت لەگەڵ بنەما سەرەکییەکاندا. هەڵەی کوشندە لەوە دایە، کە پێناسە حزبییەکەی یەکگرتوو کێشەی نەتەوەیی کوردیی نەخستووەتە سەردێڕەکەیەوە، چارەسەری کێشەی رۆشنبیریو سیاسیو ئابوریی ناکاتە گرفتێکی نەتەوەیی. بەدرێژایی حەفتاکان ئیسماعیل بیشکچی کۆمەڵناسی گەورەی تورک لە نوسینە سۆسیۆ سیاسییەکانیدا جەختی لەوە کردەوە، کە ئەجێندای چارەسەریی گرفتی کورد نایەتەدی، تا هەوڵی میریو رژێمە سیاسییەکانی تورکیا دان نەنێن بەکێشەیەکی نەتەوەیدا. ئەوان لە لێبوردنی گشتیی حەفتاوچوارەوەو لەسەروبەندی بەرنامە ریفۆرمئامێزە پێشنیارکراوەکانی چەپی ناوەندی بوڵند ئەجەویدەوە، باسیان لە گرفتی ئابوریو سیاسیو رۆشنبیریی لە باشوری رۆژهەڵاتی ئاسیادا دەکرد.

تەنانەت لە دەستووری 1961 دا شوێنیان کردبوویەوە. وەلێ لە رەوشێکی تاریکی وەک تورکیادا، تاریکاییەکە بەشی گەورەی لەوەدا بوو، کە دۆزی کورد وەک دۆزی نەتەوە سەیر نەدەکرا، بەڵکو وەک گرفتی کەمی خزمەتگوزاریو ئابوریو کەسری رۆشنبیری تەماشا دەکرا. کەچی یەکگرتوش دروست ئەم گرفتە دان پیانانێتو دروست خۆی لەئەسڵی دۆزی کورد ناگەیەنێت.

بەچاوخشاندن بەمینۆدی تـەواوی پارتە لائیکو ئیسلامییەکانی کوردستاندا بەچەپەکانیشەوە، وشەی نەتەوە لە پێناسەدا هێنراوەو گرفتی کورد

وەک گرفتێکی نەتەوەیی کە نومایانە. وەلێ یەکگرتوو یان بەنەزانی کتومت شوێن پێناسەی نەهجی ئیخوانی کەوتوون، جیاواز لە لقەکانی تری ئیخوان تایبەتمەندی خۆیان نەپاراستووە. بۆنموونە کۆنگرەی یەمەنی بۆ چاکسازی کە درێژبوونەوەی لقێکی ئیخوانە لەیەمەنو یەکەم بارەگای سەرەکیان لەو وڵاتە 1991 دامەزراوە لەسەردەستی کۆچکردو عەبدوڵڵای کوڕی حوسەینی ئەحمەر. رێک لە پێناسەیاندا ئامانجی یەکگرتوویی یەمەنو نەتەوەی یەمەنی خستووەتە پێشچاو وەک نەتەوەیەک . بەم جۆرە تێدەگەین ئەوان نەتەوەییانە ئیخوان بەیەمەنی دەکەنو یەکگرتویش لە شوناسیدا ئیسلامە کلاسیکیو سروشتییەکەی کوردەواری بەعەرەبی دەکات. ئەگەرێکی تر لە غیابی پەی نەبردن بەدۆزی کورد لە شوناسی یەکگرتوودا، خۆلێلادانێکی پێوەدیارەو زێدەتر لە راستییەوە نزیکە. ئەویش خۆی لە ئەجێندای یەکگرتوودا دەبینێتەوە، کە بەفعلی ئەجێندایەکی نەتەوەیی نییە. هەر بۆیە تەنها پارتێکی نەتەوەیی ناعەرەبە، کە شوێن تاجی بابردووی ئیخوان کەوتووە. ئەوە بۆخۆی راستییەکی نەشاراوەیە، هەر بۆیە هەرچەند پارتێکی ئیسلامییە هاوکات خۆی لە نەخشی تایبەتمەندیی ئاینیش لاداوەو وەک چۆن دۆزی نەتەوەیی نێوناباتە، بەڵکو لەپێناسەیدا هەوڵی چارەسەری گرفتە ئابوریو رۆشنبیریو سیاسییەکانی ناوبردووە لەدیدی ئیسلامیدا، وەلێ ناوی چارەی گرفتی ئاینی نەبردووەو ساچاوە بەو بەشەی کە عەرەب داویەتی.

چون گرفتی ئاینی کورد وابەستەیە بەتایبەتمەندییە کوردییەکەیەوە، کە دیسانەوە سەر بە بەها نەتەوەییەکەیە. تەریقەتەکانی کورد قادریو نەقشبەندی و تیجانیو سلێمانی هەڵقوڵاوی سیحری سروشتی کوردستانن. ئەو تایبەتمەندییە عەلی ئیلاهیو کاکەییو یەزیدیو شیعەی فەیلی لەدەورو خولی خۆی کۆکردووەتەوە. هەمیشە نەزمی عەرەبی بە شۆسیال عەرەبیەکانەوە تاعروبەو ئیسلامییە سیاسییەکانی دونیای عەرەبی حازر بەدەستبوون، تا تایبەتمەندی ئاینی نەتەوە ناعەرەبەکان بکوژن.

هەر بۆیە گرفتێکی دیاری نەتەوەیی کوردیش دووبارە دۆزی ئاینیو سروشتی ئاینی کوردبوو، کە دووبارە دەویسترا لەنێو ببرێت، هەربۆیە لەهەمان ئەجێنداوە ئیسلامییە سیاسییەکان گۆڕی شێخانی تەریقەتیان لەهەوراماندا دەردەهێناو

لەپیرۆزییەکانی ئەوانیان کەمدەکردەوە. یەکگرتوو لە بنەما سەرەکییەکانیدا زۆر رۆچووە بەهەندێک لەچەمکو واتادا بەشێوەیەک کە لە گرنگی ئەو چەمکانەی کەمکردووەتەوە.

بۆنموونە نوسراوەکە:» ئیسڵاح دیدێکی دیاریکراوە بۆ کاری سیاسی و بەڕێوەبردنی کۆمەڵگەو گۆڕانی ئاشتیخوازانە. ئەم دەربڕینە لەگەڵ دۆزی نەتەوەیی کورددا نایەتەوە، چونکە لەهیچ تەڤگەرێکی نەتەوەیی گەلانی بندەستی دونیادا، دروشمی ئیسڵاح ئامانجی سەرەکی نەبووە، بەڵکو گۆڕانی ڕیشەیی لەبەرامبەر دەسەڵاتو هێزی داگیرکەرو تۆتالیتارو تاوانباردا ئاتاج دەخوازێت. رێبەری رۆحیی هیند، مەهاتما گاندی کە دامەزرێنەری هزری ناتوندوتیژییە لە سیاسەتی نوێدا. هەمیشە دروشمەکانی دروشمی شۆڕش بوونە. لە بنەمایەکی تردا هاتووە:» کەلەپوور و مێژووی ئیسلامیی ئەزموونێکی بەشەری سنووردارە بەکات و شوێن لە مێژوودا و رادەی سوود لێوەرگرتنی پەیوەستە بە ئاستی وەڵامدانەوەی بۆ پێداویستی و کێشەکانی سەردەم «.

کەلەپوور، وابەستە نییە بەئاینەوە، دروست کەلەپوور رەنگرێژی نەزمی نەتەوەییە. لێرەشدا یەکگرتوو دەستی بردووە بۆ بنەمایەکی هەڵە. ئەزموونو مێژووی ئیسلامیش بەدرێژایی مێژووی کورد ئامادەیی نەبوو. مێژووی سیاسی ئیسلام لە ئومەوییەکانەوە کورد لەمەتەرێزیاندا بووە. ئیدی لە تەڤگەڕی خەواریجدا بووبێت یان لە شعوبییەکاندا تادەگاتە راپەڕینی شێخەکان، کە دووبارە یان دژ بە عوسمانی بوون یان سەفەویو ئەفشاری و قاجاری. ئەوانە نابنە ئەزموونو نابنە وەسیلەیەک بۆ کەڵک وەرگرتن، بەڵکو زیادەیەکی سەپێنراون لەمێژووی کورددا. لەبنەمایەکی دیکەدا یەکگرتوو بەتەواوی مینۆدەکەی هاوجوت دەکات لەگەڵ مینۆدێکی هێزێکی رادیکاڵو راستڕەوی توند، کە بازنەی کاری سیاسی تەنها لە مەرجەعێکدا دەبینێتەوە. بەدروستی مەترسیی یەکگرتوو لەم بەندەدا بیانووی بۆ ناهێنرێتەوە، کە دەڵێت:» شورا بەهایەکی باڵای ئیسلامە و جێبەجێبوونی لە ژیانی سیاسیی هاوچەرخدا ، پەیوەستە بە سوود وەرگرتن لە میکانیزمی دیموکراسی وەک شێوازێکی عەمەلی بۆ گەیشتن بە بڕیارە حکومییەکان و هێنانەدی شەرعیەت و بەشداریی سیاسی و دەستەبەرکردنی ئازادییەکان».

دروست یەکگرتوو کاردەکات، تا لەمیکانیزمی دیموکراسیدا شەریعەت بەدیبهێنێت، کەواتە دیموکراسی تەنها وەک وەسیلەو وەک چەکێک تەما شادەکرێتو هێنادییەکانیش وەک ئامانجێک لە شەریعەت دایە. راستەو راست لێرەدا پێناسەی یەکگرتوو هەر لەخودی مینۆدەکەیدا حاشای لێدەکرێت کە ئیسلام وەک دیدێک تەماشا دەکرێت. لەراستیدا دیدی ئیسلامی جیاوازە لە ئامانجی ئیسلامی، لەبەرئەوە ئەم نابەرابەرییە دیسانەوە حەشاردانێکەو بەسو لەئاکامی نەزانینەوە نییە، بەڵکو دەست ئەنقەستە، چونکە لەبەدیهێنانی شەریعەتدا لە دیدی هەموو تەڤگەرە سیاسییە ئیسلامییەکانەوە، لەپێش هەموویانەوە لەدیدی مەودودوی، حەسەن بەنناى رێبەری هزرو هێزی ئیخوانییەوە، دیدێکی دەوڵەتدارییەتی ئاینییە. کە دنیایەکی دوورە لەو نەمەتە سیاسییەی هێزێکی مەرجەع ئاینیی وەک دادو گەشە پێدان دەیخوازێتو دەیکات لەتورکیا، بەڵکو پوختو پاک رێگەی یەکگرتوو بردنەوەیە بۆ سەر رێگەی ئەو تەیارە نەزم قاعیدیانەی کە لەدنیای عەرەبدا سەوداسەری خەلافەتو خەیاڵی ئەو ئەزموونە ئیسلامییەن، کە لەبەندی پێشوتردا باسمانکرد.

هاوکات پێچەوانەی خودی بنەمای دوای ئەوە کە دەڵێت:» گەل سەرچاوەی دەسەڵاتەکانە و لەڕێی نوێنەرە هەڵبژێردراوەکانییەوە و بە گوێرەی دەستوورێکی مەدەنی فەرمانڕەوایی بەسەر خۆیدا دەکات «، چونکە دەستوری مەدەنی لەچەمکی سیاسیدا لەگەڵ ئامانجی هێزێک یەکناگرێتەوە ، کە بەدیهێنانی شەریعەت لە کەللەی دایە، هەر بۆیە لەم دوالیزمییەدا مەکری یەکگرتوو ئاشکراتر بەدیدەکرێت، چونکە ئەم نوسینانە لەمینۆدی بزووتنەوەی ئیسلامی، یان کۆمەڵی ئیسلامیدا نیین. ئەوان دروست ئاماژەیان داوە پارتێکی ئیسلامینو سەرچاوەی هێزیان ئەهلی سونەتو جەماعەتەو قورئان مەرجەعی یاسایانە.

وەلێ لە مینۆدی یەکگرتوودا دور تانزیک نێوی قورئان نەبراوە، کەچی لێوانلێوە بەنێوی دیموکراسیو دەساودەستی دەسەڵاتو دەستووری مەدەنیو ئازادی، بەڵام دوواجار ناڕاستەوخۆ هەموو ئەوانە دیلی بەدیهاتنی شەریعەت دەکات. هاوکات یەکگرتوو لە چەند بنەمایەکی تریدا، دێتە سەرباسی مەسەلەی ژنو وەک بنەمایەکی کاری حزبی ئاماژەی پێدەکاتو دەڵێت:» خوای گەورە مافی

ژیان و ئازادی و گەڕان بەشوێن بەختیاریدا بەهەموو مرۆڤێک بەخشیوەو بۆ هیچ کەس و هێزێ نییە لێی زەوت بکاتْ».

هەروەها دەڵێتْ:» ئافرەتْ و پیاو دوو رەگەزی تەواوکەری یەکتر و لە ماف و کەرامەتدا یەکسان بە رەچاوکردنی تایبەتمەندییەکانەوە». یەکگرتوو لەبنەماکانیدا تەنها بەو جۆرە شاراوەییەو لەشێوەی داڕشتنێکی وشکدا نێوی ئافرەتی بردووە. خاڵی سەرەکی لێرەدا ئەوەیە، کە یەکگرتوو زیاد لە نیوەی ئەندامەکانی خوشکانی ئیسلامینو لەنێو ئەواندا زێدەتر رێکخستنەکانی پەرە پێداوە. دیارە کە نەبوونی ئەم بنەمایە بۆخۆی مایەی یەکسانی ئەو دوو رەگەزەیە کەباسی دەکاتْ، چونکە ئۆتۆماتیکی نێوبردنی ئافرەتْ لە یەک بەندا لە کۆی بیستْو چوار بنەما.

تایبەتکردنو پچوکردن، یان جیاکردنەوەی دۆزی ژنە و داماڵینییەتی لەئەرکو مافە یاساییو سیاسیەکانی دی، کە لەبنەماکانی دیدا هەیە، هەربۆیە دەکرێتْ بڵێین مینۆدی یەکگرتوو بەرامەیەکی پیاوسالاری پێوە دیـارەو لەو سۆنگەیەوە ئافرەتی لە بنەمایەکدا شوێنکردووەتەوە.

هاوکاتْ غیابی لاوانو منداڵانو چینو توێژەکانی دی، بۆنمونە قوتابیان لەبنەمای کاری یەکگرتوودا ئاماژەیان پێنەکراوەو باس نەکراون.

**دووەم: ئامانجەکان**

یەکگرتوو گەلێ ئامانجی سیاسیو فەرهەنگیو ئابوری لەمینۆدەکەیدا شوێنکردونەوە. یەکگرتوو بـەوردی زۆرێـک لەبوارەکانی بەئامانج گرتووە. کە لەزۆربەیاندا دەستەواژەی هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی ئامانجەکانی بەکارهێناوە، لەوانە فراوانکردنی رۆڵی مزگەوتْو پاڵپشتیی بانگخوازە ئیسلامییەکانو پەروەردەی ئیسلامیو زیادکردنو پاراستنی نەخشی خێزان، بەڵام ئەوەی ئامانجەکانی یەکگرتوو لەئامانجی پارتە سیاسییەکانی دی جودا دەکاتەوە، ئەوەیە کە یەکگرتوو بەهیچ جۆرێک توخنی هێزو هێمای سەربازی نەکەوتووە. ئەمەیش بۆ هەر پارتێکی دی مایەی نەنگییە، گەر ئاماژەی بەو پێویستییە نەکردبێتْ. لەپارتەکانی دیدا هەوڵدان بۆ راهێنانی میریی بەپرۆژەیان بە هاندان بۆ دروستکردنی سوپای نیشتیمانی، یاخود پێشمەرگە بۆ پاراستنی وڵاتْ. ئامانجێکی لەپێشچاو گیراوە.

زیادەڕەویی یەکگرتوو لە باسو خواسی گفتوگو و لەیەکتر گەیشتندا، ئەو هێزەی خستووەتە هەڵەوە. هەڵەیەک کە پاسەوانی سنوورەکانو رۆحی بەرگریو ئامادەیی خۆبەختکردنی لەهیچ ئامانجو بنەمایەکیدا باس نەکردووە، یاخود لەگەڵێک شوێندا ئاماژەی بەقوربانیانی کیمیابارانو ئەنفال داوە، وەلێ خۆی بواردووە لە خوێنی هەزاران شەهید، کە لەشۆڕشی کۆنو نوێدا، لەپێناو کوردستاندا رژاونو بەهیچ جۆرێک لە هەوەڵەوە تاکۆتایی پرۆگرامی یەکگرتوو نە وشەی پێشمەرگە نە وشەی سوپایەکی نیزامی بە هەر دەستەواژەیەک بێت تێدا نییە، بەڵکو لە گەلێ شوێندا گەر ناڕاستەو خۆ نێوی بردبن، چەمکی دەسەڵاتی بەکارهێناوە. دەسەڵاتیش بەدیوی بەرەیەکی دژ بە خەڵک، یاخود بازنەیەکی ئەودیو سیاسەتو خۆی نێوی بردووە.

**سێهەم: میکانیزمی کاری یەکگرتوو**

یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، لەمیکانیزمی کاریدا، گەلێ کاری هێناوەتە بەرباس، کە دیسان جۆرێک تێکەڵبوون لە هەڵەی ستراتیژی لەنەزمی کاریدا دیارە.

بۆنموونە لەم دووخاڵەدا یەکگرتوو هەڵەی ستراتیژی کردووە کە دەڵێت:

بەشداریکردنی لە سەندیکا پیشەیی و رێکخراوە جەماوەریە تایبەتەکان، بە گشت توێژە پیشەییەکان.

کردنەوەو دامەزراندن و پشتگیریکردنی دەزگاو پـرۆژەی خێرخوازی و فێرکاری و هونەری و رۆشنبیری و وەرزشی

لەکاتێکدا یەکگرتوو لەڕووی عەمەلییەوە نەهاتووە بڵێت دەزگا خێرخوازییەکان، یان رێکخراوە جەماوەرییەکان تایبەتن بە یەکگرتوو. یەکگرتوو لەلایەکی دیکەوە ئاماژە بە برەودان بەمیدیای ئەهلی و سەربەخۆ دەدات، لەکاتێکدا ئەو میدیایەی ئەو هەڵی دەسوڕێنێت درووست ناوی حزبەکەی لەبانە، یاخود رەنگی ئەوی گرتووە.

ئەو بانگەشەیەی یەکگرتوو لە مینۆدەکەیدا بۆکاری سیاسیی خۆی ئاماژەی پێدەکات، بانگەشەیەکی دوالیزمانەیە. چونکەیەکگرتوو بۆخۆی میدیایەکی حزبی هەیەو لەهەمانکاتدا میدیایەکی سێبەریش لەپشتیەوەیەتیو هیچ هاندانێکیشی بۆ میدیای ئەهلی نەبووەو نییە. کاری رێکخراوەیش لە ئەدەبیاتی یەکگرتوودا، تەنها

وابەستبوونە بەحیزبەوەو هیچ تۆڕێکی جەماوەریش لەدەرەوەی حزبەوەبە جەماوەر نازانێت. لەهەمانکاتدا دیارترین خاڵی یەکگرتوو لەمینۆدەکەیدا خۆی لێبواردووە پەیوەندیدارە بە خۆخەواندن لەئاست هێزو حزبە ئیسلامییەکانو برایەتیی ئیسلامی، کە لەپارتە ئیسلامییەکانی دیدا ئاماژە دراوە بەو پرسە سەرەکییە، بەڵام لەمینۆدی یەکگرتوودا نە ئاماژە بۆ هیچ تەیارو تەڤگەرێکی دینی دیاریکراو کراوە و نە باس لە پارتێکی دیکەی ئیسلامیو میکانیزمی کاری هاوبەشی ئیسلامی کراوە.

ئەو رەوشە نەکراوەتە ئامانج، نە وەک بنەمایەک یان مینۆدێکی سیاسەتی یەکگرتوو باسکراوە. هاوکات بەدرێژایی مینۆدەکە بازنەی کاری ئیسلامی تەنها لەیەکگرتوودا کورتکراوەتەوە، هەم وەک وجود هەمیش وەک هزرو راستی. چونکە لە چەند جارئاماژە بە میانەڕەویو هێوری کراوەو بە رێگەی دروست نێوزەدکراوەو ناڕاستەوخۆ، یاخود ئۆتۆماتیکی بەکارهێنانی چەمکی میانەڕەوی دیاریکردنی بازنەکەی دییە لەکاری سیاسییدا بەبازنەی توندڕەوی.

ئەم دیاریکردنە وەک بەرپرسێکی راگەیاندنی کۆمەڵ دەڵێت، هیچ جودا نییە لەو تۆمەتبارکردنەی بەشێک لە سیکۆلارە نەتەوەییەکان کە ئێمە دەخەنە سەنگەری تیرۆرو توندڕەوییەوە. یەکگرتووی ئیسلامی تەنانەت باسی پێکەوەییو برایەتی لەتەک وڵاتانی دەوروبەری کردووە، یاخود لەگەڵ هێزو کەسایەتییەکانی تردا، بەڵام بەهیچ جۆرێک باس، یاخود دەمی لەنێوخۆ نەداوە. ئەوەیش ئەو راستییە پیشاندەدات، کە پرۆژەی حزبایەتیکردنی یەکگرتوو لە کوردستاندا پرۆژەیەکی نێوخۆیی نییەو زێدەتر دیدێکی دەرەکییە بۆ سیاسەتێکی لەم جۆرەی یەکگرتوو، هەربۆیە دەکرێت یەکگرتووی ئیسلامی، نەک لەڕووی مینۆدەوە کە ئیسلامییەکانی دی دەخوازن، پێویستە رووە سیاسییەکەی زاڵ نەکات بەسەر رووە دینییەکەیدا، کە تەنها ئاسەواری ئاین لەو نێوچانەی یەکگرتوو هەن، کە بۆنی سیاسەتو بەرژەوەندی دەدەن، بەڵکو پێویستە یەکگرتوو مینۆدەکەی خۆی لەڕووی بنەما عەقیدەیی ئیمانییەکەوە راستبکاتەوە. ئەوە خواستی هێزە ئیسلامییەکانی نێو واقیعی کاری ئیسلامی کوردییە. خواستی زانستیانەیش لەوەدایە، کە مینۆدی یەکگرتوو لێرە بنوسرێتو رەنگدانەوەی ئێرەبێتو لەبەرامەی رۆمانسییەتو مەکری سیاسیی خۆی بەدوور بگرێت، بەڵکو مینۆدێک بنوسرێت رێک مینۆدی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان بێت.

بەشی دووەم:

## خوێندنەوەی پێڕەو و پرۆگرامی نێوخۆیی کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان

بە خوێندنەوەیەکی بابەتیو بایەخێکی زانستی وردەوە، دەتوانین بگەینە ئاکامێک، کە ئەرجووی ئەم رێکخستنە ئیسلامییە لە مامەڵەی سیاسیدا لەنێو مێتۆدو میراتی کاری سیاسیدا بناسینو وەک لێکۆڵەرێک خوێندنەوە بۆ دوایین مێتۆدی پارتیانەی نومایان بکەین. لەم خوێندنەوەیەدا شەنوکەو بۆ تەواویی (25) مادە لە مێتۆدێکی پێنج بەشیی کۆمەڵی ئیسلامیدا دەکەینو بەوردی ئاتاجی سیاسیی ئەم هێزەو دنیابینی ئەم پێڕە لەدنیای سیاسیدا پێشچاو دەخەینو دەست دەخەینە سەر چەوتیو چەوێڵییەکانیو ئەستۆخواریی سیاسەتوانو یاساییەکانی ئەم رێکخستنە لەبەردەم قەڕەوڵی پرۆژە دەرەکییەکاندا.

کۆمەڵی ئیسلامی پارتێکی سیاسییو گچکەی نێو ئاکامەکانی هەڵبژاردنو نوێو جاهێڵ لەنەزمو نواڕینی سیاسیدا، وەلێ زەنگین بە زیانو زەبری سەر ئایبەتمەندە رەسەنەکانی نێو کۆمەڵگەو کیانی کوردی.

ئەم رێکخستنە سیاسییە وەک بەشێکی دابـڕاوی نێو رەوتی رابوونی ئیسلامیی کوردستان، لەجەرگەی رێکخستنەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیدا مژوڵی کایەو کۆسپی ئەفرەقەو ئەفروتوناکردنی هەیمەنەو هێزی خانەوادەی مەلاعەلیو هەڵەبجەییو هەورامییەکان بوو، هەربۆیە ریشەی چێبوونی کۆمەڵی ئیسلامیی دروست وابەستەیە، بە دەستبەکار بوونی مامۆستا عەلی باپیر لەنێو رێکخستنی بزووتنەوەی ئیسلامیدا.

مامۆستا عەلی باپیر پاش ئەوەی ماوەیەک لە خوێندنی ئیسلامی نەجەفداو لەحەوزەیەکی بارگاوی بە ئەدەبیاتو ئەدگاری شیعەگەرایی خوێندنی زانکۆ دەستپێدەکات، وەلێ بەهۆی ناتەوانیو زاڵنەبوونی بەسەر زمانی عەرەبیدا دەست لەخوێندن هەڵدەگرێتو واز لەرەنجی دوو ساڵی دەهێنێت. ئیدی گرێی زمانی عەرەبیو گومان ڕەواندنەوەی خەڵکی دەبنە هۆکارێک تا لەناکاو دەستبداتە خوێندنی ئایینیو رووبکاتە شاخ تا دیسان لە نەزمی سەربازگیریی زۆرەملێی رژێمی بەعسدا رووبەڕووی باشوورو ناوەراستی عێراق نەبێتەوە. مامۆستا عەلی باپیر هەر لەسەرەتاوە وەک پێشمەرگەیەک لەنێو پێشمەرگەکانی بزووتنەوەی ئیسلامیدا خۆی نەناساند، ئەو وەک سەردارێک بەپشتبەستن بە مەسلەکی ئەغەواتیانەی خانەوادەکەی ئێکەڵ بە بگرەو بەردەی حزبایەتی بوو.

ئیدی لەوێوە وەک جەمسەرێک دەرکەوتو هەمیشە لەبەرەی بەرامبەری ئەو میزاجەوە وەستا، کە سەرکردایەتی پارتەکەی پێی قەڵس دەبوون. ئەو بە قۆستنەوەی هەڵەو کەموکوڕیو بێسەرەو بەرەیی رێکخستنی بزووتنەوە. توانی باڵێک لەباڵەکانی بزووتنەوە بۆخۆی دابڕێ. تا دوواجار بوویە مەڵکەمووتی ئەو هێزەو لەناو جەرگەی بزووتنەوەدا رەپ وەستا. عەلی باپیر هەموو وەسیلەیەکی بەکارهێنا.

وەسیلەی ناوچەگەریەتیو وەسیلەی دەستبردن بۆ غەیانەکانی پرسی کورد لەوانە ئێرانو عیراقو هەندێک لەپارتە سیاسییەکانی کورد. دواجار لەبەرەبەیانێکی بەهاری(2001)دا بەشێکی بەرچاوی هێزی چەکداری بزووتنەوەی دابڕیو خۆی وەک کۆمەڵی ئیسلامی راگەیاند. راگەیاندنی کۆمەڵی ئیسلامی پاش تێپەڕبوونی چوار ساڵ تەنێ بەفەرمانو فەتوای سیاسیانەی خودی عەلی باپیر بوو. دواتر لە مانگی یازدەی 2005دا هەوەڵ کۆنگرەی کۆمەڵی ئیسلامی گرێدرا. ئەم کۆنگرەیە کۆنگرەیەکی بێ پێڕەوی نێوخۆ بوو، تەنێ گردبوونەوەیەکی رەمزیو خۆ رێکخستنەوەیەکی پاش لەزیندان ئازادبوونی مامۆستا عەلی باپیر بوو.

چونکە لەو قۆناغەدا بەتەواوی کۆمەڵی ئیسلامیو بەشێکی گەورەی ئەندامانی مەکتەب سیاسیی حزبەکە، لەغیابی مامۆستا عەلی باپیردا لەماڵێ دانیشتبوونو دڵساردانە دەیانڕوانییە داهاتووی پارتەکەیان. بەشێکیی زۆرتریان لەگەڵ رەوشی تەنگی مادیو بێ ئیمتیازاتی پارتەکە رانەهاتبونو هەرزوو لە پارتەکە هەڵهاتبوون. وەلێ کە عەلی باپیر ئازاد بوو، هەموو ئەوانە سەرلەنوێ لەدەوری جەم بوونەوەو کۆنگرەیان بەست. ئەم کۆنگرەیە لەرووی ستراتیژو خواستی سیاسیی کۆمەڵەوە، کۆنگرەیەکی مەئزەقاویو پڕ مەلەل بوو. چونکە گوتاری کۆمەڵ لەگوتارێکی ئاگرینو ئاسنینی جیهادییەوە بۆ گوتاری پارتێکی بێ چەکوچۆڵو دەعەوی هەروا ئاسان لە مێنۆدێکدا جێ نەدەکرایەوە.

لەم کۆنگرەدا کۆمەڵ بای دایەوە بەلای یەکگرتووی ئیسلامیدا. ساڵانێک بوو مشتومڕی جیهادو دەعوەی نێوان ئەم دوو هێزەی لەیەکتری کول کردبوون. دواجار کۆمەڵ رێچکەی یەکگرتووی هەڵبژاردو، ئیدی هەموو چەک لەشانەکانو عەدەد دۆشکەو پارتیزانەکانی نێو ئەم حزبە هەبوون. بوونە رۆژنامەنووسو

پەیامنێرو نوسەرو بەڕێوبەری رادیۆو تەلەفزیۆنەکان.

لێرەوە دروشمەکانی جیهادو وێنەکانی چەک لەپەراوە فەرمییەکانی هێزەکە کەنرانەوەو بەسەلیقەی وردی مامۆستا عەلی باپیر دیوێکی نەرمونیانو نەوی تر لەدەنگە بەرزەکانی پێش کۆنگرە پێشنیاز کران. لە مانگی حەوتی 2010دا کۆنگرەی دووەمی کۆمەڵی ئیسلامی هاتە گرێدان. لەم کۆنگرەیەدا بۆ یەکەمجار پەیڕەوی ناوخۆی پارتەکە پەسەند کرا. پەیڕەوێک بازدانێکی گەورە لە گوتاری سیاسی کۆمەڵدا لێ کەوتەوە. لەم پێڕەوەدا ئیدی ئایەتەکانی وەک (واعدوا لهم ما استتعتم من قوە) نەکرانە دروشم، بەڵکو لەپێشەکی مینۆدەکەدا ( وما ارسلناك رحمه للعالمين ) بووە دروشمی سەرەکیی پارتەکە.

ئەم مینۆدە بەجۆرێک شۆڕکرایەوە بۆنێو تەک بەتەکی ئەندامانی کۆنگرەو هەوادارانی کۆمەڵ، کە نەک لە شێوەی بیرکردنەوەدا، بەڵکو کاریگەریی کردە سەر شێوەی جلوبەرگ و شکڵی ریشو سمێڵی ئەندامانیش. درێژەدان بەم نەزمە هەم هەنگاوێکی ئیجابی بوو بۆ پرسیی سیاسیو پێکەوەژیانی پارتایەتی لەکوردستاندا، هەمیش دەستگرۆیی مادیی کۆمەڵی ئیسلامی کردو، پارتەکە لەهەولێری پایتەختدا بوژانەوەی مەزنی بەخۆیەوە بینی، ئەم بوژانەوە لەڕووی جەماوەرییەوە نەبوو، بەڵکو لەڕووی مادیو دەستگیرکردن بوو لەچەند سەرەداوێکی پەیوەندی سیاسیی لەگەڵ دەسەڵاتدا، کە لێرەوە بەشێکی سەرەوەیان لەوانە ئەمیرو مەکتەبەکەیو ئەندامە باڵاکان حەوانەوەو لەپۆستە حکومییەکاندا ستاریانگرت. بەتایبەتی پاش ئەوەی کۆمەڵ توانی شانبەشانی پارتە سیاسییەکانی تر بێتە پێشەوەو خۆی بە دڵسۆزو دڵبەری دۆزی کورد پیشانبدات.

دیسان لە کۆتایی ساڵی 2012دا کۆمەڵی ئیسلامی سێهەم کۆنگرەی پارتەکەی لەشاری هەولێردا گرێدا. لەم کۆنگرەیەدا دیسانەوە نەرمترو نەویتر هاتە پێشەوە، چونکە لە دەرهاویشتەکانی ئەم کۆنگرەیەد، گەلێ بڕگەومادەی مینۆدی پەسەندکراوی پارتەکە هەموار کرانەوەو لەئێستادا ئەم مینۆدەی کە خوێندنەوەی بۆ دەکەین دوایین مینۆدی پارتەکەیە. کۆمەڵ لەئێستادا لە ریزی ئۆپۆزسیۆندا خۆی دەبینێتەوەو لەتەواوی شارو هەندێک لەقەواکانی هەرێمدا مەڵبەندو بارەگای هەیەو دارای دوو کەناڵی ئاسمانیو چەندین کەناڵی نێوخۆییەو رۆژنامەی بەیان

وەک ئۆرگانی فەرمیی وەلێ ناڕاسنەوخۆی پارتەکە دێنە ئەژماردن.

هەرچەند کۆمەڵ لەئێستادا گەلێ گرفتو کینەی نێوخۆیی لەنێو ڕێکخستنەکانیدا هەیە. هەم لەسەرەوەو هەم لەنێو جەماوەردا جیاوازیو نابەرانبەری لەم پارتەدا بەدیدەکرێت. کۆمەڵ لەڕووی ستراتیژییەوە سێ ئاراستە بەڕێوەی دەبات. ئاراستەی زاڵو سەردەست لەئێستادا بریتییە لە باڵی عەلی باپیرو هاونێوچەکانی، ئەمانە لەمێژە بوونی خۆیان لە خەتخەتێنی ناو حزبدا دەبیننەوە، ئەگەرچی ئەو حزبەش دروستکراوی خۆیان بێت. دواتر خەتی بزووتنەوەی ئیسلامی، ئەمانە سەربە شێخ موحەمەد بەرزنجیو ئەوانەن، کە لەژێر کاریگەریی نێوچەی پشتدەرو ڕانیەو قەڵادزێدا نین. ئەوان لەناو کۆمەڵدا تەنها ناوێکنو هیچ کردەیەکی زیندوو نوێنەرایەتی ناکەن.

باڵی سێهەم: بریتیە لە نەهزەکان. ئەوانەن کە لەئێستادا ئارام قادر بە سەرداریان دەزاننو زیاتر لە ڕۆژنامەی بەیاندا لەدەوری یەکتر جەم بوونو زۆرێکیشیان بەهیوای پاشەڕۆژێکی دیارتر روویان لەخوێندن لەدەرێی وڵات کردووە.

لەئێستادا کۆمەڵ لەڕووی جەماوەرییەوە هەنگاوێک لەپێش بزووتنەوەوەیە. هەرچەند لەوەیش دڵنیا نین، چونکە لەنێو ئیسلامییەکاندا هێشتا بزووتنەوە رۆحییەتی رەسەنایەتیی خۆی ون نەکردووەو تەنێ ناوەکەی تەگەرەیەکی گەورەیە لەپێش هەنگاوەکانی کۆمەڵدا. بەتایبەتی دوای ئەوەی بەلێشاو ئەندامو خانەوادە ئیسلامییەکانی کۆمەڵ پاش ئەوەی لەڕووی خەباتو ماندوو بوونەوە، بزووتنەوە ئاوڕی لێدانەوەو بەشێکی بەرین لە خانەوادەکان سودمەندبوون لەو پشکەی بەر بزووتنەوە کەوتبوو، ئیدی وەک خانەنشینو پۆلیس دامەزران. لێرەوە کۆمەڵ ترس دایگرت، چونکە کۆمەڵ لەئێستادا لەڕووی گەشو نماکردنەوە وەستاوەو زیاتر چوارچێوەی پارتێکی جێگیری وەرگرتووەو رواڵەتی جەماوەریی پێوە دیارنییە.

چونکە ئەوان نە لە ناوچە دابڕاوەکاندا و نە لە تەواوی پارێزگای دهۆکو پارێزگای هەولێردا، جگە لەخودی ناوشاری هەولێر ناویان ئاشنا نییە بەخەڵک. لەسنووری سلێمانیشدا گەشەو سستبوونیان وابەستەیە بەململانێیان لەگەڵ پارتە ئیسلامییەکاندا نەک لەگەڵ جەماوەردا.

واتە هەر گەورەبوونێکیان لەسەر حسابی کەمبوونەوەی بزووتنەوەو یەکگرتووە. بچوکبوونەوەشیان زلبوونی ئەوانە. جگە لەوە مەزنترین گرفت لەئێستادا رووبەڕووی کۆمەڵ بووەتەوە، گرفتی سەلەفییەکانە، هەم لەدەرەوەی کۆمەڵدا هەم سەلەفییەکانی ناوکۆمەڵ کە بەگشتی پێگەی کۆمەڵیان لە گەرمیانو چەمچەماڵو ناو سلێمانیدا خستووەتە مەترسیەوە. ئەوان لەڕووی تاکتیکی سیاسییەوە مەترسینو لـەڕووی ستراتیژو مەنهەجی پارتەکەیشەوە ئافاتن بۆ ئەرجووی سیاسیی عەلی باپیر.

لەم خوێندنەوەیەدا هەر پێنج بەشەکەی پێڕەوی کۆمەڵی ئیسلامی شیکار دەکەین.

مینۆدی کۆمەڵ لەپێشەکییەکەیدا دوو سەرنجی زەق خوێنەرو لێکۆڵەری سیاسی بەگومان دەخات. سەرنجی یەکەم رادیکاڵبوونەو سەرنجی دووەمیش شێواندنی مێژووە. لەسەرنجی یەکەمدا باس لە خەڵکی کوردستان دەکرێت، وەک گەلی کوردی موسڵمانو بەوردی شوناسی کوردستان وەک شوناسێکی ئیسلامی خراوەتەڕوو، هەربۆیە پێویستدەکات بەپێی ئیسلام ژیانیان ببرێت بەڕێوە. گوتاری نێو پێشەکیی مینۆدی ئیسلام دروست پێچەوانەی بەرنامەو پەیڕەوی قورئانە، چونکە مادام کۆمەڵی ئیسلامی لە کوردستانە، کەواتە لەکوردستاندا ئێزیدیو کاکەییو شیعەو فەیلیو شەبەکو تورکمانو هەموو ئەمانە کە گروپی ئیتنیکیو ئاینیین بوونیان هەیە.

بازدان بەسەر ئەو کەمینە ئاینیو نەتەوەییانەدا جۆرێک لە رادیکاڵیبوون لە نیهادی سیاسی ئیسلامییەکاندا پێشچاو دەخات، چونکە بەراستی جێگەی پرسیارە کە پارتە نەتەوەییەکانی وەک پارتیو یەکیەتی کە گوتاری نەتەوەییان پێیە، لەمینۆدیاندا بە ئاشکرا مافیان داوە بەناوبردنی هەموو پێکهاتەکانی کوردستان، بەڵام پارتە ئیسلامییەکان بەکۆمەڵو یەکگرتووەوە، بەیەک وشە نێوی ئەوانیان نەبردووە. ئەوە لەکاتێکدا گوتاری ئایینی پێکهاتەکان بەرینتر لەخۆدەگرێت، تا گوتاری نەتەوەیی. ئەوە تەنها رادیکاڵبوونە ئەو رەوایەتییە ناداتە بەرامبەر.

لەمادەی سێهەمی بنەما گشتییەکانی مینۆدی کۆمەڵیشدا هاتووە، کە دروشمی پارتەکەیان ( وما ارسلناك الا رحمه للعالمين) ئەوان هەر لەپێشەکیدا

دژی دروشمی خۆیانن، چونکە زۆرینەی شرۆڤەکارانی قورئان لەوانە ئیبنولجەبیرو ئیبنولعەباس لەتەفسیری ئەم ئایەتەدا واباس دەکەن، کە خودا پێغەمبەری خوای ناردووە تا مایەی رەحمەت بێت بۆ ئیماندارو بێ ئیمان.

ئیبنولحجەریش پێیوایە کافرانیش لەچوارچێوەی رەحمەتی قورئاندان. لەڕاستیدا هەلبژاردنی ئەم ئایەتە لەئایەی 107ی سورەتی ئەنبیا بۆدروشمی مینۆدی سیاسیانەی پارتێکی وەک کۆمەڵ جگە لەتێنەگەیشتن لەئایەتەکە سەرلەبەری پێچەوانەی ئەو پێشەکییەیە کە نوسراوە، چونکە هەر لەپێشەکییەکەدا بۆ رەوایەتیدان بەسەپاندنی ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی سیاسی، دیسانەوە ئەم ئایەتەی قورئان نوسراوە(ان الدین عند الله الإسلام ومن یبتغ غیر الإسلام دینا فلن یقبل منە وهو فی الاخرە من الخاسرین). نوسینی ئەم ئایەتە دیسانەوە نومایانی جۆرێکی تر لە رادیکاڵبوونەوەی کۆمەڵگەی کوردییە.

لەخودی نوسینەکانی مامۆستا عەلی باپیردا بەرنامەی ئیسلام لەبەرامبەر بەرنامەی دێموکراسیدا ئاماژەی پێکراوەو دیموکراسیش وەک دین تەماشادەکات. لێرەوەو لەخودی بڕوای عەلی باپیردا مینۆدێک دێتە ئاراوە، کە جەخت لەسەر سڕینەوەی هەموو ئەوانی دی بکات. لەراستیدا شرۆڤەی ئەو ئایەتەو بەرنامەی ئیسلام لەو ئایەتەدا مشتومڕی فرەی لەسەرەو زۆرینەی زانایان لەویادا ئیسلام وەک ئیسلامێکی گشتی ئاماژەی پێدەکەن، نەک ئیسلامێکی تایبەت. خاڵێکی دی لەپێشەکی مینۆدی کۆمەڵی ئیسلامیدا، کە جێگەی سەرنجە برێتییە لە هەوڵدان بۆ شێواندنی مێژو و سەکتەدان لەرابردووی بزووتنەوەی ئیسلامی. لەپێشەکی مینۆدی کۆمەڵدا نەک هەر مافی بزووتنەوە بەئاشکرا پێشێلکراوە، کە لەڕووی یاساییەوە بزووتنەوە دەتوانێت ئەو مافە زەوتکراوە لەمینۆدی کۆمەڵدا بسڕێتەوە، مافی خودی بزووتنەوەی راپەڕینی ئیسلامیش خراوەتە ژێر.

بۆنموونە نوسراوە کە بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامی کوردستان لە ساڵی 1984دا بنکەو بارەگای سەربازی لەناوچە سنورییەکانی کوردستانی عیراق دامەزراندو دەستیدایە خەباتی چەکداری، دواتر لەساڵی 1987 پاش چەندین کۆبوونەوە، ناوەکە بوو بە بزووتنەوەی ئیسلامی. لەراستیدا ئەم نوسینە لە دوولاوە مەهزەلەو مەسەلەیەکی ناڕەواو راستە. لەلایەنی یەکەمەوە دروستبوونی

بزووتنەوەی ئیسلامی، وەک درێژەپێدەری هیچ ڕێکخراوێک نییە.

عەلی باپیر لێرەدا دەیەوێت سەروەریی ڕاگەیاندنی بزووتنەوە لەچنگی بنەماڵەی مەلاعەلیو هەڵەبجەو هەورامان دەربهێنێت. ئەگین دروستبوونی بزووتنەوە هەر پەیوەندیشی بەڕێکخستنو ڕێکخراوەوە نەبوو، بەڵکو کۆچی بەکۆمەڵی زانایان بوو پاش ڕاپەرینی خەڵکی هەڵەبجەو لەوێندەر چەکی جیهادیان کردە شان. ئەو ڕێکخراوەش بەناوی پەیوەندی عەلی باپیر باسی دەکات، عەلی باپیر بۆخۆی بڕوای پێی نییەو هەر نەشبووە. لە دوو هەزاریشدا خەڵک ناوی بیست. هێنانەناوەوەی تەنها بۆ ئەوەیە بڵێن بنەماڵەی مەلاعەلی ئێوە ڕابوونەکەتان ڕانەگەیاند.

لەلایەکی ترەوە لەم میتۆدەدا مافی ڕاپەڕینی ئیسلامی خوراوە، چونکە ئەگەر بڕیارە ڕاپەڕینی ئیسلامی بەشێک بێت لە کۆمەڵو کۆمەڵ درێژەپێدەری ڕاپەڕین بێت، ئەدی بۆ دەنوسرێت کۆمەڵ درێژەپێدەری بزووتنەوەیە، بەڵکو نانوسرێت درێژەپێدەری ڕاپەڕینی ئیسلامییە. یان گەر ئەوان مێژوویان نوسیوە، خۆ هەر بەپێی میتۆدەکەی خۆیان ڕاپەڕینی ئیسلامی ساڵی 1979 دامەزراوە، ئیدی بۆ دێن مێژووەکە لەمێژووی پەیوەندییەوە دەستپێدەکەن، کە 5 ساڵ دوای ڕاپەڕین دامەزراوە، یاخود هەموو لا دەزانێت سەنگو قورسایی ڕاپەڕین گەورەتر بوو تا پەیوەندیی.

ئەوان تەنها پارتی ئیسلامی ڕێکخراوبوونو کاریگەریش بوون لەشارەکانی کوردستان، بۆچی یەک کۆنگرەی ئەوان باس ناکرێتو بەڵام کۆنگرەکانی بزووتنەوە باسدەکرێنو کۆنگرەی یەکەمی کۆمەڵ بەدرێژەپێدەریان دەزانرێت، لەکاتێکدا ئێستا ئەو کۆنگرانە درێژەپێدەری خۆیان هەیەو لە بزووتنەوەدا خۆیان دیتووەتەوە. خاڵێکی تر ئەوەیە لەیەک بەڵگەو شایەتو نوسراوێکدا نییە، کە پەیوەندی بنکەو بارەگای سەربازی هەبووبێتو لەساڵی 1984وە دژ بەبەعس وەستابێت، هەموو ئەمانە شێواندنێکی بێ پێچو پەنای مێژوو هاوچەرخی نەتەوەی کوردەو تەنها دارشتنێکی سیاسییەو هیچی تر.

کۆمەڵی ئیسلامی لە بنەما گشتییەکانیداو لە مادەی دووەمدا پێناسەی خۆی بەم جۆرە دەکات (پارتێکی ئیسلامییە لەپێناو پیادەکردنی بەرنامەی ئیسلام

لە کوردستانو عیراق ئێدەکۆشێتو هەوڵی چەسپاندنی مافەکانی گەلی کوردستان دەدات.)

لەراستیدا ئەم پێناسەیە بەبەراورد بەپێناسەی یەکگرتووی ئیسلامی جۆرێک لە رەقبونو رادیکاڵبوونی پێوە دیارە، چونکە لەپێناسەی یەکگرتوودا هاتووە، کە یەکگرتوو هەوڵدەدات ئیسلام وەک چارەسەری گرفتەکانی کورد بەکاربهێنێت. ئەم بەکارهێنانە لەزەمینەی واقیعدا دەکرێت پارتێکی کۆمۆنیستیش دەستی بۆ بباث، چونکە ئۆ لێرەدا ئیسلامت کردووەتە وەسیلە نەک ئامانج، بەڵام لەپێناسەی کۆمەڵی ئیسلامیدا ئیسلام کراوەتە ئامانج.

واتە بوونی کۆمەڵ وەک پارتێکی سیاسی بۆ پیادەکردنی ئیسلامە. لێرەشدا گرفتی کورد لەبازنەی دۆزەکەیدا دەهێنرێتە دەرەوە، چونکە لەمەوداو جیهانبینی کۆمەڵدا سەردەمی بەعسو سەردەمی دوای بەعس یەک شتە. پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتی نیشتمانی کوردستان، دەسەڵاتداربن لەگەڵ حزبی بەعسی عەرەبی ئیشتراکیدا هەمان قەوانە، چونکە هەردوولا بەرنامەکەیان بەرنامەیەک نییە ئیسلامی سیاسی پەسەندی بکات.

کۆمەڵی ئیسلامی لەپێناسەکەیدا روونە، کە کورد هێشتا لەبزووتنەوەی رزگاریخوازی دایە، چونکەپیادەکردنی ئیسلام لەمەفهومی کۆمەڵدا کاتێک دێتەدی، کە کوردستان حکومەتێکی ئیسلامی بێت، نەک حکومەتێکی دیموکراسی، چونکە لە حکومەتی دیموکراسیدا دەکرێت پارتێکی چەپ، یان مەسیحی و سیکۆلار دەنگ بهێنێتو حکومەت تەشکیل بکات. لەبەرئەوە ئامانجی کۆمەڵ وەک پارتێکی سیاسی برینییە لەپیادەکردنی ئیسلام و لێرەدا دیموکراتی وەسیلەیە بۆ ئامانجە باڵاکە کە ئیسلامە.

هاوکات لەمادەی 4و پێنجی مینۆدی کۆمەڵی ئیسلامیدا کە ئارمو ئاڵای کۆمەڵ ناسێنراوە دیسانەوە کۆمەڵ کەوتووەتە هەڵەیەکی مەبدەئییەوە. ئەویش برینییە لەدیاریکردنی رەنگی پرتەقاڵی بۆنووسینی دروشمی لااله الا الله لەسەری، یاخود بازنەیەک وەک هێمای بەردەوامی بەڕەنگی پرتەقاڵی کێشراوە. من دڵنیام گەر بەرێز دڵشاد گەرمیانی کەمێک لە باکگراوندی رەنگی پرتەقاڵی لە مینۆدی

یەهودییەکاندا وردبێنەوە، راستەوخۆ ئاڵای کۆمەڵی ئیسلامی لەسەر بارەگاکەی دادەگرێت، چونکە ئەوە شتێکە وابەستەیە بە مەبدەئی ئیسلامییەوە.

پێغەمبەریش فەرمویەتی (ئـەوەی لاسایی هەر نەتەوەیەک بکاتەوە ئەوە لەوانەیە) هەڵبژاردنی رەنگی پرتەقاڵی دەمانباتەوە بۆ چەند ئەگەرێک. ئەگەری یەکەم ئەوەیە کە ئەوان بە شێوەی هەوانتە ئەم رەنگەیان هەڵبژاردووەو خوێندنەوەیان بۆ مەغزاو مەفهوم و مێژووی رەنگی پرتەقاڵی نەبووە، چونکە گەر بیانزانیایە رەنگی پرتەقاڵی هێمایە بۆ چی، ئەوا هەڵیاننەدەبژارد. ئەگینا رەنگ دەلالەتێکی گرنگە لەکێبڕکێ سیاسییەکاندا بەتایبەتی لەمەودای ئایدیۆلۆژیدا دیموکرات و لیبراڵەکانیش حسابی بۆ دەکـەن. بۆنموونە لەجەنگی ساردا نەگریسترین رەنگ لەجیهانبینی ئەمریکادا بریتی بوو لەرەنگی سور، زۆرجار لەویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا، رەنگی سور تەنانەت بۆینباخی سوور قەدەغە بوو.

رەنگی پورتەقاڵی بۆ ئایدیۆلۆژیای ئیسلامی سامناکە، چونکە لەنێو جولەکەو هیندۆس‌و بودییەکاندا، ململانێی توند لەبەهەند وەرگرتنی ئەم رەنگە هەیە لەنێوکریستیانەکانیشدا بەهەمانجۆر ئەم رەنگە هێمای پرۆتستانەکان بوو لە ئەفسانە دێرینەکانیشیاندا بۆنەی هالۆیین رەنگی پرتەقاڵی هێمایەتی. دەکرێت بپرسین بۆ پرۆتستانەکان ئەم رەنگە بەهەند وەردەگرن. لەراستیدا ئەوان وەک بزووتنوەیەکی ئایینی لە سەدەی شازدەدا کاتێک لەسەر دەستی مارتن لۆسەرو جۆنکالڤن‌و زوینگلی دێنە نێو مەیدانی خەبات دژ بەپیاوانی ئایینی تۆمەتبارن بە دەست‌و هاندانی جووەکان بۆ شێوانی مەسیحییەت‌و بزووتنەوەکەشیان هێمایەک بوو کە جووەکان تاوی دەدا.

رەنگی پرتەقاڵی گەر لە هالۆییندا هێمای ترس‌و هێزو ئاگر بێت، بەو جۆرەیش خۆیان ترسناک‌و خەڵکی بەشێوەی دزێو زاڵەترەک دەکەن. کۆمەڵگەی پرتەقاڵی یەهودیش لەئێستادا لەئەمریکا هەمان ئەو رووی راستییەیە کە پرتەقاڵی هێمایە بۆ ئەو تەڤگەرە نایەهودیانەی کە بەهێزو خواستی یەهوودییەکان‌و رێکخراوی جیهانی یەهودی‌و لەبەرژەوەندی ئەواندا هەڵدەسوڕێن، هەربۆیە لەئاسیای دووریشدا هیندۆس‌و بوودییەکان ئەوانەی دژ بە میکانیزمی موحافیزکارین،

دیسانەوە لەژێرکاریگەریی جووەکاندا بەرگیان پرتەقاڵییە. کۆمەڵ بەبێ ئاگایی لەم رابردووە ئەم رەنگەی هەڵبژاردووە، یاخود ئەو گریمانەیە راستە کە ئیسلامی سیاسی بەخودی قاعیدەیشەوە، هێزێکە لەمەودای سیاسەتو بەرژەوەندیی یەهود کاردەکات و دەکرێت پێشنیاری پرتەقاڵی قبوڵکردنیش وەک بەردەوامی بازنەی کارکردنی کۆمەڵو ئاڵای کۆمەڵ لەو رەنگەدا نیهادێکی دروستی سیاسەتی کۆمەڵ بێت لەو پێناوەدا کە بێگومان شوێنکەوتوانی لێی بێئاگاو بێسەوادن.

لەمادەی حەوتی مینۆدی کۆمەڵدا باس لە هێڵە گشتییەکانی کۆمەڵی ئیسلامی لە سێ مادەدا کراوە. هێڵە گشتییەکانی کۆمەڵ خۆیان دەبیننەوە لە ئیسلام وەک مەرجەعی کاری سیاسیو گەیاندنی لاوانو بەهرەمەندان بە شوێنی بڕیاردان هاوکات گرتنەبەری میکانیزمەکانی سیاسەت وەک موعارەزە بوونو بەشداری لەدەسەڵاتدا هاوکات هاوپەیمانییەتی دروستکردنو خۆپیشاندان.

هەموو ئەمانە هێڵە گشتییەکانی کۆمەڵن. لەراستیدا هێڵی گشتی پارتێکی سیاسیی ناکرێت لە سێ خاڵی یەکتر دووردا کورتبکرێتەوە. مینۆدەکە لەم بەشەدا زۆرکاڵو کرچە دروست ئەڵێی لەکاتی چاپکردنی مینۆدەکەدا بەشێکی گەورەی مادەکان دەرنەچوون، یاخود دەڵێی بە ئەنقەست بەم جۆرە داڕێژراوە. ئەگینا مرۆ بەسەر پێیانەوە مینۆدێک دەتوانێت بنوسێت کە هێڵی گشتیی هێزێک دیاربخات، کە ئامانجی چەسپاندنی شەریعەتە لەکۆمەڵگەیەکی بریندارو بندەستدا کە هیچ تایبەتکارێکی نەتەوەیی لەجێی خۆیدا نییە. چلۆن لۆژیکییە هێڵی گشتی پارتێک بەم جۆرە بێت، کە دۆزەی نەتەوەکەی گەرمترین دۆزی رۆژهەڵاتی ناوینە.

نەتەوەیەک نە تایبەتکاریی زمان، نە جوگرافیا نە ئایینو باوەڕ، نە ئابوریو بازاڕو کەلتووری پارێزراوە، لەهێڵی سەرەکی مینۆدێکی گرانو بەبەهادا کە 500 ئەندام پەسەندیان کردووە، ئاماژە بە هیچ میکانیزمێکی سیاسی نەکراوە کە دانبنێت بەم ئاریشەیەی میللەتی کورددا.

ئەم مینۆدەی کۆمەڵی ئیسلامی تەنها بەناوەکەیدا دەزانرێت بۆ کوردستان نوسراوە. ئەگینا لەمینۆدێکی پارتێکی سیڤیلی گەلێک دەکات، کە هەزار ساڵ دەوڵەت بێت، چونکە دۆزی کورد لەوەدا کورتکراوەتەوە کە لاوان بگەیەنرێنە شوێنی بڕیاردان. ئەوە لەکاتێکدایە کە بڕیاردان لە چارەنوسی کوردا بۆخۆی

لەژێر پرسیار دایە. چونکە شوێنی بڕیار لە سایەی حوکمڕانییەکی سەربەخۆدایەو لەوڵاتێکدا ناکرێتە هێڵی گشتی کار، کە بەشێکی بەرینی خاکەکەی زەوتکراوە، یاخود گەر بڕیاربوو لاوان بەشێک بن لەو هێڵە سەرەکییەی کاری کۆمەڵی ئیسلامی، ئەوا خاڵێکی پێویستر هەبوو کە دەبوو ئاماژەی بۆبکرێت، چونکە غیابی ئەو خاڵە لەناوەندی بڕیارداندا زەقترە لەغیابی لاوان، ئەویش وەک بەقەولی خۆیان دەڵێن غیابی خوشکانە. ئەدی ئامادەیی خوشکان بۆ نەکرایە مادەیەک لە هێڵە گشتییەکانی کۆمەڵی ئیسلامیدا. ئێمە گەر بمانەوەێ مێتۆدێکی سالمو زانستی بنوسین، ئەوا بێگومان هیچ کام لەم خاڵانە نابنە هێڵە گشتییەکانی نوسینەوەی مێتۆدی پارتێک. هێڵی گشتی باسکردن نییە لەچینو توێژ، بەڵکو ستراتیژی سیاسیانەی پارتێکە سەبارەت بە ژینگەو شوێنو کاتی کارکردنیو پێوەندییەکانی لەتەک دەوروبەریدا، کە کۆمەڵی ئیسلامی هیچکام لەمانەی نەخستووەتەڕوو، بەڵکو کۆمەڵی ئیسلامی هێڵە گشتییەکانی کارکردن، بەهێڵێکی تایبەتی حزبی تێیگەیشتوەو باسی کردون، هەربۆیە مەهزەلەی سیاسەت کردنەکەشیان دیسانەوە لێرەوە دەستپێدەکات، کە لە کاڵو کرچیی ئەم مێتۆدەوەدا خۆی دەردەخات.

لەبەشی دووەمی مێتۆدی کۆمەڵی ئیسلامیداو لەمادەی هەشتدا، کە تایبەتە بە ئەندامییەتیو مەرجەکانی بوون بەئەندام.

کۆمەڵی ئیسلامی دروست خۆی لەبەرگی سیاسی دێنێتە دەرەوەو مەرجی ئەندامبوونی پارتەکەی بۆچەند مەرجێکی ئەخلاقی کورتدەکاتەوە، کە رێک لەمەرجو نوسینی مێتۆدی رێکخراوێکی کۆمەڵایەتی دەکەن، کە خەڵکی هۆشیار بکەنەوە بۆ بەندایەتیو پەرستش یان لەمەرجی کردنەوەی خولێکی تێومزگەوت دەکەن بۆماوەی مانگێک یان دوو مانگ. بۆنموونە لە چەند خاڵێکدا هاتووە، کە پێویستە ئەندام ئەرکە شەرعییەکان جێبەجێبکاتو ئاکاری پەسەند بێتو لەرێکخراوی سیاسی تردا نەبێتو تەمەنی لە18ساڵ کەمتر نەبێت.

هەموو ئەم مەرجانە بۆ بوون بەئەندامی پارتێک دروستن، بەس لەمەرجی رێکخراوێکی ئایینیو دوور لەبەرامەی سیاسیی دەکەن. تۆ کە رێکخراوێکی هیچ ئەلفێکی کەلتوورو زمانو نەتەوەت بەسەر یاوەو نییە، چلۆن مەرجێک کە جوڵەی دنیای نەتەوەیت لەخۆ بگرێت، ناکەیتە پرسێکی زیندوو بەسەر ئەندامەکانتەوە.

هینگنتۆن جۆنیز لە کتێبی کۆماری مەهاباددا باس لەو مەرجانەدەکات کە کۆمەڵەی «ژێ کاف» لەمینۆدی پارتەکەیاندا سەپاندبوو، یان پاش حەفتا ساڵ لەو رابردوو مینۆدی ئەوان زانستی ترو واقیعی تر بەم سەردەمە دەخوێنرێتەوە. ئەوان مەرجی هەستی کوردبوونو کوردپەرییان هاووانا بەراستگۆییو ئیمانداریی کردبوو، لەکاتێکدا پارتێکی نەتەوەیی بوون دینداریيان فەرامۆش نەکردببوو، بەڵام کۆمەڵی ئیسلامی لە شێوە دیندارییە سیاسییەکەیدا بەتەواوی فەرامۆشی کردووە، کە کوردەو هەستی پاکی کوردایەتی مەرجی بوون بەئەندامە لەهەرپارتێکی سیاسییدا.

هەر بۆیە کۆمەڵی ئیسلامی پێش ئەوەی مەرجی ئەندامبوونی ئەندامانی پارتەکەی بنوسێت، پێویست بوو بزانن کە ئەوان پارتێکی سیاسینو ئەو مەرجانەی کە ئەوان دایان ناوە، لەمەرجی پارتێکی سیاسیی ئیسلامی ناو کۆمەڵگەی کوردیی ناکەن، یاخود دەبوو هێند بەسانایی لە رواڵەتی مرۆڤ نەڕوانن، چونکە ئەو مەرجەی ئەوان مەرجێکی رواڵەتین. دیسانەوە گەمەکردنە بەرووکەشی مرۆڤ. دیسانەوە کردنە جاسوسی کەسێکە بەسەرکەسێکی ترەوە. مەرجی عیبادەتو بەندایەتیو بۆخواژیان شتانێک نیین مرۆڤ بتوانێت بیانپێوێتو لە قاڵبیان بدات لەنێو بەندی مینۆدێکدا. ئەو هێزەی نوێژوو رۆژوو، یاخود حەجو زەکات دەکاتە مەرجی ئەندام بوونی پارتەکەی هێزێکە سەرەداوەکانی رادیکاڵبوون فرە لەناویدا زیندوون.

چونکە لەدنیای ئەمڕۆدا کرانەوەو کرداری سیاسیی دەبێت فرە حەکیمانە لەنەخشی ژیانی پێغەمبەرماندا فێربین. چلۆن پارتێک کە ئامانجی پەیڕەوی خودایە دۆگماتر خۆی دەبینێت لەپارتێکی ستالینی کە زۆرینەی ئەندامەکانی لەبارەگاکەیدا نوێژدەخوێننو رۆژوودەگـرن لەهەمانکاتدا نەیکردووە بەمەرج لەمەرجەکانی ئەندامبووندا، کە ئەندامی پارتەکەمان نابێت نوێژ بخوێنن، یاخود لەبارەگای پارتێکی سیکۆلارو عەلمانیدا مەرجی شێوازی بەندایەتی ئایینی دیاری نەکراوە. ئەوە تەنها ئیسلامییەکانی کوردستانن لە ئەندامبوونی پارتەکەیاندا مرۆی کوردیان بچووک کردووەتەوە، لەمرۆڤێکی سوننەی شافعی مەزهەب، کەواتە لەنمادی سیاسیی کۆمەڵدا عەرەبێکی سونە مەرجی ئەندامبوونی لە کۆمەڵی

ئیسلامیدا هەیە.

چونکە هەموو مەرجەکان دەیگرێتەوە، چونکە نەنوسراوە ئەندامی کۆمەڵ پێویستە کورد بێت، بەڵام نوسراوە پێویستە نوێژبکاتو پابەند بە ئەرکە ئاینییەکانی ئیسلام بێت. کەواتە لەمیتۆدی کۆمەڵدا کوردێکی خانەقینی نابێتە ئەندام، یاخود کوردێکی کاکەیی‌و یەزیدی‌و شەبەکو زازاکی مەرجی ئەندام بوونی نییە، بەڵام عەرەبێکی عۆجە هەموو مەرجەکانی تێدایە. دۆگمابوون لەمیتۆدی ئیسلامییەکاندا، کاتێکە کە لەناو مەنهەجی هەموو پارتە لائیکەکانی کوردستاندا، مەرج بۆ هیچ کوردێک سنوردار نەکراوە، چونکە ریزەکانی یەکیەتی‌و پارتی‌و هەموان ئەندامگەلی کاکەیی‌و یەزیدی‌و شەبەکو فەیلییان تێدایە، وەلێ پارتە ئیسلامییەکان ئەمە ناکەنە مەرجی ئەندامبوون. لەکاتێکدا گەر بگەڕێینەوە بۆ کاروبارەکانی مەدینەو سەردەمی پێغەمبەرایەتی‌و راشدین شێوازی لەم جۆرە بۆ جیاکاری لەنێوانی ئەندامانی کۆمەڵگەی مەدینە نەبووەو فرە بەدروستی مافو ئەرکو ئیدارەیان بووە، بەڵام ئەوە ئەستۆخواربوونە بۆ واقیعی پڕموعەمای سیاسیی کە وا لەم پارتە ئیسلامییانە دەکات مرۆڤبوون کورتب کەنەوە بۆ کارگەلێک کە حسابو کتابی بۆخودا خۆیەتی. کەچی فرە بە روونی لەمیتۆدی پارتێکی ئیسلامیدا ئاماژە بۆ ئەودەستوەردانە لەکارو باری خودادا کراوە.

ئەگینا فرە بەڕوونی لەچەند شوێندا خودا بەندایەتی وابەستەدەکات بەخۆیەوەو نایەوێت کەسانی تر مەرجی نزیکایەتی‌و پارتبوونیان ببەستن بەو بەندوباوانەوە بۆ لەزانیارییەکانی شەرعدا هاتووە کە خودا رۆژووی بەندەکەی بۆخۆیەتی‌و خۆیشی پاداشتی دەداتەوە. بۆزیاتر روونکردنەوەی ئەم مادەیەی مەرجی ئەندامبوونی کۆمەڵ بەسەرهاتێکی سەعدی شیرازی لە گوڵستاندا هاتووە دەیخەینە پێشچاو: بۆخۆی دەگێڕێتەوە دەڵێت شەوێک لەگەڵ بابم لە شوێنێکدا و لەنێو چەند رێبوارێکدا لەمزگەوتدا ماینەوە. من ئەو شەوە نەنوستمو هەر مژوڵی عیبادەتو شەونوێژ بووم، تەماشام دەکرد جگە لەمن کەسی دی هەڵنەدەستاو نوێژی نەدەکرد.

ئیدی فرە مەراق بوو، دەوروبەرم پرخەپرخو ناڵەو هاوار بوو، هەریەک بەجۆرێک لێیان ورد دەبوومەوەو هەڵکورمابوون. لەم کاتەدا بابیشم هەڵساو

هاتە نوێژ بخوێنێت. لێم پرسی بابە ئەمانەی دەوروبەرمان کەسیان ئاوەزی نییە هەڵسێتو دو رەکاتە نوێژبکاتە بۆخوا. وەلێ بابم وەڵامیدامەوەو وتی: خۆزگە رۆڵکەم تۆیش بخەوتیتایەو بەو جۆرە تەحقیقی دەوروبەری خۆتە نەکردایە، دڵنیایە خودا ئەو مرۆڤانەی لەتۆ زیاتر خۆش دەوێن.

یەکێک لە تێبینییە هەرە دیارەکانی نێو پێڕەوی کۆمەڵی ئیسلامیی، برینییە لە درێژدادڕی لە شتانێکدا، کە برینین لە چەند هێڵێکی لاوەکیو ساکار لەنوسینی پێڕەوی نێوخۆیی هەر پارتێکی سیاسیدا. لەم پێڕەوەدا لەدوای بەشی دووەم تا بەشی پێنجەم کە خۆی لە بیستو حەوتە مادەی سەرەکی کۆمەڵدا دەبینێتەوە. بە وردبوونەوە لەم پێڕەوە ئەو راستییە دەخوێنرێتەوە، کە کۆمەڵی ئیسلامی ستراتیژێکی تۆکمەی هەیە لەکاری حزبایەتیداو هێزێکە تەنها ئامانی سەرەکی لەبوونیدا سیاسەتکردنەو سەرلەبەری پێڕەوەکەیشی رێکارێکی وردە بۆ سیاسەتکردنو شوێنەواری عەقیدەو باوەڕو ئینتیمای ئیسلامی، کە تەنها لەهێڵە عاتیفیو وروژێنەرەکانی ناو کۆمەڵگەداو لە شوێنەوارە رووکەشەکانی سیمای تاکەکانیاندا دەبینرێت لەناو پێڕەوی کۆمەڵی ئیسلامیدا هیچ شوێنەوارێکی نییە. بۆنموونە لەبەشی سێهەمی پێڕەوی کۆمەڵدا کە تایبەتە بە ئۆرگانەکانی ئەم پارتە سیاسییە. هەریەک لە مەکتەبەکانی کۆمەڵ، کە برینین لەمەکتەبی ئەمیر، مەکتەبی زانایانو مەکتەبی پەیوەنییەکان.

لەراستیدا بوونی مەکتەبەکان، بەخوێندنەوە بۆ مافەکانی ئەمیر تێدەگەین، کە جۆرێک لەجەختکردنەوە لە زاڵبوونی پێگەی ئەمیر هەیە. چونکە لەیەکەم خاڵی مافی ئەمیردا هاتووە، کە ئەمیر سەرپەرشتی هەموو مەکتەبەکان دەکات، هەروەها هەمووڕێککەوتنو پێوەندییە سیاسییەکان ئەو ئیمزایان دەکات. خاڵی گرنگ لەم پێڕەوەدا ئەوە بوو بوترێت، مەکتەبی ئەمیر چییەو چی نییە، چونکە هەموو کاروبارەکانی ئەمیر لە مەکتەبەکانی تردا بەروونی دەبینرێت. تەنانەت مەکتەبی زانایان کە دەبوو پێشەوای کۆمەڵ سەرپەرشتیی بکات، خراوەتە ژێر دەستی ئەمیر.

لە شێوازی هەرەمی دەسەڵاتی ئەم حزبەدا، دەبوو پێشەوا مەکتەبی هەبوایەو شتێکی لەو جۆرەیش ئێستا لەناو کۆمەڵدا هەیە، بەڵام ئەوە روونە بۆ

لەناو پەیڕەودا مەکتەبی ئەمیر باسکراوە، بەڵام مەکتەبی پێشەوا باس نەکراوە، چونکە دانانی پێشەواو مەتەبەکەی، بەندە بەو چەند ڕۆژەی تەمەنی شێخ موحەمەد بەرزنجییەوە کە ماویەتی. ئەوەیش ئاماژەیە بەنیازی ڕەوانی کۆمەڵ لە پێچانەوەی پۆستی پێشەوادا.مەهزەلەی ئەم شێوە حزبانە لێرەدا چەند خاڵێکی دیمان بۆ دێنێتە پێشەوە.

یەکەم:بەرژەوەندیی شەخسی لەسەرووی بەرژەوەندی کۆمەڵەوەیە. ئەمەیش دروست پێچەوانەی ئەرکەکانی ئەندامییەتی ناو کۆمەڵی ئیسلامییە، کە لەبەشی دووەمی مادەی نۆهەمیدا بەخاڵێک ئاماژە دراوە بەوەی کە پێویستە ئەندامی کۆمەڵ بەرژەوەندیی کۆمەڵ بخاتە سەرووی بەرژەوەندیی خۆیەوە. ئەم خاڵە لەسەرەتاوە ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی پێشێلیکردو لەسەر بنەمای بەرژەوەندییە شەخسییەکانی خۆیو لەسەر بنەمای هاوکێشەی پەیوەندییەکانی ئەوکاتەیو خەنجەردان لەنەیارەکانی ناو بزوتنەوەی ئیسلامی پۆستێکی تەشریفاتی دایە شێخ موحەمەد بەرزنجی تا تەماعگیریی بکات لەناو کۆمەڵداو بەتیرێک هەم خانەوادەی مەلاعەلی پێکا، چونکەی شێخ موحەمەد بەرزنجی بۆناو کۆمەڵی ئیسلامی، بۆیان موفاجەئەبوو، هەمیش توانی بەشێکی گەورەو ڕەسەنی بزووتنەوە بهێنێتە ناو کۆمەڵەوە، بەمەیش لەو کاتەدا پلانی جیابوونەوەکەی سەرکەوتوو بوو. لەوکاتەوە تائێستا پێشەوای کۆمەڵ بارێکە بەسەر شانی کۆمەڵی ئیسلامییەوە، هەربۆیە بوونیشی لەناو پێڕەوی کۆمەڵدا بەشێوەیەکی کاتی ئاماژەی پێکراوەو کاروبارەکانی ئێستای لەناو پەیڕەوا شوێنی نییە. تەنانەت سەرمەرشتی مەکتەبی زانایان لەئەستۆی ئەمیردایە نەک پێشەوا.

ئەم گەمەکردنە بەپێشەوا، لۆژیکی نییە. خاڵی دووەم: بریتییە لەو ڕاستییەی کە تەواوی پەیڕەوی کۆمەڵی ئیسلامی پەیڕەوێکی سیاسییەو عەقیدەو بیرو باوەڕ لە جەوهەریدا شوێنی نییە. ئەم پەیڕەوە نەنوسراوە تا دۆزێکی ڕەواو غەدری سەرنەتەوەیەکو سیاسەتی لەنێوبردین ئاینێک هەڵگرێک، بەڵکو نوسراوی چەند کەسێکە بۆ ماوەی ژیانی خۆیانو لەپێچی بەرژەوەندییەکی کاتیدا نوسراوە. بۆ نموونە، لەپێناو بەرژەوەندییەکی کاتیدا زەرووڕەتی پێشەوا هاتە پێش، ئەوە تەنها بۆ دانانی شوێنێک بوو بۆ شێخ موحەمەد بەرزنجی، ئەو

نەدەبوو لەژێردەستی عەلی باپیردابێت، نەیش دەبوو عەلی باپیر لەژێردەستیدا بێت، ئیدی هاوکێشەکە بەم جۆرە حەلکرا.

کەواتە بوونی گەر بەرزترین پۆستی ناو ئەو پەیڕەوە بۆ لە کۆڵکردنەوەی شەخسێکو بڕینی بیانووی مەلایەک دانرابێت. ئەوە ئەو راستییە دووپاتدەکاتەوە، کە هیچ کام لەپلەو مادەکان هەڵقولاوی پێویستی نینو کۆی هەموویان بەندوباوێکی کاتینو بەزەوقی ئەمیرێک زیاد دەکرێنو کەم دەکرێنەوە. مەکتەبەکانی کۆمەڵی ئیسلامی، بەهیچ کلۆجێک شێوەی کاریان و پێویستییان روونن نەکراوەتەوە، بەڵام کاری ئەمیرو پێشەوا باس کراوە.

هەڵەکە لێرەدا ئەوەیە کە دەبوو پێویستی مەکتەبی ئەمیرو زانایانو مەکتەبەکە بخرایەتە روو، نەک ئەو کەسەی کە سەر پەرشتیی دەکات. هاوکات مەکتەبی زانایان و بانگخوازان لەپێڕەوی کۆمەڵی ئیسلامیدا خراوەتە ڕوو. ئەم مەکتەبە بوونی لەناو کۆمەڵدا هەڵەیەکی کۆمەڵ بەرانبەر بەدامەزراوەی میریی و بەتایبەتی وەزارەتی ئەوقاف دەخاتە ڕوو. مەکتەبی زانایانو بانگحوازان، لەناو کۆمەڵی ئیسلامیدا، هەمان ئەرکەکانی مەکتەبی رێکخستنی ئەم پارتەی هەیە.

تەواوی زاناکانی کۆمەڵی ئیسلامیش موچە خۆری ئەوقافنو لەناو ئەو وەزارەتەدا ئیمام یان خەتیبی مزگەوتێکن. بانگخوازی لەم پێڕەوەی کۆمەڵدا، یەکسانە بە بانگخوازی بۆ بەرنامەی کۆمەڵ. ئەگەر نا ئەرکی زانایان لەوەزارەتی ئەو قافا وتارو ئیرشادانە. ئەم بانگخوازییەی کە پێڕەوی ناوخۆی کۆمەڵ اویەتە پاڵی زانایان چ مانایەک ئەدا بەدەستەوە جگەلە بەکارهێنانو ئیستغلالی زانایانی ئاینی بۆ خزمەتی پرۆژەیەکی سیاسی کە تەنها یەک مادەی تێدانییە ئاماژەبێت بە کارکردن بۆ پەیڕەوێکی شەرعیو وڵاتەوەیەکی ئیسلامی. ئەگەر بێتو پێناسەی سەرەتاو ناوی کۆمەڵ لەم پێڕەوەدا لابەریت، کەسێک ناتوانێت بڕیار بدات، کە پەیڕەوێکی ئیسلامی دەخوێنێتەوە، چونکە بەدرێژایی مادەکانی ئەم پەیڕەوە عەقیدەیەک یان ستراتیژێک یان بەرامەیەکی نەتەوەییو ئاینی نەخراوەتە روو.

دروست لەسەر نەهی پێڕەوە کلاسیکییەکانی چەپەکان، کە لەسەروبەندی هەیمەنەی شۆڕەویدا دەنوسرانەوەو پەخشدەکران لەنێو یەکیەتی شورەویو وڵاتانی لایەنگری ئەو بلۆکەدا. هەمان کاریگەرییە کۆپیکراوەکەی ئەوانەوە نەیانتوانیوە

بەرۆحێکی رۆژهەڵاتیو بە زەرەیەک داهێنان لەنوسینی پێڕەوی ناوخۆیدا، پێڕەوی خۆیان بنووسن. یەکێکی تر لە ئۆرگانەکانی کۆمەڵی ئیسلامی بریتییە لەدەزگاکانی هەڵبژاردنو دەزگای پێشمەرگە دێرینەکانو دەزگای پلان. دەزگای پێشمەرگە دێرینەکان لەم پێڕەوەدا تەنها بۆ شەڕی حزبەکانی دیو کردنەوەی گرێی دەروونییان لەەنگیان لەگەڵ بزووتنەوە دانراوە.

چونکە هەموو بزووتنەوە لە ساڵی 1987 دامــەزراوەو کۆمەڵیش لەسەرەتای دووهەزارەکاندا راگەیەنراوە. بوونی پێشمەرگەی دێرین لەم پارتەدا ئێجگار کەمنو بەپەنجەی دەست دەژمێردرێن، چونکە کۆمەڵ بەیابوونەوەی زیاتر کەسانی هەرزەو هەرزەکارو گەنی سەر رووتی لەگەڵدابوون.

هەربۆیە خودی کۆمەڵ لە دامەزراندنی ئەم دەزگایەدا دووچـاری غەدرێک بوونەتەوە لەمیریو لەغیابی پێشمەرگەی دێریندا، کەسانێکیان لەسەر ناوی پێشمەرگەی دێرین تۆمارکردووەو خانەنشینکردوون، کە رۆژێک لەرۆژان هەورازێک یان چیایەکی نەدیتووە، هەربۆیە گەر بـەوردی چاو بەدەزگای پێشمەرگە دێرینەکانی کۆمەڵدا بخشێنین تێدەگەین، ئەم دەزگایە چ گەندەڵیو چ بێویژانییەکی لەبەرامبەر میریدا تۆمارکردووە. لەبەشی چوارەمی پێڕەوی نێوخۆیی کۆمەڵی ئیسلامیدا، چەند مادەیەک خراونەتە روو، لەوانە کۆنگرەو کۆنفرانسو ئەنجومەنی سەرکردایەتیو مەکتەبی سیاسیو کارو ئەرکی پێشەواو ئەمیر.

هەریەک لەم مادانەی کە ئاماژەمان پێدا، دیسانەوە باسکردنێکی زیادەی ناو مینۆدی کۆمەڵن. لەمینۆدی حزبێکدا دەبوو بتوانین ستراتیژو مەغزای سیاسیو هێزی کارو پرۆژەی کۆمەڵایەتیو ئابووریو سیاسی ئەم پارتە دەستەبەر بکەین، کە بەهیچ دۆرێک کۆمەڵی ئیسلامی نەهاتووە بەلای ئەم جۆرە پرسە زیندووانەدا.

لەم پێڕەوەدا بچووکترین کەڵک لە کاتوری سەرمەشقو سەرداری ئیسلامی لەنەزمی رێکخستنی ئابوریدا وەرنەگیراوە. لەمرشۆدا تەنها شانازییەک کە هزروانە ئیسلامییەکان دەیکەن، بواری ئابوری ئیسلامییە، کە مینۆدی کۆمەڵ سەرەداو یان تێگەیشتنێکی بچووکی لەو بارەیەوە بۆ ئابوری وڵاتێک نەخستووەتە روو کە سەر لەبەری کێشەو قەیرانەو لەسەرەتاکانی کاری بونیادنانی دایە. هاوکات رێکارێک نەخراوەتە روو بۆ رێکخستنی پێوەندییەکانی هەرێمو پرۆژەی سیاسیی نەتەوەی

کورد بۆ ئایندەی ئەم کیانە سیاسیەی، کە لەدەسپێکی کارەکانیدایە. کۆمەڵ لەبەشی چوارەمی مینۆدەکەیدا، کە بەشێکی زیادەو درێژکراوەیەکی بێمانای ناو مینۆدێکی ئیسلامییەو هیچ بارگاوی نییە بە هزرێکی رەسەنی ئیسلامیی. لەم بەشەیشداو لەپێناسەو وردەکارییەکانی کۆنگرەو کۆنفرانسدا کۆمەڵی ئیسلامی هیچکام لەوانەی بەروونی و بەعەمەلی جێبەجێ نەکردووە.

بۆنموونە کۆمەڵ لەماوەکانی بەستنی کۆنفرانسو کۆنگرەدا، تاوەکو ئێستا نەیتوانیوە لەکاتو شوێنی خۆیدا کارەکان راپەڕێنێت. لەم بەشەدا ئەوەی پێوەندیدارە بەرۆحی مینۆدێکی مۆدێرنو دیموکراتگەرەوە غیابی هەیە، چونکە کۆمەڵ لەم مینۆدەدا بەهیچ جۆرێک باسی لە میکانیزمی هەڵبژاردنی ئەمیرو ماوەی ئەمیرایەتی دیارینەکردووە. ئەوە لەکاتێکدا باسی لەمیکانیزمی هەڵبژاردنی ئەندامانی سەرکردایەتی کردووە. مەهزەلەکە لێرەدا بەجۆرێک خۆی دەبینێتەوە، کە بـەوردیو بەڕیزێک خاڵ قسە لەسەر مەرجی بوون بەئەندامی کۆمەڵو دەرکردنو سزادانی ئەندامانی کۆمەڵکراوە، بەڵام ئەم پرسو راوێژە بۆ ئەمیر باسی لێوەنەکراوە. تەنها شتێک کە دەبوو لەم مینۆدەدا ئاماژەی پێبکرایەو نەریتێکی هەم نوێیە لەنوسینی مینۆدی پارتێکی سیاسی هاوچەرخدا. هەمیش لەمینۆدی پارتێکی پارێزگارو شەرعخوازدا قابیلی قبول نییەو پێویستبوو شەرعەن ئاماژە بە میکانیزمی هەڵبژاردنی ئەمیر و پرەنسیپی شورا بکرایە. ئەم خاڵە لەمینۆدی کۆمەڵدا عارو عەیبێکی دیارو بەرچاوەو ئاماژەیە بۆ رەنگرێژییەکی دیکتاتۆریانەی ورد لە قەسدی ئەمیردا، چونکە بەسەرنجدان لەتەواوی ئەو مینۆدە سیاسیانەدا، کە پارتە ئایدیۆلۆژییە راستو چەپەکان نوسیویانە، هیچ کام لەوانە بە شێوەیەکی رەمزیش بێت نەیتوانیوە خۆی لەمیکانیزمی بەرپرسایەتی کەسی یەکەم بوێرێت، یاخودنەکراوە مەری ئەندامی سەرکردایەتی دابنرێت، بەڵام مەرجی ئەمیرو پێشەوا دیاری نەکرێت.

لەبەشی پێنجەمی مینۆدەکەدا، کە دواین بەشی ئەم پەیڕەوە ناوخۆییەی کۆمەڵی ئیسلامییە ئاماژە بە رێکاری حزبی کراوەو خۆی لە دەخاڵدا دەبینێتەوە. لە خاڵەکانی پێنەمو شەشەمدا باس لە هاوبەشی کاری خوشکانو برایان کراوە. بۆنموونە لە خاڵی پێنجەمدا هاتووە هەرئۆرگانێک کە کاری خوشکانو برایان تێیدا

هاوبەشبێت، دەبێت لە 20% خوشکان بن.

لەم خاڵەدا هەڵەیەکی جدی هەیە کە مێتۆددانەرانی کۆمەڵ بەنیازی خۆیان گەرەکیان بووە مێتۆدەدەکە جۆرێک بنوسن خۆیان لەلۆمەی فیمێنیستەکان بەدوور بگرن، بەڵام بەوردبوونەوە لە خاڵەکە ئێدەگەین کە دووچاری هەڵەیەکی گەورەتر بوونەتەوە، چونکە دیاریکردنی رێژەی ژن یان خوشک یا ئافرەت لە ئۆرگانێکی حزبیدا وەک ئەندام ، ناچێتە ئەو چوارچێوەیەوە، کە پێویستە ژن بۆ هەڵبژاردنێک یان سنورو رادەی دەنگی ژن لە کورسییەکی پەرلەماندا دابنرێت.

ئەوەی لەو خاڵەدا ئاماژەی پێکراوە، کارو باری رۆژانەی حزبیەو کاری ژیانە. بۆکارو باری ژیان ناکرێت سنوورو رێژەی سەدی دابنرێت بۆ تواناکانی ئافرەتو خوشکان. کەواتە دەکرێت بڵێین کۆمەڵی ئیسلامی بڕیاری داوە لە 20% ئەندامانی ئافرەت بن. لەکاتێکدا گەر راستیەکە بخوێنینەوە رەنگە زۆرینەی ئەندامانی کۆمەڵ خوشکانو ئافرەتان بن، لەلایەکی ترەوە لە خاڵی شەشەمدا هاتووە خوشکان مافیان هەیە، لەهەر ئۆرگانو رێکخستنێکی کۆمەڵدا ببنە ئەندام. ئەمەی خوارەوە دروست پێچەوانەی خاڵەکەی سەرەوەیە.

لەلایەکی تریشەوە سەبارەت بەخاڵی چوارەم، کۆمەڵی ئیسلامی یەکێک لەرەگەزە سەرەکییەکانی دروستبوونی خۆی لە وەدا دەبینێتەوە، کە هێشتنەوەی ئەخلاقو مۆراڵی خێزانو کۆمەڵگە بریتییە لە رێگریی لەبەردەم ئەو نەزمە خۆرئاواییەدا، کە بواردەکانەوە بۆ تێکەڵی کوڕو کچ لەناوەندەکانی خوێندنو فەرمانگەو شوێنە حکومییەکانو تەنانەت شوێنە گشتییەکاندا.

بۆنموونە گەر کۆمەڵی ئیسلامی مومارەسەی دەسەڵات بکات بێ پێچو پەنا لەسەر زاری بانگخوازو چەندینجار لەسەرزاری خودی ئەمیرەوە ئەوە دوپاتکراوەتەوە، کە کار دەکەن و نەهی دەکەن لە تێکەڵی نێوان کوڕ و کچو بەشێکی دوور لە رێنومایەکانی شەریعەتی دەزانن. ئەمەیش چەندین ار لەسەر زاری عەلی باپیرو ئەندامانی سەرکردایەتی وەک دڵشادگەرمیانیو هەمووانەوە خراوەتە روو.

لەراستیدا ئەم نەزمە بەبەراوردکردن هەم بەمێتۆدەکەی و هەم بەبەراوردکردن لەگەڵ واقعی کاری سیاسیاندا دوچاری دوالیزمەی کردوون، چونکە

لە ئەدەبیاتی کۆمەڵدا کاری هاوبەشی کوڕو کچو ژنو پیاو مەبدەئیەن ڕێگەی لێگیراوە. ئەوان بەبێسەرنجدان بەوەی کە دەیڵێنو لە پەیڕەویاندا وەک ئەوەی پەیڕەوی پارتێکی چەپیان کۆپیکردێت باس لە ڕێژەی کاری هاوبەشو ئامادەبوونی ژن دەکات لەرێکخستنو ئۆرگانەکانیدا لەگەڵ پیاواندا.

ئەم دوالیزمەیە لەکاتێکدایە کۆمەڵ لەمەدای مومارەسەی حوکمداری خۆیدا، کاریدەکرد بۆئەوەی وەک کۆماری ئیسلامی ئێران ماشێنی ژنو پیاو ودابکاتەوەو ناوەندەکانی خوێندن لێک دابڕێتو زانکۆکان لە تێکەڵکاری بەدووربگرێتو ئەنانەت بواری بە هاتنەناوەوەی ژن نەدەدا بۆناو شوێنە گشتییەکان. ڕاستییەکی تر هەیە ئەوەیە کە بانگەشەی کۆمەڵ بۆ ئەم بەزمو بالۆرەیە، تەنها بۆ دەرێی خۆیەتی. ئەوان دەڵێن باسینەمای یاو مەدرەسەی یاو هۆڵیجیای بۆنەکان بۆ کچو کوڕ هەبێت، بەڵام بۆخۆیان وانییە. ئەوان کۆبوونەوەو گردبوونەوەکانیان تێکەڵەو کاری حزبیان هاوبەشە.

ئەوان لەمەرامی سیاسیو بەرژەوەندی خۆیاندا، ئامادەن سەدان کورو کچ بکەنە هۆڵێکەوە، هەر بۆئەو مەرامە سیاسیە خەڵکی نەخۆنەوار وا لێدەکەن کچو کوڕانیان نەنێرنە خوێندنێک کە تێکەڵو پێکەڵە لە کوڕ و کچ، واتە شەرع ئەو ئەزبیحەیە کە کۆمەڵ بەئیعازی سیاسیو قازانجی سیاسی خۆی زکری پێدەکات. لەهەمووی گرنگتر لەسەر لەبەری منۆدی کۆمەڵدا، کە مینۆدێکە هێندەی باسی ئەمیری ئیاکراوە نیوهێندەو بگرە هیچ باسی نەتەوەی کوردو دۆزی نەتەوەی کوردی تیادا نەکراوەو ئەو گرفتە نەتەوەییەی کورد، نەوەک دۆزێکی سیاسی نەوەک دۆزێکی ئاینیو کۆمەڵایەتیو بگرە کلتوری نەخراوەتە ڕوو. دوور تانزێک لە هێڵە گشتییەکانی مینۆدی کۆمەڵدا زەمینەو پێشنیاری هیچ ڕەونەقێکی ئیسڵاحی یان شۆڕشخوازی، یان وڵانەوەیەکی هزری نەکراوە.

هاوکات ئاسەواری جوگرافیو چاوگەکانی نەتەوەی کورد لە زمانو مێژوو، لەئابووریو ئامانجی سیاسی گوێی لێخەوێنراوە. لەم پەیڕەوەدا دور تا نزیک ئاماژە بۆ ستەمی نەتەوەی سەردەستو پارچەبوونی خاکی کوردستانو میکانیزمی هەستانەوە نەکراوە. لەلایەکی تریشەوە پلانی داهاتوو، واقیعی ئێستا هیچی لەبارەوە نەخراوەتەڕوو. هاوکات باس لەپەیوەندییە خزبییەکانو نومایانی

برایەتیو رایەڵەی ئیسلامییەکانو هاوپەیمانییەتی نەکراوە. هیچ بەرامەیەک لەروانگەی جیهانبینی کۆمەڵەوە جگە لەو خاڵە سەقەتو عەیبدارەی کە ئاماژەمان پێدا نەخراوەتە روو. مافی ژینگەو ئاژەڵو سەروەتی نیشتمانی. پرۆژەو پسپۆڕی کۆمەڵەکانو ئەجێندایان لەو ئاقارەدا کۆیرەو بستێک قسەی لەبارەوە نەکراوە.

شکێکی جدی لەم میتۆدەدا ئەوەیە، کە نوسەرانی وەک دارشتنێک بۆیان روانیوەو جیهانبینی نوسەرانی یان داڕێژەرانی مادەکانی زیاتر کێشەو پێکهاتەی خزبێکی گشتیان نوسیوە، کە دەبێت لەسەرەوە بۆ خوارەوە چۆن بێتو چۆن خانەو شانەکانی دابڕێژێت. ئەگین لەم میتۆدەدا ناتوانین بڵێین لەمیتۆدی کام حزبو کام رێکخراو دەکات.

ئەم میتۆدەی کۆمەڵ بەبەراورد بە میتۆدەکانی دی، وەک ئینشایەکی چۆکەر وایەو دەکرێت ناوەکەی بۆ هەموو پارتێک بەکاربهێنی، بەڵام تایبەتمەندییەکانی ئەو پارتە نەنوسراوە. ئەگەریش ئەم میتۆدە بـەراورد بکەین بە مەنهەجی یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستان، یاخود مەنهەی بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستان، یان حزبی سۆسیالیست دیموکراتی کوردستان، ئەوا تێدەگەین چەند نازانستییەو چۆن بەبێ ئاگایی لە دنیای سیاسیی نوسراوە.

چونکە ئاسان بوو چەند سەرە قەڵەمێک لە هزری رسەنی پارتەکەو چەند دێڕێک لە کاری سیاسی پارتەکەو نیازو بەرنامەی کۆمەڵ بخرێتە روو، چونکە ئەوەی لەم میتۆدەدا دەیبینین دێڕێکی تێدانییە لەسەر واقیعی کۆمەڵو کارو بارو چالاکییەکانی. کۆمەڵ دەکرێت چەندین نوسینگەی لەئێرانو تورکیا هەبێتو لەئایندەدا کاری ئەوانە دیاری بکاتو زەمینەی چالاکییان فراوانبکات. پەیوەندی حزبێک بە دەوڵەتێکی دراوسێوە، دەکرا هەم بە پاڵپشت بەیاساکانی هەرێمو هەم بەپاڵپشت بەواقیعی کارو ئامانجەکانی لە میتۆدەکەیدا دیاریکراو بوایە. سەرنجی ئێمە لەم میتۆدەدا، بە کورتی خۆی لەم خاڵانەی خوارەوە دەبینێتەوە:

1. ئەم میتۆدە کۆپیی میتۆدی پارتێکی ئیسلامی، یان کاریگەری میتۆدی پارتێکی ئیسلامی یان بەنەفەسێکی ئیسلامیانەو تێگەیشتنو راڤەیەکی ئیسلامیانە نەنوسراوەو شینەکراوەتەوە، چونکە لەهیچ پەیڕەوێکی ئیسلامیو گروپێکی جیهادیو ئیسڵاحیدا، بەم شێواوە بەرجەستەی هزری ئیسلامی ناکەین. گەر

مینۆدی ئیخوان بخوێنینەوە، ئێدەگەین چ شۆڕشێکو چ پلانێکی سەیرو چ قوڵییەک لەریشەی بەندەکانیدا هەیە. گەر تەماشای پارتەکەی غەنوشیو راپەرینی تونس بکەین، دەزانین چەند شارەزان بە دنیای سراعی حزبیو پاشخانی هزریی ئیسلامیو مەبدەئی سیاسیی خۆیان. تەنانەت لەمینۆدی یەکگرتوودا وەک پارتێکی ریفۆرمخوازی بێچەکی کوردیی ئیسلامی جۆرێک قوڵیو قورساییەکی هزری لە ئامانجە نیشتمانیو ئیسلامییەکانیدا هەستپێدەکرێت

2. ئەم مینۆدەی کۆمەڵی ئیسلامی لـەرووی پێکهاتەو رووکەشەوە، لەمینۆدی ئەو پارتە چەپانەی ئەلبانیاو چارتی کۆمۆنیستی ئەلبانی سەردەمی ئەنوەرخۆجە دەکات، بەڵام ئەم لێکچونە لەرووی رووکەشو سوتفەوە بووە نەک لەرووی دیراسەو ئاگاییەوە. تەنها دارشتنی شێوازی پەیڕەو نووسینەکەی لەشێوازی پەیڕەوی چەپ دەکات بەڵام تایبەتمەندیو شێوازی کاری نەخراوەتە روو، واتە وەک فۆڕمێک وایە بۆ نوسینی مینۆدو، بەڵام هیچی تێدا نەنوسراوە

3.مینۆدەکە جۆرێک دوالیزمەی لەنێوان هەندێک لە مادەکانی ناویدا تێدایە، لەگەڵ واقیعی کارو مێژووی کاریدا، بەتایبەت ئەو مادانەی تایبەتن بەپرسی ژنو منداڵو ژینگەو مافەکانی مرۆڤو خەباتی رزگاریخوازی کورد، وەک نەتەوەیەکی بندەستی چوار دەوڵەتی کۆڵۆنیکار.

4. مینۆدەکە خاڵییە لەرۆحی ئیسلامیانەو گوزەرێکی خێرایە بەنێو خودی کاری خزبیدا، بەشێوەیەکی گشتیو خوێنەر یان توێژەر یان هەر ئەندامێکی خۆیان، کە ئاتاجی بەدیراسەی حزبیانەی کۆمەڵە بەخوێندنەوەی، ناتوانێت هیچ تێبگاتو هیچ راستییەکی بۆنومایان نابێت

5.بەرووونی جۆرێک لە رادیکاڵبوون و تەوق بەسەر ئەندامانەوە دەبینرێت. بۆنمونە لە ئەرکو مافی ئەمیردا، کە لەچوارچێوەی چەند خاڵێکدا خراوەتە روو ، هیچ ئەرکێکی ئەمیر نابینیتو هەموو خاڵەکان مافی ئەمیرنو هەموو خاڵەکان رەوایەتیدانە بەئەمیر چی بکاتو چۆن ئامۆژگاری بکاتو چۆن کەسێک سزابداتو چۆن بەرپرسبێت لەهەموو ئۆرگانەکاندا

6. گرفتێکی تری ئەم مینۆدە کەنەسازە لەگەڵ یاسای بنچینەیی حکومەتی هەرێمو هەر حکومەتێکی تری لیبراڵو دێموکراتو هەر یاسایەکی مەدەنیدا،

بریتییە لەوەی کە هەست ناکرێت کۆمەڵ لە وڵاتێکدا مومارەسەی کاری سیاسیی دەکات، کە هەم فرەنەتەوەو زاراوەییە، هەمیش فرە ئایینو کلتوورەو چەندین مەزهەبو ئاینۆچکەو ڕێبازی جیاجیا بوونیان هەیە. کۆمەڵ تەنها بەنەفەسێکەوەو بەحەزێکەوە میتۆدەکەی خۆی نوسیوە، کە وڵاتێکی هەیە هەموویان موسڵمانی سوننی شافعی مەزهەبن.

7. لەم میتۆدەدا هەست بەوەناکرێت، کە ئەم پارتە پێشکەوتوخواز و لیبراڵە یان پارێزگارو کۆنخوازە، ناتوانیت ئەوە هەڵبهنجێنی کە کۆمەڵ دەستی بەبنەما کلتوریی‌و ڕەسەنەکانەوە گرتووە، یان عەوداڵی مۆدێرنەو نوێگەرییە، چونکە دەتوانین بڵێین کۆمەڵدارای میتۆدێکە، کە هیچ هەوێنێکی هزریو لۆژیکی لەمادەو بەشەکانیدا بەچاوناکەوێت‌و هیچ ڕەونەقێک نادات‌ە توێژەر، ناتوانێت لەسایەی مادەو بەندەکانی ئەم میتۆدەدا خوێندنەوە بۆ ڕاستی‌و دروستی‌و نیازو ئایندەی ئەم پارتە ئیسلامییە بکات.

# بەشی سێیەم
# خوێندنەوەی پێڕەو و پرۆگرامی
# بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عیراق

هزری جیهاد و جەنگی چەکداری چۆن خزایە ناو ڕەوتی ئیسلامیی کوردییەوە؟

لە باشووری کوردستاندا ڕەوتی ئیسلامی، پەیوەست نییە بە ئەزمونی زانایەکی ئاینیو داهێنانی داهێنەرێکی ئاینی کوردەوە.

هەروەک چۆن لە میسردا کەسێکی وەک حەسەن بەننا، سروشتییەن بەخوێندنەوە بۆ بارودۆخەکەی ڕێکخستنێکی لەبەرامبەر هزرە باوەکانی ئەوکاتـ قونکردەوە، یاخود لە پاکستاندا زانایەکی وەک مەودودی پارتێکی ئیسلامی بە کەڵکوەرگرتن بەمەکرو نیازی خۆی ڕاگەیاند. لە کوردستاندا ریشەی سیاسیی ئیسلامی هەبوو، بەڵام ریشەی ئیسلامیی چەکدار فرە نوێبوو. بەبڕوای چاودێران ئەم ریشە چەکدارییە هێندەی مەبەستەکەی دروستکردنی چەترێک بوو بۆ پاراستنی ڕێکخستنو خەتو باڵە ئیسلامییەکانی نیوخۆ، هێندە هەوڵێک نەبوون و زەرورەتێکی کاتی ئەو قۆناغە نەبوون بۆ ڕووبەڕوو بوونەوەی ڕژێمی فاشیستی بەعس.

جاڕدانی ئەوژمی چەکداری ئیسلامی هۆ ڕاستەوخۆکەی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵی 1987، هەربۆیە لە پێڕەوی نێوخۆی بزووتنەوەی ئیسلامیشدا (1987/5/15 زایینی) بەرامبەر ناوی بزووتنەوە لە بزووتنەوەی پەیوەندیی ئیسلامیەوە گۆڕا بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی. لەڕاستیدا پاش خۆپیشاندانە جەماوەریەکەی 1987/5/13 دوای ئەوەی کە جەماوەری هەڵەبجە و هەورامان و خورماڵ دژ بە ڕژێمی داپڵۆسێنەری بەعس ڕاپەڕین , خۆپیشاندانەکە پەرەی سەند , ڕژێم بۆی دەرکەوتـ کە جموجوڵی بەرهەڵستکاریی زۆر بەهێزە و زیاتریش هۆکارەکەی بۆ پاڵپشتی ئێران دەگەڕاندەوە، لەکاتێکدا ئێران ئیستغلالی دەنگی ناڕەزایی خەڵکەکەی کردبوو، نەک خەڵکەکە بەشێک بن لە پرۆژەی ئێران.

ئیستغلال کردنەکەش لەڕێگەی هەندێک لەزانا ئاینییەکان بوو، کەریشەیان لەناو ڕێکخستنە ئیسلامییە سیاسییە ئیخوانییەکەدا هەبوو. بەمەیش ڕژێم کاریگەریی ڕەوتی حوکمی ئیسلامیی لە ئێران لەسەر جەماوەری دەڤەرەکەی بە هۆکار دەزانی، بۆ ڕوودانی ئەو پشێوی و بەرهەڵستکاریانە.

بۆیە ڕژێمی بەعسیش زۆر دڕندانە هەستا بەسەرکوتکردنی خۆپیشاندانەکە

و سەرئەنجامەکەیشی لە ڕووخاندنی گەڕەکی کانی عەشقانی شاری هەڵەبجە و بێ سەروشوێن کردنی ژمارەیەک لە خەڵکی خورماڵ و هەورامان، پاشان زیندە بەچاڵکردنیاندا خۆی بینیەوە , دیارە بەمەش رژێم ڕق و قینی جەماوەری ڕاپەڕیوی زیاتر کردو لە نێوئەو هەڵچوونکەەدا زاناکان ئیستغلالی رەوشەکەیان کرد.

بۆیە لەهەڵەبجەدا بەتایبەتی بنەماڵەی شێخ عەبدولعەزیزی پریس، بوونە کەواسوری بەرلەشکری دەنگە نارەزاییەکانو ڕۆڵی بەرچاویان بینی بۆ ئەو پرۆژەکاتییەی کە رژێمی ئیسلامی ئێران خواستیان لەسەری هەبوو.

لەنێو ئەو زانا راپەڕیوانەدا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز وەک ریش سپییەک ومەلایەکی دێرین کرایە رێبەرو دەمڕاستی هەموان. ئەگەر نا مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیزو براکانی لەوانە مامۆستا عەلی عەبدولعەزیزو مەلا شێخ سدیقی برای، تەنانەت براگەورەکەیان مەلا عومەر لە شەستەکاندا گەنجانەترو بۆلواوانە تر دەیانتوانی ئەو فیکرەی کە لە هەشتاکاندا لە چوارچێوەی رێکخستنێکدا پەرەیان پێدا دەستپێبکەن.

کەواتە تەوژمی ئیسلامی سیاسی گەر لەوڵاتانی عەرەبیدا زادەی تۆڕە ئیخوانییەکان بێت، ئەوا لەکوردستاندا زادەی رەگەزە شیعە گەراییەکانی تیۆریی سیاسیی شیعە بوو، واتە جاڕدانی بە کاریگەریی کۆماری ئیسلامی بوو، وەلێ هەوێنەکەی هەوێنێکی ئیخوانی بوو، کە لە حەفتاکاندا مزگەوتەکانی کوردستانی گرتەوە.

هەربۆیە پێش دروستبوونی کۆماری ئیسلامی، ئێران ئەوکات ئەوان چەند زانایەکی ئاینی بوونو پشتیوانی شۆڕشی ئەیلول بوون. فیکری ئیسلامی سیاسی لەکەلەیاندا نەبوو. پاش دروستبوونی کۆماری ئیسلامیی ئێران، لە بنچینەدا و ئەسڵی دروستکردنی جموجوڵەکان دەگەڕایەوە بۆ مەلاعەلی عەبدولعەزیزی برا بچوکی مامۆستا مەلاعوسمانی رابەر و مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحمودی هەورامان، کە بەتوندی لە میمبەری مزگەوتەکانەوە هێرشیان دەکردە سەر دامەزراوەکان و سیاسەتو ئەجێندای رژێمی بەعس، تەنانەت پارتە لائیک و عەلمانییەکانی کوردیش.

هەربۆیە بەزویی بڕیاری هیجرەتکردنیان بۆ ئێران داو خۆیان و خەڵکێکی

زۆرو هاووڵاتیانیان بەجێهێشت و بەرە و کۆماری ئیسلامی ئێران کۆچیان کرد. ئینر بە گەیشتنیان بۆ ئێران، ڕاستەوخۆ بیریان لە دامەزراندنی پارتێکی ئیسلامیی چەکدار کردەوە، کە لەسەر پێی خۆی ڕاوەستێت و بەرەنگاری فیعلی ڕژێمی بەعس ببێتەوە. هەرچەندە پێشتر پارت و ڕێکخراوی ئیسلامی تر سەریان هەڵدابوو , بەڵام ئەو پارتانە زیاتر لەژێر کاریگەریی لایەنی تردا بوون , و لەلایەن ئەوانەوە ئاراستە دەکران , کە دیارترینیان پەیوەندیی ئیسلامیی کوردستان بوو. ئەم پارتە ئایدیاو ئامانجی ناڕوون بوو. ڕێبەرەکانی لەتاریکیدا بوونو بچوکترین هەڵوێستو بەرنامەو کاریگەریی خۆی بەجێنەهێشت.

لەهیچ قۆناغێکدا کەسێکیان نەبوو بڵێ من پەیوەندی ئیسلامیم، هەمیشە بەتێپەڕبوونی کات، ئەوان باسیان لەرابردوو کردووەو وتویانە بزووتنەوە تۆ پێشەنگ نیت، ئێمە پێشەنگین.

بە کۆچی مامۆستا مەلا عوسمانو شێخ عەلی عەبدولعەزیزو مامۆستا ئەحمەد کاکە مەحمودی هەورامان، هاوکات بەکۆچی شێخ موحەمەد سەرگەتی، کە ئێستا پێشەوای کۆمەڵی ئیسلامییە بۆ ئێران گۆڕانکاری ڕیشەیی لە نەزمی کارکردنی ئەو زانا ئاینیانەدا دروستبوو , ئەوان چەند زانایەکی ئاینی بوون، کە یەک ڕێکخستنو یەک قوتابخانەی ئاینی باری نەهێنابوون، ڕاستە بەشێوەیەکی گشتی زاناکان لەهەورامانو هەڵەبجەوە کۆچیان کرد، بەڵام لەشوێنە جیاوازەکانی کوردستانەوە، زانایانی دیکە ئەوانەی پێچراو بوون، لە تۆڕە ڕێکخراوەییەکانی ئیخوان دیسانەوە کۆچیان کرد بۆ ئێران. لەوانە مامۆستا سەید ئەحمەدی پێنجوێنی لەهەولێرەوەو چەندین زانای تر لە سلیمانییەوە لە ئۆردوگاکانی ئێراندا پەیوەندیان کرد بەم مەلایانەوە.

ئایا یەکبوونو گردبوونەوەی ئەوان وەک گوێڕایەڵییەک بۆ قورئان کە داوا دەکات , مسوڵمانان دوور لە تەفرەو پەرتەوازەیی دەستبەکاربن کاری لەسەر کرابوو، یاخود ڕێکخستنێک هەموانی بەرەو ئێران جووڵاند؟ یان پرۆژەیەکی ئێرانی بوو، ویستی ئەو زانا ئاینییانە بخاتە گەمەیەکی سیاسیەوە کە لەخزمەت پرۆژەی تەسیدیری سەورەکەی خۆیدا بن , نازانرێت چ سیحرێک بوو، ئەو هەموو زانا ئاینییە بە باگراوندی جیاوازەوەو بەرێکخستنی جیاوازەوە کەخەتی یەک و

دووی ئیخوان و پەیوەندیی ئیسلامی و سۆفی و دەروێشی تێدابوو، هاوکات خوێندکاری زانستە شەرعییەکانو خەڵکی بێڕابردووی تێدابوو گەنجی سەر رووتو تازە مەلای تێدابوو ،هەموان مامۆستا مەلا عوسمانیان کردە قسەکەری یەکەم.

ئیدی خودی مامۆستا هات لەسەر بناغەی پەیوەندیی ئیسلامیی پارتێکی ئیسلامیی نوێی دامەزراند , و دواتر ناونرا (بزووتنەوەی ئیسلامیی لە کوردستان/ عیراق). ئەمەیش موعەمایەکی ئاڵۆزە، چونکە بزووتنەوە تەنها ناوێک بوو، ئەگەر نا لەناوخۆدا ریزو رێبازی جیا بوون. بوونی ئەم بزووتنەوەیە بەبڕوای ئێمە لەسەر بنەمای پەیوەندی نەبوو، چونکە پەیوەندی، مەودای مانەوەی بۆ نەمابویەوە , چونکە هەموو لایەک کۆک بوون لەسەر سەرکردایەتی کردنی مامۆستا مەلا عوسمان بۆ بزووتنەوەو ئەگەر پەیوەندی بە سەربەخۆیی بمایەتەوە کەسی بەلاوە نەدەما و لە ماوەیەکی کەمدا ئەپوکایەوە , بۆیە لە مانگی حوزەیرانی (1987) و لە ئاکامی کۆبونەوەیەکی فراوانی زانایانی ئاینیدا لە شاری (سنە) بزووتنەوەی ئیسلامیی لە کوردستانی عێراق ڕاگەیەنرا.

هەرچەند لەپێشەکیی پێڕەوی نێوخۆی بزووتنەوەی ئیسلامیدا، بزووتنەوە وەک درێژەپێدەری رابیتەی ئیسلامیو دواتر پەیوەندی ئیسلامی دەزانرێت. بۆنموونە لەپێشەکی پێڕەوی بزووتنەوەدا هاتووە، کە لەدوای کۆنگرەی 2009 پەسەندکراوە:» سەرەتایی ڕێکخستنە ئیسلامیەکان بەرجەستە بوونو ئەوە بوو ڕێکخستنی بیری جیهادی لەپێناو بەرەو پیرەوەچونەکەی بانگەوازی خواییو بەرگری لە چەوساوەو زوڵمو زۆری لەسەر میللەتەکەمان لە ساڵی (1978ز 1398ه) یەکەم بناغەی خۆی داناو لە ساڵی (1984ز) بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیی لە کوردستان / عێراق جیهادی چەکداری ڕاگەیاند .

بنکەو بارەگاکانی لەسەر سنوورو ناوچە شاخاویەکانی دامەزراندو بە کرەوە بەشداریکرد لە خەباتو ململانێ دژی ڕژێمی عێراق لە ساڵی 1987ز گۆڕانکارییەکی پیشەیی ڕوویدا قۆناغی فراوان بوونو گەشە کردن دەستپێکرد (بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستان / عێراق) ڕاگەیەنرا، کە زانای پایە بەرزو موجاهیدو کۆڵنەدەرو هەڵقولاوی جەرگەی کوردستانو لە هەوڵو مەرجێکی زۆر پێویستدا بەڕێز (مامۆستا مەلا عوسمان عەبدولعەزیز) هاتە نێو گۆڕەپانی جیهادو

خەباتو هەوڵو تێکۆشانەوەو بزووتنەوەی ئیسلامیی ئیعلان کرا».

بەڵام گومان لەوەدا نییە کە بزووتنەوەی ئیسلامیی بە هیچ جۆرێک درێژکراوەی پەیوەندی ئیسلامیی نییە، هەروەک ماموستا مەلا عەلی عەبدولعەزیزلە دیدارێکدا لەم بارەیەوە دەڵێت:» پێشتریش حیزبێکی تر هەبوو بەناوی (بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامیی ) کەلەنیوەی یەکەمی هەشتاکانی سەدەی بیستەمدا دروست کرا، بەڵام ئێمە درێژە پێدەری پەیوەندی نەبووین، بەڵی ئەو رابیتە ئەو برایانە شێخ محەمەد، مەلامەحمودی ئازادی، و شەهید مەلاعەلی و ئەوانی تر، ئێمە خۆمان ئاگامان لێیان بووە، و بەئەمر و ئاگاداری ئێمە رۆشتنە دەرەوە، و پشتگیریمان کردن و یارمەتیشمان دان، بەناوی ئەوەوە کە بۆ ئیسلام کار دەکەن، بەڵام هەقیقەت ئەوە نەبوو»، هەروەها دەڵێت:» سەبارەت بە پەیوەندی ئیسلامیی هیچ درێژەپێدانێک نەبوو،بەڵکو گۆڕانکارییەک بوو لە ساحەکەدا، ئەوەندەبوو ئەوان ئینزیمامیان کرد بۆلای ئێمە، چونکە ئەگەر وابوایە شێخ محەمەد لەو کاتەدا لەگەڵ رێزمدا بۆی کە لەوێدا مەسئول بوو، یان شێخ لەتیف کە ئێمە چووین ئەو مەسئول بوو، کە پێش شێخ لەتیف شێخ محەمەد مەسئول بوو، دە بووئەوان ببوونایە بەجێگرهیچ نەبێ، ئیتر پاش ئەوەی کە تەشکیلاتی بزووتنەوەمان کرد ئەوانمان وەکو ئەفراد قەبوڵ کرد، کە شێخ عوسمانی کاکەم بوو بەرابەرو منیش بووم بە جێگری ئەو، جا لەبەرئەوە بزووتنەوە درێژەپێدەری (رابیتە) نەبوو، بەڵکو دامەزراوەیەکی تازە بوو دروستکرا، لەسەر بنەڕەتی ئەو بیروباوڕە پێشووەی کە لە پەنجاکانەوە وەرمان گرتبوو».

بەمجۆرە مەلا عەلی عەبدولعەزیز ئەو راستیانە دەخاتە روو، وەڵامی ئەوەیش دەداتــەوە، کە هەموو خەتوباڵەکان لەناو بزووتنەوەدا وەک ئەندام وەرگیراون، بەڵکو ئەسڵی مەتڵەب بنەماڵەی مەلا عەلی بوون. وەک خۆی دەڵێت ئەوان سەردارو جێگری پارتەکە بوونو ئەوانی دیش ئەندامی لاوەکی. ئەمەیش دیسان ئەو راستیە پیشاندەدات کە یەکبوونەکە یەکبوونێکی قورئانی نەبووە، بەڵکو یەکبونێکی کاتی بووەو لەژێر ئەو پەردەیەدا یەکخراون، تا هەلی لەبار بۆ قوتاربون و ئیشی سەربەخۆ بڕەخسێت.

لەسەرەتادا قیادەی بزوتنەوە زیاتر لە مامۆستایانی ئایینی (مەلا) پێکهاتبوو،

ئه‌مه‌ش به‌ پێچه‌وانه‌ی ڕای زۆر که‌سه‌وه‌، پێموایه‌ ئه‌مه‌ سیمایه‌کی جوانی به‌ بزووتنه‌وه‌ دابوو، ته‌نانه‌ت ئه‌گێڕنه‌وه‌ ئه‌ڵێن: که‌ هه‌ر مه‌لایه‌ک کۆچی بکردایه‌ بۆ ئێران، ماموٚستا مه‌لا عوسمان له‌ دڵسافی خۆیه‌وه‌ ئه‌یفه‌رموو، بیکه‌ن به‌ ئه‌ندامی مه‌کته‌بی سیاسی! مه‌لا هێنده‌ قه‌در و ڕێزی هه‌بوو، جگه‌ له‌وه‌ی که‌ خودی ماموٚستا مه‌لا عوسمانیش که‌سێکی دڵ ساف و خواناس و ساده‌ بوو.

له‌م قۆناغه‌ نوێیه‌دا بزوتنه‌وه‌ به‌ ئاقارێکی ڕاست و ڕه‌وشێکی تردابرا، که‌ زیاتریش کاریگه‌ری و ڕۆڵی ماموٚستا مه‌لا عوسمان‌و ماموٚستا مه‌لا عه‌لی عه‌بدولعه‌زیزی پێوه‌ دیار بوو، بزووتنه‌وه‌ له‌ پاشکۆیه‌تیه‌وه‌، بوویه‌ بزووتنه‌وه‌یه‌کی نێوده‌وڵه‌تیی و جگه‌ له‌وه‌ی که‌ له‌لایه‌ن جیهانی عه‌ره‌بی و ئیسلامیه‌وه‌ ناسرا و وه‌ک بزاڤێکی خه‌باتگێڕی مسوڵمان حسابکرا، بگره‌ بزووتنه‌وه‌ توانی په‌یوه‌ندی له‌گه‌ڵ جیهانی غه‌یره‌ مسوڵمانیشدا دروستبکات و ته‌نانه‌ت مه‌کته‌بی په‌یوه‌ندییه‌کانی له‌ له‌نده‌ن و ئه‌مریکاشدا کرده‌وه‌، و داواکاری و نامه‌ و ئاگادارییه‌کانی ئه‌گه‌یشتنه‌ نه‌ته‌وه‌ یه‌کگرتوه‌کان و ده‌وڵه‌ته‌ زلهێزه‌کان. میدیای ئه‌وروپا و ئه‌مریکاش بزووتنه‌وه‌ی له‌سایه‌ی ئه‌و ته‌وژمه‌وه‌ ناسی و له‌ چه‌نده‌ها کۆنگره‌ی ڕۆژنامه‌نووسیدا ماموٚستا مه‌لا عوسمان و ماموٚستا مه‌لا عه‌لی عه‌بدولعه‌زیزو هه‌ندێ له‌ سه‌رکرده‌کانی تر دیمانه‌یان له‌و میدیایانه‌وه‌ بۆ سازدرا.

ئه‌م ناساندنه‌ی بزووتنه‌وه‌ی ئیسلامی دیسانه‌وه‌ ئه‌و ڕاستییه‌ پیشانده‌دات، که‌ خواستی ئێران له‌ ناساندنی بزوتنه‌وه‌ فره‌ له‌پێشچاو گیرابوو. ئێران چۆن مه‌به‌ستی بوو دۆزی کیمیابارانی هه‌ڵه‌بجه‌ به‌دنیا بناسێنێت، به‌و جۆره‌ش مه‌به‌ستی بوو بزووتنه‌وه‌ بناسێنێت. ئێران ویستی ته‌وژمی ئیسلامی بکاته‌ به‌دیلی ته‌وژمی نه‌ته‌وه‌یی، چونکه‌ به‌جۆرێک له‌ جۆره‌کان سه‌ره‌داوی په‌یوه‌ندی له‌نێوان پارته‌ نه‌ته‌وه‌ییه‌کان و به‌رهه‌ڵستکاره‌کانی خۆیدا ده‌دییه‌وه‌، له‌به‌رئه‌وه‌ به‌ رامهێنانی بزافی رزگاریخوازی کوردی باشور له‌ بۆته‌یه‌کی ئیسلامیدا ئیدی رزگاری ده‌بوو له‌ ده‌ست تێکه‌ڵکردنی کوردی ئێران‌و عیراق.

له‌ گرنگترین و دیارترین هۆکاره‌ ده‌ره‌کییه‌کان، که‌ پاڵپشت بوون بۆ گه‌شه‌و نه‌شونماکردنی ڕه‌وتی ئیسلامی له‌ کوردستانی عیراق به‌تاییه‌تی له‌ گه‌شه‌کردنی بزوتنه‌وه‌ی ئیسلامیدا ئه‌مانه‌ن:

1.بیری سیاسیی ئیسلامی لە ئێراندا: ڕەوتی ئیسلامی بەشێکی گرنگی کێشەی کوردستانی عیراق بەهەموو دەرهاویشتە و پەل و پۆکانییەوە پێکدەهێنێت و یەکێکە لە قوربانییەکانی دەست دەسەڵات و بە گوێرەی گونجان و فرسەت دروستبوون، دەبـوو لە هـەر کاتێکی زوودا سەرهەڵبدات، ئـەم ڕەوتـەش بە گەشەیەکی خێرا و سەیر لە پەنجاکان و شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا سەریهەڵدا، بەڵام تا ئەم دواییەش نەیتوانی پانتاییەکی فراوان بگرێتەوە و جیاکارییەک لەگەڵ ڕابوردوودا دروستبکات، دواتریش لە شێوەی ڕێکخراوێکی ئیسلامیدا قوت ببێتەوە، بەڵام پاش تێپەڕبونی ساڵانێک بەسەر دروستبوونیدا و ڕودانی گۆڕانکاری و بەرەو پێش چونەکان وایکرد کە ئەو ڕەوتە بە پەلە گەشە بکات، بۆیەش ڕەوتی چەپ لەو کاتەدا توانی بۆ ماوەیەکی زۆر وەک ڕەوت و لایەنی دەستڕۆیشتوو بمێنێتەوە.

لەگەڵ ئەوەشدا گۆڕەپانی کوردی بە شێوەیەکی بەرچاو نەکەوتە ژێر کاریگەری ئەوبەرەوپێشچوونەوە و نەبووە لانکەیەک بۆ ڕووکردنە کاری ئیسلامیی بە شێوەیەکی بەرفراوان و ئەو ڕێژە کەمەی ڕەوتی ئیسلامیش کە دروستببوو، لەژێر کاریگەری گۆڕانکارییەکانی جیهانی ئیسلامیدا پەیدا بوو، و بە تایبەتیش شۆڕشی ئیسلامیی ئێران سەرەڕای ئەوەی کە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران شۆڕشێکی بیروباوەڕی - ئاینی تایبەت بوو بە مەزهەبی جەعفەری و بزوتنەوەی ئیسلامیی کوردیش لەڕووی مەزهەبیەوە لێی جودا بوو، بەڵام دواجار هەردوولا لە هەستە ئاینیەکەدا یەکیان ئەگرتەوەوە، هەڵایسانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بەرامبەر بە ڕژێمی شا وەک کاردانەوەیەکی ئەو ڕەوتە سێکۆلاریستەی ڕۆژئاوا بوو بەرامبەر بە عەمامە بەسەرە ئاینییەکان، بۆیە شۆڕشی ئیسلامیی ئێران بە شێوەیەکی گشتی توانی کار بکاتە سەر گەلانی ناوچەکە و بەتایبەتی گەلی کورد بۆ گەیشتن بە ئازادی و ڕزگاربوون لە ڕژێمە تۆتالیتاریستەکان، هەروەها کاریگەریی خۆیشی هەبوو لەسەر فراوان کردن و قوڵکردنەوەی ڕابونی ئیسلامی لە کوردستانی عیراق.

2. ئەفغانستان وەک سیمبولی کاری ئیسلامی و جیهادیی: سەرەڕای ڕۆڵی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران، کە فاکتەرێکی گرنگ و گەورە بوو لەسەر سەرجەم

جیهانی ئیسلامی، نەک تەنها لەسەر کوردستانی عیراق، کە لەڕووی جوگرافیەوە لێوەی نزیک بوو، جگە لەمەش ئەدەبیاتی ئیسلامیی کوردیی ئەوە دەردەخات، کە هۆکاری دەرەکی تر هەبوو بۆ گەشەکردنی ڕەوتی ئیسلامیی کوردیی، بەتایبەتی حاڵەتی ئەفغانی، کە لەبەرەی بەرگریدا بوو بەرامبەر بە داگیرکاری سۆڤیەتی، زیاد لەوەش کە هـەردوولا پەیڕەوکاری یەک مەزهەبی ئیسلامیی بوون لەو ئەدەبیاتەشدا هاتووە: جیهادی ئیسلامیی ئەفغانستان کاریگەریی تەواوی هەبوو لەسەر ڕەوتی ئیسلامیی کوردی لەبەر چەند هۆیەک لەوانە:

ا. ڕەوتی جیهادیی ئەفغانی بەگشتی ڕەوتێکی سوننی بوو، کە زۆربەی کوردیش سوننەن، ئەمەش وایکرد هیچ گرێیەکی دینی و دەرونی نەمێنێت، کە بەرلە نزیک بوونەوە و مامەڵە لەگەڵ یەکتر کردندا بگرێت.

ب. لێکچوونی جوگرافیای نێوان کوردستانی عیراق و وڵاتی ئەفغانستان لەڕووی ئاو و هەوا و بەرز و نزمی و دژواریی ناوچەکانی هەردوولا.

2. تۆڕەکانی ئیخوان موسلمین لە کوردستان :

یەکێکی تر لە فاکتەرەکانی نەشونماکردنی ڕەوتیی ئیسلامی لە کوردستانی عیراق، بوونی ڕێکخراوە میسریەکان بوو لە کوردستانی عیراق، بە تایبەتی دوای ئەو ڕابوونە ئیسلامیەی میسر بە خۆیەوە بینی کە ئەویش لەژێر کاریگەریی شۆڕشی ئیسلامیی ئێراندا بوو، کە لەو کاتەشدا ژمارەیەک لە ئیسلامیەکانی میسر کۆچیان کرد بۆ کوردستانی عیراق و هەندێک لە گەنجان و خوێندکارانی کوردیان لە زانکۆکاندا و جێگاکانی کارکردنیاندا لە هەولێر و سلێمانی ناسی، دواتر پەیوەندیەکانیان توندوتۆڵ بوون و وانەی ئایینیی تایبەتیان لە ماڵەکانی خۆیاندا بۆ دانان و هەر لەو ماڵانەشدا نوێژی جومعەیان بۆ دەکردن، چونکە میسرییەکان ڕایان وابوو، هەروەها ئەو گەنجانەشیان وا ڕاهێنان کە نوێژکردن لە پشت سەری ئەوانەوە دروست نییە، کە پشتگیری سەدام و دەسەڵاتەکەی دەکەن بە بەڵگەی ئەوەی خۆشەویستی (الولا) بۆ خودا و پێغەمبەر (صلی الله علیه وسلم)و بڕواداران زیاتر دروست نییە، میسرییەکان هەستیان بە لەباری ئەوکاتەی کوردستان کرد، بۆ بانگەوازەکەیان بەهۆی ئەو ڕقەی کە کورد لە ڕژێم هەیبوو، هەروەها گەڕانەوەی گەنجانی کورد لەو کاتەدا بۆ کاری ژێرزەمینی لەو بارودۆخە

دژوارەدا یاریدەی تەواوی میسرییەکانی دا بۆ بڵاوکردنەوەی بانگەوازەکەیان، هەروەها دەستنەکەوتنی چەک لەو زەمەنەدا لە میسر بە شێوەیەکی ئاسان زیاتر سوکنایی بەوان بەخشی، کە لەو بارودۆخەدا لە کوردستان پەرە بە بانگەوازەکەیان بدەن، هەروەها گەیشتنی کتێبەکانی کۆمەڵەی جیهاد و کتێبەکانی دکتۆر عومەر عەبدولڕەحمان و کتێب و کاسێتەکانی دکتۆر عەبدوڵڵا عەززامو عەبدولقادر عەودە کاریگەریی تەواویان هەبوو لە دروستکردنی ڕەوتیی ئیسلامی لە کوردستانی عیراق بە فکرێکی تەندروست و تێگەیشتوو لە پڕەنسیپەکانی (الولا ) و (البرا) و (بەیعەت) و هیتریش،.. کە دواتر فیکری جیهادیان لە کوردستانی عیراق پێکهێنا.

2. هۆکارە ناوخۆییەکان لە دەستپێکی کاری جیهادی ئیسلامییدا.

1. چەرمەسەرییەکانی گەلی کورد و ئەو ستەمانەی بە درێژایی دەسەڵاتی ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عیراق بەسەریدا هاتووە، هەر لەسەرەتای دروستبوونی دەوڵەتی عیراقەوە لە ساڵی (1921) و دواتریش بەشبەش کردنی کوردستان لە پەیماننامەی (سایکس بیکۆ) دا. و ڕووخانی خیلافەتی عوسمانی و بەشبەش بوونی دەوڵەتانی ئێران و تورکیا و عیراق و سوریا و یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو، هەروەها لە پەیڕەوی ناوخۆی بزوتنەوەی ئیسلامییدا و لە باسی ڕوونکردنەوەی ئامانجی بزوتنەوەکەدا هاتووە «ناساندنی کێشەی کورد بە سەرجەم گەلانی جیهان و ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان و تێکۆشان لەپێناو گێڕانەوەی مافی زەوتکراوی گەلی کورددا، و دژایەتیکردنی ستەم و گەندەڵی و بەرپاکردنی دادپەروەری و ڕیفۆرم و پاراستنی ناسنامەی ئیسلامیانەی گەلی کوردی مسوڵمان».

2. نەبوونی بزاڤی ئیسلامیی ئایدۆلۆژی چەکدار ومۆنۆ پۆڵکردنی گۆڕەپانی سیاسیی کوردیی لە شەستەکان و حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا، لەلایەن هێزە نەتەوەیی و چەپڕەوەکانەوە، هەرچەندە لە دوای خیلافەتی ئیسلامییەوە، سەرجەم ئەو شۆڕش و ڕاپەرینانەی کراون بە ڕابەرایەتی زانایانی ئاینی و شێخ و کەسایەتییە ئیسلامییەکان بووە.

3. هەڵایسانی شەڕیی نێوان ئێران و عیراق و شەرعی نەبوونی ئەو شەڕە لەفیکری زانایان و زۆرینەی گەنجانی مسوڵمان، کە لەو کاتەدا پەنایان بردبوە بەر ناوچە ئازادکراوەکانی کوردستان، ئەمەش وایکرد کە پەنا بۆ دامەزراندنی بزاڤێکی

جیهادیی پابەند بە سەرجەم ڕەهەندەکانی شەریعەتەوە بدەن.

4. بێگومان کۆمەڵێک فاکتەریی تریش هەن ، کە ناکرێت پشتگوێبخرێن، کە پەیوەندییەکی بەهێزیان بە شێوەیەکی گشتی بە کێشەی عیراقەوە هەیە لەوانە بوونی (ناوچەی ئازادکراو و هێمن) لە کوردستانی عیراقدا ئەمەش وایکرد کە ئاو و هەوایەکی ئازاد لە هەندێک ناوچەی ئازادکراوی کوردستاندا بێتە کایەوە، کە پێشتر وجودی نەبوو، هەرچەندە ئەو ئازادییەش هەڵایسانی شەڕی ناوخۆی لە نێوان پارتە کوردییکاندا بەدواوە بوو کە بزوتنەوەی ئیسلامیش لەو شەڕانە پارێزراو نەبوو، کەوتە شەڕێکی خوێناوییەوە لەگەڵ (ی.ن.ک) ئەمە و دەیان هۆکاری ناوخۆیی تر، کە ڕۆڵیان لە نەشونماکرنی بە پەلەی بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عیراق دا هەبووە.

لە مانگی ئاداری 1991دا جەماوەری کوردستان دژی ڕژێمی بەعس ڕاپەڕین ولەم ڕاپەڕینەشدا بزوتنەوەی ئیسلامیی بە هێزی چەکدار و جەماوەرە بەرفراوانەکەیەوە لە کوردستاندا ڕۆڵی بەرچاوی بینی، و تا لە 28ی، ئەپڕێل دا هێزە کوردییەکان، لە شاخ و ناوچە ئازاد کراوەکاندا شکستیان خوارد، وڕووە و شارو شارۆچکەکانی تر کشانەوە، و دوای ئەم ڕوداوەو بۆ ماوەیەکی کورت، سەرکردەکانی کورد بەتایبەتی مەسعود بارزانی و جەلال تاڵەبانی، دەستیان کرد بە دانوستان دەربارەی حوکمی زاتی لە گەڵ ڕژێمی بەغدادا، و دەرەنجام ئەم دانوستانانە لەمانگی یۆنیۆی 1991 دا شکستی هێنا و هێزەکانی بەعس گەڕانەوە کوردستان و لەمیانەی ئەم هێرشانەی ڕژێمدا پێشمەرگەکانی بزووتنەوەی ئیسلامی سەرسەختانەترین بەرەنگارییان لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستاندا ئەنجامدا. وەلێ بزووتنەوە ئامانجی لە ڕاپەڕین و بوونی ئەزمونێکی دەسەڵاتی کوردی شتێکی دیکە بوو، هەر ئەو ئامانجە جیاوازەش شەڕی خوێناوی ناوخۆی خوڵقاند، هاوکات بووە هۆی ڕاگەیاندنی چەند ناوێک لەو کاتانەی کە بزووتنەوە لە دەرێی ساحەی سیاسی کوردیدا بوو. بۆ نموونە یەکگرتووی ئیسلامیی کوردستانو بزووتنەوەی ڕاپەڕین لەو ڕەوتە جیابوونەوەو داماڵران. ئیدی بزووتنەوە تەنها ناوە جیهادی و چەکدارییەکەی گۆڕەپانەکە بوو.

لە ساڵی 1999 بزووتنەوەی ئیسلامیی بەڕابەرایەتی مامۆستا مەلا عەلی

عەبدولعەزیز،هەوڵی زۆری دا بۆئەوەی مسوڵمانان یەک ڕیز بن وببنە برا و پشتیوانی یەکتر، ئەوەبوو ساڵی 2000 پێکهێنانی بزووتنەوەی یەکبونی ئیسلامیی کوردستان ڕاگەیەنرا.

دوای ئەوەی کە ئەنجومەنی نەتەوەکان، بڕیاری 688ی، لە 5ی ئەپرێلی 1991دا دەرکرد، کە تیایدا پرۆتستۆی ئەو ڕەشەکوژییەی کرد، کە لە بەشێکی زۆری عیراقدا، بە ناوچە کوردەکانیشەوە، دژ بە هاووڵاتیانی سیڤیل پیادە دەکرێت و داوای لە عیراقیش کرد، کە بە پەلە، کۆتایی بەو ڕەشەکوژییە بهێنێت و ڕێگا بە ڕێکخراوە خێرخوازییە نێودەوڵەتییەکان بدات، کە بە ئاسانی خزمەتگوزارییەکانیان بە سەرجەم ئەو ناوچانەی عیراق بگەیەنن، کە پێویستیان بە دەستی هاوکاری و یارمەتی هەیە، کە ئەمەش بۆ یەکەم جار بوو، کە نەتەوە یەکگرتووەکان پێداگیری لە کارێکی لەو جۆرەدا بکات و دەست وەربداتە نێو کاروباری وڵاتێکەوە کە ئەندامی نەتەوە یەکگرتوەکان بێت.

هەروەها بۆ یەکەم جاریش بووە لە مێژوی دەسەڵاتی نەتەوە یەکگرتوەکاندا و لە ساڵی 1925ەوە، کە لە بڕیارێکیدا ناوی کورد بهێنێت. لە 28ی، ئەپرێل دا هێزە کوردییەکان، لە شاخ و ناوچە ئازاد کراوەکاندا شکستیان خوارد، و ڕووە و شار و شارۆچکەکانی تر کشانەوە و دوای ئەم ڕوداوەو بە ماوەیەکی کورت، سەرکردەکانی کورد، دەستیان کرد بە دانوستان دەربارەی حوکمی زاتی و دەرەنجام ئەم دانوستانانە لە مانگی یۆنیۆی 1991دا شکستی هینا، هەر لەم کاتەدا هێزەکانی بەرەی کوردستانی شاری سلێمانی و هەولێریان کۆنترۆڵ کردەوە، و هێزەکانی بە عسیان ناچارکرد، کەلە دەرەوەی ئەو دوو شارەدا بمێننەوە، و لە ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا ڕژێمی عیراق، هەرێمە کوردییەکەی خستە ژێر ئابلۆقەی ئابورییەوە.

ئابلۆقەی ئابوری و شکستخواردنی دانوستانەکان بەرەی کوردستانی والێکرد، کە بیر بکاتەوە لە دروست کردنی ئیدارەیەکی سیستماتیکی، هەروەک بۆ دۆزی دانپێدانانی نێودەوڵەتیش گرنگیی خۆی هەبوو.

لە 1992/5/19دا، هەڵبژاردن ئەنجام درا و بۆ یەکەمجارو لە مێژوی کورددا پەرلەمان دروست کرا، و لە ئەنجامی هەڵبژاردنەکاندا بزوتنەوەی ئیسلامی لە

کوردستانی عیراق، پلەی سێیەمی هێنابوو، بە ڕێژەی5،05 % ی دەنگە کان.

بزوتنەوی ئیسلامیی و بەشداریکردنی دەسەڵاتْ:

بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عیراق، بەشداری لە دەسەڵاتدا کردووە، جا چ لەو حکومەتەدا بووبێتْ، کە پارتی دیموکراتی کوردستان پێکیهێنا، یان ئەوەی کە یەکێتی نیشتمانی کوردستان دروستیکرد، بزوتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عیراق، لە ساڵی 1996دا، هەردوو وەزارەتی کشتوکاڵ و ئاودێری و وەزیرێکی هەرێمیی بەرکەوتْ، لەو حکومەتەیدا کە پارتی دیموکراتی کوردستان پێکیهێناوە و لە ساڵی 1997دا، هەردوو وەزارەتی ئەوقاف و دادی بەرکەوتْ، لەو حکومەتەیدا کە یەکێتی نیشتمانیی کوردستان دروستی کرد، ئەمەو سەرەڕای بریکاری وەزارەتەکانی ناوخۆ و ڕۆشنبیریی کە بۆ بزوتنەوە دانران.

ئەم دیـاردەی بەشداریکردنەی بزوتنەوەیەکی ئیسلامیی جیهادی، لە حکومەتێکی سێکۆلاردا، بووە دیاردەیەکی دەگمەنی ئەم سەردەمە، چونکە زۆربەی بزوتنەوە جیهادییەکانی ئێستای جیهانی ئیسلام، بڕوایان بە بەشداریکردن لەو حکومەتانەدا نییە، یاخود بە دەستەواژەیەکی ڕونتر ئەو دەوڵەتانە ڕێگا نادەن، کە ئەو بزوتنەوە ئیسلامییانە لە دروستکردنی وەزارەتەکاندا بەشدارییکەن و بەڕاستی ئەم دیاردەیەش پێویستی بە لێکۆڵینەوەی ورد و قوڵ هەیە، دەربارەی تایبەتمەندییەکانی هەریەک لە، بزوتنەوەی ئیسلامیی و گەلی کورد و حکومەتی کوردی.

**بۆچی بزووتنەوەی راپەڕین هاتە ناو بزووتنەوەی ئیسلامییەوە:**

دوا گۆڕانکارییەکانی پاش (1999/8/21) تاکو (2001/5/30) بەشێکی گەورە بوون لە مێژووی خۆشی و ناسۆری پڕ لە قەیرانی ئەم حیزبە (بزووتنەوە یەکبوونی ئیسلامی لە کوردستان/ عیراق) کە لە ئەنجامی یەکبوونی (باسک و برا) بوو، ئەو گۆڕانکارییەی کە دوو حیزبی ئیسلامی بەرەو یەکگرتن لێک ترازان و لەبەریەک هەڵوەشان برد و لە ساحەی سیاسیی کوردستاندا بوو بە تەجروبەیەکی فاشیلی وەحدەتْ، بۆ زانینی چۆنیەتیی بەرەو ئینشقاق چون و لێکۆڵینەوە لە فاکتەرەکانی ئەو ئینقلابەی کە بەسەر بزووتنەوەی یەکبووندا هاتْ، بە پێویستْ

دەزانرێت کورتەیەک لە ڕووداوەکان تۆمار بکرێت، هەرچەندە چاکتر بوو زیاتر مێژووی ئەم بزاڤە ئیسلامیە بنوسرایەتەوە و بە هەموان ڕخنەکان لە هەڵوێست و هەنگاو و قۆناغە جیاوازەکان بگرتایە

نەهزە هەر لەسەرەتای کاری تەنزیمیەوە بە ناوی (اخون) ەوە دەیانویست پەیوەندی بکەن بە ئەخوان دەولیەوە تا ئەوان وەک حیزبی ڕەسمی ئیخوان لە کوردستان دا بناسرێن و هاوکاری بکرێن، بۆیە کاتێک کە (مستەفا مشهور) هاتە ئێران (م.سدیق) کاری جدی لە کوردستاندا کرد، ئەبێ (م.صلاح الدين) و برایانی تری ئیخوان کە لە ئێران دانیشتون، بێنە لای (م.صدیق) دوای قەناعەت پێکردنی (مستەفا مشهور) و لێوەرگرتنی نوسراوی ڕەسمی کە (م. صدیق) لێپرسراوی ئیخوانە لە کوردستاندا بەڵام (م.صلاح الدين) توانی ئەم هەوڵەی (م.صدیق) هەڵبوەشێنێتەوە و بە نوسراوێکی تری شەرعیەت بە خۆی بدا و ڕەسمیەتی ئیخوانی دەوڵی وەربگرێت و دەوری (م.صدیق) چۆڵ بکات، دوای (م.صدیق) ڕێگەی ڕێکەوتنی هەڵبژارد لەگەڵ ئیخواندا، بەڵام چەند مەرجێکیان هەبوو، ئەخوان پێیان وتن ئەگەر لەگەڵمانن وەک (برایان) مەرج قبوڵ ناکەین و پێویستە بێنە لامان، چونکە تەوجیهاتی دەرەوە، لێرەوە بە خەتی یەک و دوو ناسران (م. صدیق) دەیوت خەتی یەک دەیەوێت ناوی ئیخوان لە ئێمە بکاتەوە، بەڵام ئێمە هەر ئیخوانین، پاشان نەگەیشتنە ئەنجامی ڕێککەوتن لەگەڵ (اخوان) نەیانتوانی بەو شێوازە لە داخڵ و دەرەوەدا بمێننەوە و بڵێن اخوانین بەڵام (م.صلاح الدين) شەرعیەت و ڕەسمیەتی اخوانی هەبێت لە کوردستانیش و ئەگەر دەڵێن ئێمە ئیخوانین، دەکەونە ژێر هەمان پرسیار کە ئایا بۆ لەگەڵ (م.صلاح الدين) نین؟، بۆ قوتاربوون لەم وەزعە و نەچوونە ژێر ڕکێفی خەتی یەک فکرەی جیهادیان بڵاوکردەوە، کە گوایە کۆمەڵێکی جیاین، بەڵام دوای چوونە دەرەوە (م.صدیق) بۆ خۆناساندن (م.صدیق) دەڵێ نەم ئەزانی بڵێم چی کاتێک دەیانپرسی فکرەی چیتان هەیە، ئەگەر بموتایە ئیخوانین ئەیانوت ئەوە نییە ئیخوان هەیە، بشم وتایە جیهادین ئەیانوتەوە ئەوە بزووتنەوە ئایا ئێوە چین و ناوتان چییە؟ کە گەڕایەوە بڕیاریاندا لە «اخوان»ی خەڵکی دەرەوە ناوی خۆیانە بە بزووتنەوەی ڕاپەڕینی ئیسلامی – حرکە النهزە الاسلامیە) ڕاگەیەنن!

نەهزە وەک خەتێکی «اخوان» بێ چەک و مەدەنی فیکری و تەنزیمی لەسەر بنەمای دژایەتیی یەکگرتوو، پاشان سلبیاتی بزووتنەوە هاتنە مەیدان و خەڵکی خۆیان پەروەردە ئەکرد، لەگەڵ یەکگرتوو بە جۆرێک کەوتبوونە سراع چەندین جار پەلاماری یەکیان ئەدا و بزووتنەوە دەکەوتە نێوانیان، ئامادەی هیچ جۆرە سازش و پێکەوە ژیانێک نەبوون لەگەڵ یەکگرتوودا، بۆ نمونە لەساڵی 1998 کاتێک هەڵبژاردنی قوتابیان و خوێندکاران لە هەولێر ئەنجام درا و بڕیار بوو لە سلێمانی بزووتنەوە و ڕاپەڕین و یەکگرتوو بەیەک نوێنەری بەشداری بکەن، دوای کۆمەڵێک دانیشتن لە سکرتاریەتی یەکگرتوو، ناوەندی پەیوەندی ئەنجامی نەبوو. ڕاپەڕین دەیوت ئێمە ئامادەنین لەگەڵ یەکگرتوو هیچ جۆرە تەنسیقێک بکەین خۆشمان هەڵدەبژێرین، ئەگەر لە گروپ و کولیەیەکدا تەنها یەک ئەندامیشمان هەبێت پەیوەندی محاوەلەی جدی کرد، لەگەڵ (کاک صلاح الدین بابکر) سکرتێری یەکگرتووی قوتابیان و کاک امیری سکرتێری یەکیەتی قوتابیانی ڕاپەڕین دا، بەڵام ڕاپەڕین لە تەعەسوبی خۆی نەهاتە خوار، بە مەرجێ نفوسیشی نەبوو، پەیوەندی هێندە مروریەتی دەتواند، لەپێناوی ئەوەدا کە نمونەیەکی ناشیرینی ئیسلامییەکان نیشان نەدرێت کە (کاک صلاح الدین بابکر) بە نوێنەرەکانی پەیوەندی وتبوو (باشە یەعنی چی ئێوە بەرامبەر نەهزە واتان لێهاتووە! ئاخ بۆ ئەو ڕۆژەی کە (م.ملا علی خۆی دەیوت بەگۆچان هەموویان فەلاقە بکات و کۆتاییان پێ بهێنێت).

نەهزە هەر سور بوو لەسەر ئەوەی کە بەتەنها خۆی هەڵبژێرێ هیچ حیسابێکیشی بۆ سومعەی موسڵمانان نەکات و باقی لە برایەتی و یەکڕیزی و پێکەوە گونجاو بێت! چونکە نەهزە لەسەر بنەمایەکی حیزبی پتر لە حیقد و دژایەتیی بەرامبەر بە ئیسلامەکان دروستبوو! لە ئەڵقەی ڕێکخستنەکانیاندا، لە جیاتی خوێندنی عەقیدە دەرسی غەیبەت و بوهاتانیان دژ بە باسک دەوتەوە و لەسەر دژایەتیکردنی کوێرانەی یەکگرتوو تەربیەتی ئەندامەکانیان دەدا! کاتێک ئەنجامی هەڵبژاردن دەرکەوت، نەهزە لە سەرەتاسەری یەکیەتی دا بە پەیمانگا و زانکۆوە (172) دەنگی هێنا، کە بوو بە ڕێژەی (1،3%) دوای ڕێکخراوی قوتابیانی حیزبی شیوعی بە پلە پێنجەم هاتەوە، پەیوەندیش بە سکرتێری هەردوو

ڕێکخراوی ڕاگەیاندن، کە لەسەر ئەساسی ئەو هەڵوێسنەی ئەوان لە هەڵبژاردن ئینسحابی کرد و بەیانێکی بڵاوکردەوە، کە دواتر نەهزە و یەکگرتوو داوای دەنگەکانی خوێندکارانی باسکیان دەکرد، بەڵام پەیوەندی ئەوەشی پێوتن کە ئەندانمانمان زۆر لێتان نیگەرانن، بۆیە نەک هەر دەنگتان نادەنێ، بەڵکو دەنگیش نادەن!

بەم حەجم و حیقدە وە کە نیوەی (باسک) یان پێدرا، لە یەکبووندا پێیانوابوو لەوە گەورەترن و خاوەنی جەماوەرێکی زۆرن لە ڕێکخستنەکاندا و موجاهیدی چاکیشیان هەیە!

لەڕاستیدا کە تەحقیق لە چەند جێگایەک دەستپێکرد، هیچ یەکێک لەو ڕەقەمە خەیاڵیانە وا دەرنەچوو، کە پێشتر نیوەی (باسک) یان پێ وەرگرت.

نەهزە کە هاتە ناو (باسک) (334) مەسئولی هێنا و بردیە سەرەوە دانیان بەسەر ئەو هەموو خەڵکە ماندوو زەحمەتکێش و موجاهیدەدا! بڕیاریان دابوو (500) پێشمەرگە بهێنن، بەڵام هەرچی ڕێکخستنیان هەیە خستیانە ژێر گوشار (216) کەسیان بۆ پەیدا کرا، چونکە ئەو کەسەی کە پاسەوانی بینای مەڵبەندیان بوو لە سلێمانی وەک حەرەسێکی لاکۆڵان یان حەرەسی بینایەکی حکومی مانگانە بە مەبلەغێک پارە ڕایانگرتبوو ئەو (216) کەسەی هێنایان (76) یان بێ چەک بوون (140)ی مایەوە لەوانەش (33) کەسیان مەکتەبی عەسکەری (باسک) چەکی پێدان (107) کەسیان بۆ مایەوە، هاتن چوار هێزی لێ تەشکیل بکەن (251) هەزاریان بۆ درا بە سەربازە (120) هەزاریشان مانگانە بۆ بڕایەوە. بەم جۆرە بزووتنەوی ڕاپەڕین توانی ڕێکخستنەکانی خۆی لەمردن رزگار بکاتو لەسەر حیسابی بزووتنوە چەندین کادیری بەرز بخزێنێتە پۆسە هەستیارەکانی حزبەوەو دواتریش بە دەست تێکەڵکردن لەگەڵ عەلی باپیر توانیان بزووتنەوە بمرێنن.

بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عیراق، لە کۆتایی حەفتاکاندا بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عیراق، تەنها هێزی سیاسیی، ئیسلامییە لە هەرچوارپارچەکەی کوردستاندا، کە وەک پارتێکی پەیوەست بە جووڵانەوەی رزگاریخوازی نەتەوەی کوردو وەک پارتێکی سیاسیو نوێ شانبەشانی ڕێکخستنو پارتە نەتەوەییو چەپەکان لە کوردستانی باشورداو لە کۆتایی هەشتاکانی سەدەی

رابردوودا، لە ناوچەی هەڵەبجەو هەورامانەوە تێکەڵ بە دونیای کاری سیاسیو ڕێکخراوەییو چەکداری بوو. بزووتنەوەی ئیسلامی ئەگەرچی ئێستا پارتێکی زەعیفو زەلیلی گرفتە نێوخۆییەکانییەتی، هاوکات لە کێبڕکێی پارتە ئیسلامییەکانی دیدا، کە لەسەر میراتو مێژووی ئەم دروستبوون، دووچاری دۆڕانو شکست هاتووەو وەک پێویستو وەک سەنگی سنووره بەرینەکانی رابردووی نابینرێت. بزووتنەوە لە ئێستادا دارای ڕێکخستنێکی لاوازو جەماوەرێکی کەمو کەوتووە لە مەشقە سیاسییەکاندا.

هەربۆیە وەک بینیمان لە دواین هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی کوردستاندا لە 2013 تەنها توانی ببێتە دارای یەک کورسیی پەرلەمان. ئەوە لە کاتێکدا بوو کە پارتە ئیسلامییە سیاسییەکانی دی وەک کۆمەڵو یەکگرتوو، نایانەوێت دان بە زیندوویەتی ئەم پارتەدا بنێنو بەچەند ڕۆژێک پێش هەڵبژاردنەکان خودی عەلی باپیر رایگەیاند کە بزووتنەوەی ئیسلامی هێزێکی پاشکۆیەو مەحاڵە بتوانێت یەک کورسی پەرلەمان بەدەستبهێنێت، بەڵام پێشبینییەکانی عەلی باپیر نە بۆ پارتەکەی خۆیان راستبوو، نە بۆ بزووتنەوەی ئیسلامی رکابەری توانی راستی بپێکێت. هاوکات یەکگرتووی ئیسلامیش دانووی لەگەڵ پرەنسیپە سەرەکییەکانی کاری سیاسیی بزووتنەوەی ئیسلامیدا ناکوڵێتو تایبەتمەندیو پێکهاتەی حزبی بزووتنەوەی ئیسلامی وەک هێزێکی نەفەس جیهادی پێناسە دەکاتو رابردوویەکی لارو نالایەقیشی لەگەڵ بزوتنەوەدا هەیە.

چونکە رابردووی بزووتنەوە دیارترو بەرچاوتر بوو لە رابردووی یەکگرتوو. بزووتنەوە بەهیچ جۆرێک خۆی بەهێزی دووەم نەزانیوە لەبەرامبەر یەکگرتوودا. هەمیشە شانازیکردن بە شەوکەتو شەئنی چەکدارانەی لەو قۆناغەی خەباتی چەکداریدا توشی غروری کردووە و لەئاستانەی یەکگرتوودا رکابەرێکی سەرەکی نەبینیوە. لە نەوەدەکانیشدا پاش ئەوەی بزووتنەوە سەری بۆ جەنگی ناوخۆ دەخوراو لەو جەنگەدا گلا، یەکگرتوو توانی مژوڵی بزووتنەوە لەجەنگی ناوخۆدا بقۆزێتەوەو ڕێکخستنەکانی شارو نوێژکەرانی مزگەوتەکانو خەڵکەماڵییەکەی نێو ڕێکخستنی بزووتنەوە بەکاربهێنێتو ئەجێندای دێرینو دڵبەری ئیخوان موسلمینی لەکوردستان کردە واقیعو سەریان لەسەر پشتی بزووتنەوەدا هێنایەدەر، هەربۆیە

لە ئێستایشدا یەکگرتوو، کۆمەڵ بەرلە پێشتر دەزانێت بۆ پەیوەندی دروستکردن، چونکە لە سروشتی کارکردنی کۆمەڵدا دروست هەمان شوێن پێیەکانی یەکگرتوو هەڵدەگیرێتو هەمان بەزمو بالۆرەی ئیخوان لە مەڵبەندو ناوچەو مەکتەبەکانی ئەمیرو پێشەوادا لێدەدرێت.

بـزووتـنـەوەی ئیسلامی لەگەڵ ئـەوەی رابــردووی سەنگینی خۆی لەدەستداوەو ئێستا تەنها دەتوانێت تەنها نوێنەرێکی لەپەرلەماندا هەبێت، بەڵام لەڕووی نێودەوڵەتیو هەرێمییەوە، زیاتر لە پارتەکانی دی ناسراوە. ناسرانی بزووتنەوە تەنها لەچوارچێوەی پەندە کوردییەکە دایە، کە دەوترێت ناوێکی زلو دەرەیەکی وێرانە، چونکە لەئێستادا سەلیقەیەکی سیاسیو وردو تۆکمە نییە، هاوکات رابەرایەتیو سەرکردایەتییەکی پرۆفیشناڵو یەکگرتوو نییە بۆ کارکردن لەسەر میراتی خۆیو درێژەدان بەکاروانەکە. بزووتنەوە تا ئێستایش نەیانتوانیوە ئەو لەکەو عارانەی عەلی باپیر وەک تۆمەت دەیدانە پاڵ، پاکب کەنەوەو خۆیان لە داوی ناوچەگەریو بنەماڵەچییەتی بپارێزن.

خوێندنەوە بۆ پێشەکیو مادەکانی پێڕەوی ناوخۆی بزووتنەوەی ئیسلامی:

پـێـڕەوی نـاوخـۆی بـزووتـنـەوەی ئیسلامی کەلە کۆنگرەی 2009دا پەسەندکراوە، بریتییە لە پێشەکییەکو 44 مادەی سەرەکی، کە هەر مادەیەک لەچەند خاڵێک پێکهاتوون. لەپێشەکییەکەدا بەکورتی ئاماژە بەڕۆڵو زەرورەتی دروستبوونی بزووتنەوەی ئیسلامی کراوەو مێژووی کورد بەستراوە بە مێژووی دەرکەوتنی ئیسلامو موسڵمانبوونی گەلی کوردەوە.

لەو پێناوەدا کورد وەک نەتەوەیەکی سەرەکی لەنێو بازنەی مێژووی ئیسلامیدا حیسابی بۆ کراوە. لەڕاستیدا ئەمە هەڵەیەکی مێژووییەو دەبوایە نوسەرانی پێڕەوی ناوخۆی بزووتنەوەی ئیسلامی مێژووی کوردیان بە درێژەپێدەری مێژوویەک نەزانیایە، کە پێش ئەوەی کورد وەک نەتەوەیەکی کۆلۆنیکار تەماشا بکەن، هاتوون ئیسلامو پرەنسیپەکانی ئیسلامیان داگیر کردووە.

هەر لە ئومەویو عەباسیو بوەیهیو سەلجوقییەکانەوە، تا عوسمانییەکان، هەموو ئەوانە بە سروشتێکی رەگەزیو دوور لەبەرامەی شەرعییەوە ئیسلامیان وەک چەکێک کردووە بەگژ نەتەوە بندەستەکانی وەک کورددا، هەربۆیە دەبوو،

داڕێژەرانی پێڕەوی ناوخۆی بزووتنەوە بزووتنەوە و مێژووی کوردیان لەچنگی کۆلۆنیکاران دەربهێنایەو کوردیان وەک نەتەوەیەکی سەربەخۆو زوڵملێکراوی ژێردەستی ئەوانە بناساندایە، کە فەلسەفەی ئیسلامییان لە شوناسی سیاسیدا ڕەواج پێداوە بۆ تۆڵەکردنەوە یان بۆ سرشینەوەی هەموو ئەوانی تر کە کوردیش لە چوارچێوەیان دایە.

هەر لە پێشەکی پێڕەوەکەدا ئاماژە بۆ کورتەی مێژووی بزووتنەوە کراوە.

ئەوەی لەم پەیڕەوەدا نوسراوە ناکۆکی لەسەرە، چونکە دروستبوونی بزووتنەوە برپتی نییە لە درێژەپێدانی پەیوەندیو رابینەی ئیسلامی، کە بوونیان تەنها لەچوارچێوەی نوسینایەو بەشێوەیەکی واقیعی وێنەیەکی ئەوکاتەشیان لە ئەرشیفدا نییە، بەڵام دروستبوونی بزووتنەوە روونە کە لەساڵی 1987دا ئەوان لە هەیەجانو کۆچێکی بەرفراواندا لەسایەی ئێرانو فەراغی جەنگی ئێرانو عیراقدا خۆیان راگەیاند. دواتریش یەکێک لەو هەڵانەی کە بزووتنەوەی ئیسلامی تێکەوتووە. برپتییە لەوەی کە مێژووی خۆی و ئێستاو ئایندەی خۆی لە رێکخستنو ریشەی بزووتنەوەی راپەڕینی ئیسلامی دابڕیوە.

لەکاتێکدا عەلی باپیرو کۆمەڵی ئیسلامی ئەم هەڵەی بزووتنەوەیان قۆستووەتەوەو راپەڕینیان لەناو خۆیاندا تواندوەتەوەو لەپێڕەویاندا باسیان لە مێژووی راپەڕین کـردووە، بەڵام لەپێڕەوی بزووتنەوەدا بەمجۆرە ئاماژە بە راپەڕینی ئیسلامی کراوە:

« لە ساڵی (1999ز)دا بزووتنەوەی ئیسلامیی وەک خەمخۆرێکی ڕابوونی ئیسلامی کوردستان، پڕۆژەیەکی گەورەی خستە ڕوو بە مەبەستی یەک خستنی وزەو توانای موسوڵمانان بۆ بواری کاری ئیسلامیو ڕێکخستنو زیاتر خزمەتکردن بە گەلو نیشتیمان، لە بەرەنجامی ئەم پڕۆژەیەوە بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی لە کوردستان، هاتە ئاراوە.

لە ئەنجامی کۆمەڵێک گۆڕانکاری و دەستتێوەردانی هێزە ئەقلیمیو ناوەکییەکان لە ڕێگای هەندێ کەسی نامەسئولەوە، پڕۆژەکە لەبار براو تا سەرەنجام لە ڕۆژی (2001/12/9)دا جارێکی تر سەرکردایەتیی سیاسی بڕیاریدا کار بە بەرنامەو پەیڕەوی بزووتنەوەی ئیسلامی بکاتەوە، لە ساڵی (1999ز)دا بزووتنەوەی ئیسلامیی

وەک خەمخۆرێکی ڕابوونی ئیسلامی کوردستان، پڕۆژەیەکی گەورەی خستە ڕوو، بە مەبەستی یەکخستنی وزەو تواناى موسوڵمانان بۆ بوارى کارى ئیسلامیو ڕێکخستنو زیاتر خزمەتکردن بە گەلو نیشتیمان، لە بەرەنجامی ئەم پڕۆژەیەوە بزووتنەوەی یەکبوونی ئیسلامی لە کوردستان، هاتە ئاراوە. لە ئەنجامی کۆمەڵێک گۆڕانکاریو دەستێوەردانی هێزە ئەقلیمیو ناوەکییەکان لە ڕێگای هەندێ کەسی نامەسئولەوە پڕۆژەکە لەباربراو تا سەرەنجام لە ڕۆژی (2001/12/9)دا جارێکی تر سەرکردایەتی سیاسی بڕیاریدا، کار بە بەرنامەو پەیڕەوی بزووتنەوەی ئیسلامی بکاتەوە».

ئەمە لەکاتێکدایە پاش یەکبوونی ئیسلامی، راپەڕین دابەشبوون، بەشێکیان بە ئەمیرەکەیانە بەناوی مەلا سدیق عەبدولعەزیز، کە پێشتر رابەری راپەڕینی ئیسلامی بوو لەناو بزووتنەوەی ئیسلامیدا مایەوە، بەڵام بزووتنەوە لە پەیڕەوەکەیدا دەڵێ ئێمە لەیەکبوون جیابووینەوە، لەکاتێکدا بزووتنەوە جیانەبوویەوە، بەڵکو دارودەستەکەی عەلی باپیر لەیەکبوون جیابوونەوەو کۆمەڵیان راگەیاند، کەواتە لێرەدا راپەڕینی ئیسلامی زیاتر ماڵی بزووتنەوەیە تا ماڵی کۆمەڵ بێت.

مادەکانی پێڕەوی ناوخۆی بزووتنەوەی ئیسلامی بریتین لە 44 مادە. لێرەدا بەوردی شرۆڤە بۆ نیازو نواڕینو ئەجێندای هەریەکێک لەو مادەو خاڵانە دەکەین.

لەمادەی یەکدا ناوی بزووتنەوەی ئیسلامی بەهەر سێ زمانی عەرەبیو کوردیو ئینگلیزی نوسراوە، بەناوی بزووتنەوەی ئیسلامی لەکوردستانی عیراق. لێرەوە بەشێک لە خەباتی بزووتنەوەی ئیسلامی وەک زۆربەی پارتە سیاسییەکانی تر خراوەتە روو، کە کورتکراوەتەوە لە خەبات لە کوردستانی عیراقدا.

ئەوەیش هەم کاریگەریی پارتکانی ترە لەسەریان بەتایبەتی چەپەکانی کورد، هەمیش ئەجێندای بزووتنەوەی ئیسلامی هەر لەکوردستانی عیراق دایە، چونکە بەدرێژایی ساڵانی 1987 تا 1992 کە ئۆردوگای ئاوارەکانی کوردی باشوور لە ئێراندا بوون، هیچ مەلاو بانگخوازو پێشمەرگەیەکی بزووتنەوە، بۆی نەبوو پێوەندیی یان نێزیکیو دۆستایەتی لەگەڵ پارتە کوردییەکانی کوردستانی رۆژهەڵات، یان تێکەڵی کۆمەڵایەتیو هاموشۆ لەگەڵ کوردانی ئێراندا بکەن.

بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەوان کاریان لەسەر جوانکردنی سیماو سیحری دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی ئێران لە کوردستانی رۆژهەڵاتدا دەکرد، تەنانەت لە میانی دەسەڵاتداریشیاندا لە پاش راپەڕین، بزووتنەوەی ئیسلامی لەلایەن یەکێک لەرێبەرە سەربازییەکانیەوە هەستان بە قۆڵبەستکردنی چەند کادێرێکی باڵای حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانو رادەستی کۆماری ئیسلامی کرانەوەو دواجار لە سێدارەدران.

لە مادەی دووی پەیڕەوەکەدا پێناسەی بزووتنەوە هاتووە، بەمجۆرە:

1ـ بزووتنەوەی ئیسلامیی گشتگیرەو لەسەر پەیڕەوی ئەهلی سوننەو جەماعەت کار دەکات بۆ چەسپاندنی فەرمانڕەوایی ئیسلام لە کوردستان تێدەکۆشێتو هەوڵدەدات بۆ هێنانەدیی مافە ڕەواکانی گەلەکەمان.

2ـ بزووتنەوەیەکی ئیسلامی گشتگیرەو تێدەکۆشێت بۆ چارەسەری کێشەی سیاسیو کۆمەڵایەتیو ئابوریو ڕۆشنبیریو شارستانی گەلەکەمان بە دیدێکی ئیسلامییەوە. پێناسەی بزووتنەوە لە مادەی دوودا جۆرێک لە شەرمنیی پێوەدیارە لەبەرامبەر باسکردن لە وشەی جیهادو چەکداریدا، هەربۆیە پێچەوانەی پێڕەوی رابردوو گوتاری سەرکردەکانی رابردوو پرسی تێکۆشانیان بە غامزی هێشتووەتەوە، ئەوان نە وەک یەکگرتوو ملیان داوە بۆ ریفۆرم و رێی ئاشتیخوازی، نەوەک هێزە جیهادییەکانیش وێراویانە باس لە پرەنسیپی جیهاد بکەن لەخەباتی چەکدا. بزووتنەوەی ئیسلامی دیسانەوە لەمادەی سێو چواریدا بەم جۆرە باس لە بەرنامەکانی خۆی دەکات:

**ماددەی سێ: سەرچاوەی بەرنامەکەی**

1ـ قورئانی پیرۆز.

2ـ سوننەتی صەحیحی پێغەمبەر(صلى الله عليه وسلم)

هەروەها سوودوەرگرتن لە بیروبۆچوونی زانایانو پێشەوایانو مێژووی ئیسلامو بزووتنەوە ئیسلامییەکانو سیاسەتی سەردەمو کارکردن بە فیقهی واقیع.

**ماددەی چوار: دروشم**

1ـ [ وجعلناكم شعوبا وقبائل لتعارفوا .... ]

2ـ [ ولقد كرمنا بەنى ئادم ..... )

3ـ [ واتقو الله واصلح ذات بینکم ]

دیسانەوە خۆیان لە بەندوباوی جیهادی بوونی خۆیان داماڵیوەو زیاتر ئیخوانیانە پێناسەی خۆیانکردووە، بۆنموونە لەدروشم و ئارمیشیاندا وێنەی چەکو قووەتو ئایەتە جیهادییەکانیان لابرد، هەربۆیە لەمادەی شەشدا بەمجۆرە تەعبیر لە ئارم و دروشمیان دەکەن:»

**ماددەی شەش : ئارمی باسک**

1 بازنەیەکە کە لەناوی دروشمی (باسک)ی لەسەر نووسرا بێت، لەگەڵ ساڵ ڕۆژی دامەزراندنی بە کۆچیو زایینی.

2ـ قورئانی پیرۆز، کە دەستوورو بەرنامەی ژیانە.

3 گوڵە گەنمێک (بیستو چوار) دەنکی تێدایە، بە قەد ژمارەی پیتەکانی (لا الا الا الله محمد رسول الله) .

4ـ خۆر: بە هەڵهاتنی خۆری ئیسلام، ئازادی دەستەبەر دەبێت.

5ـ شاخ: هێمای کوردستانەو خۆڕاگرییو تێکۆشانە.

لەبەشی دووەمی پەیڕەوی بزووتنەوەدا ئامانج گەلێکی روونو دروست پیشاندراون، کە جیایان دەکاتەوە لە پارتەکانی تر، هەربۆیە ئەوان بەڕوونی باس لە کوردستانێکی سەربەخۆ دەکەنو هیچ گرفتێکیان لەو پێناوەدا نەخستووەتەڕوو، کە ئەم داوایە بۆ دەوڵەتی کوردی لەپێڕەوی پارتەکانی تردا خۆی لێ لادراوە. بۆنموونە، لەخاڵی حەوتی مادەی دەدا هاتووە: کورد نەتەوەیەکی سەربەخۆیە، چونکە هەموو بنەماکانی نەتەوەی تێدایەو لەڕووی ئاینیشەوە بەشێکە لە ئومەتی ئیسلام، لەبەرئەوە مافی تەواوی هەیە لەوەی هەر، شێوازێک کە خۆی دەیەوێت، فیدراڵی یان سەربەخۆیی، ئیسلامو کوردو وڵاتەکەی ڕووی یەک حەقیقەتن.

8 بەهێزکردنی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ لەسەر بنچینەی خزمەتکردن بە گەلانی هـەردوولا. هاوکات تایبەتمەندییەکی تر لەپەیڕەوی بزووتنەوەدا هەیە، کە لەپارتە ئیسلامییەکانی تردا نییە. ئەوان بەڕوونی بۆ یەکەمجار باسیان لە جوگرافیاو مێژوو و زمانی کوردی کردووەو وەک ئامانجی سەرەکی دایان ناوە، هاوکات پرسی ناوچە دابڕاوەکانیشیان بەهەند وەرگرتووەو خستوویانەتە ئامانجە سەرەکییەکانیانەوە بۆنموونە: لە خاڵەکانی 10،9،8دا

بەمشێوە ئامانجەکان باسکراون:

8 بەهێزکردنی پەیوەندیی دۆستانە لەگەڵ وڵاتانی دراوسێ لەسەر بنچینەی خزمەت کردن بە گەلانی هەردوولا.

9 داکۆکیکردن لە سیستەمی فیدراڵی بۆ ئەمڕۆی کوردستان، کە نزیکە لە سیستەمی ویلایەت.

10 هەوڵدان بۆ گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکان بۆ سەر خاکی هەرێمی کوردستان و پارێزگاریکردن لە سنووری جوگرافی و نەتەوەیی و مێژوویی کوردستان.

هەر لەچوارچێوەی ئامانجە سیاسییەکانی بزووتنەوەدا، گەلێ پرسی سەرەکی تر بەهەند وەرگیراون کە لەڕووی ئامانجی سیاسییەوە بزووتنەوە لە هێزێکی عەلمانی جیاناکاتەوە، بۆنموونە ناساندنی شاڵاوەکانی کوشتار و جینۆسایدی کوردو پرسی ئازادی بیروراو زەمینەسازکردن بۆ سەروەریی یاساو پەرلەمان، هەموو ئەمانە، هاوکات لەڕووی ئامانجە ئابوورییەکانەوە دیسانەوە هەستناکرێت ئەدای کاری بزووتنەوە ئەو ئامانجانەی تیابێت، بەڵام فرە بە زەقی نوسراون، لەهەندێک کاتدا خوێنەر گومان دەبات پێڕەوی پارتێکی ئیسلامی بخوێنێتەوە، چونکە بەدروستی دەڵێی هێزێکی راستی نەتەوەیی کاریگەر بە لیبراڵیەتی ئەورووپا نوسیویەتی، هەربۆیە گومانی کۆپیکران لەپەیڕەوی تر یان کاریگەریی پەیڕەوێکی دی، یان تاسەر ئێسقان خۆگونجاندن لەگەڵ ئەمڕۆی هەرێم دەبینرێت.

هەروەها ئامانجەکان لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە دیسانەوە ئامانجگەلێکی گشتین، کە زیاتر هەڵدانەکان داڕشتنی جوانن، لە هیچکام لە ئامانجە عەقیدەیی‌و سیاسی‌و ئابووری‌و کۆمەڵایەتییەکاندا باس لە میکانیزمی کارەکان نەکراوە، واتە جگە لە روانگەو پێشنیازو تەعبیری جوان هیچی دی نابینی، مرۆڤ هێڵی گشتی دەبینێت‌و هیچ تایبەتمەندییەکی ئیسلامی‌و کوردی لە خاڵبەندییەکاندا بەدیناکرێن. بۆنموونە بەسەر ئەو هەموو گیروگرفتانەی رەوشی چینایەتی لەکوردستاندا، نوسیویانە هەوڵدان بۆ نەهێشتنی چینایەتی. ئەم تەعبیرە نەهێشتنی سیستەمی چینایەتی‌و چەسپاندنی برایەتی لە نێوان چین‌و توێژەکاندا برێتی نییە لەو گرفتەی کەناوی گرفتی چینایەتییە، ئەوان ئەو گرفتانە وەک پەیوەندیی رۆحی لێکی دەدەنەوە،

لەکاتێکدا گرفتەکە تاسەر ئێسقان وابەستەیە بەرەوشی مادیی کوردستانەوە، هەروەها ئامانجەکان لەبواری ئافرەتاندا دیسانەوە جیاوازتر لەپەیڕەوی کۆمەڵو یەکگرتوو مرۆڤانەتر نوسراوە. بەجۆرێک لەگەڵ مینۆدی پارتێکی لیبراڵدا جیاوازی نییە. بۆنمونە بوارکردنەوە بۆ مافی یەکسانی ژنانو کارکردنو یەکسانی لەپلەی سیاسیو کاردا هەموو ئەمانە لەئامانجەکاندا هەن. تەنانەت دەتوانین بڵێین ئەمە یەکەم پەیڕەوە کە لەمێژووی پارتە ئیسلامییەکانی دونیادا ناوی ژن بە ژن دەباتو وشەی خوشکیان بۆ بەکارناهێنێت، کە وشەیەکی بە سیاسی کراوە لای ئیسلامییەکانو مرۆڤ راستەوخۆ پرسی مەحرەمبوونو نامەحرەمبوونو زەونکردنی ئازادی تێکەڵبوونی لێدەخوێنێتەوە، هەروەها سەبارەت ئەئامانجە رۆشنبیرییەکان، دیسانەوە ئامانجگەلی روونو دروست خراونەتە روو، لەوانە لەمادەی پازدەدا هاتووە: چاک کردنو پاکسازیی سیستەمی پەروەردەو خوێندن لە بیروبۆچونی ڕەگەزپەرستیو ئایدیۆلۆژیای دژ بە بیروباوەڕی میللەت کە ئیسلامە. ئەم خاڵە گرنگترین خاڵە کە رۆشنبیریی کوردی گیرۆدەی بووە لەوانە پرسی رەگەزپەرستیو ئایدیۆلۆژیا لەکایەی رۆشنبیریدا، کە لەم ئامانجەدا دژ وەستانەوە هەیەو ئەمەیش کارێکی فرە باشە. هەرچەند لەچەند بڕگەیەکدا دیسانەوە دەهۆڵی سواوی ئیسلامییە رادیکاڵەکان لێدراوەتەوە لەوانە: چارەسەرکردنی تێکەڵاوی لەناو دەزگاکانی خوێندندا.

ئەم خاڵە وەک ئامانجێک سەیرکراوە. ئەگەرچی پرسێکی لاوەکییە، بەڵام بە تەعبیرێکی سیاسیانەی ورد نوسراوە، کە پارتێکی چەپ یان علمانیش دەتوانێت هەمان رستە بەکاربهێنێت، چونکە راستە گرفتی تێکڵی هەیە لەنێو دامەزراوەکاندا، بەڵام نەوتراوە رێگری لە تێکەڵی نوسراوە هەوڵدان بۆچارەسەریی ئەو پرسە، کە شایەد چارەسەرەکەی لە تێکەڵیدا بێت، بەڵام جارێکی تر چوونەتەوە سەر ئەم خاڵەو بە گرفتێک باسکراوەو ئامانج لە خۆلادان لەم گرفتە وەک خاڵێک خراوەتە روو:» هۆشیار کردنەوەی لاوان لە تێکەڵاویو کاری ناپەسەند لەژێر پەردەی وەرزشو هونەردا. لەم خاڵەدا سیماو سیفەتی ئیسلامییەکان دوپاتدەکرێتەوە، کە هەمیشە جۆرێک لەناتەباییو گرژییان لەگەڵ وەرزشو هونەردا هەیەو خودی وشەی هونەرمەند بۆیان جۆرێک لە شلڕەویی تیایە سەبارەت بە عەقیدەیان،

هەربۆیە ئەوان گوێگرتن بۆ مۆسیقا بەهەنگاوێک دەزانن بۆ دوورکەوتنەوە لەدینەکەیان، ئەمەیش تا ئێستا یەکلا نەکراوەتەوە.

لەبەشی سێهەمدا شێوازی کار لەچەند خاڵێکدا خراوەتە روو، بۆ گەیاندنی ئامانجەکانیان، لەوانە رێکخستنو بانگەوازو کاری سیاسیو هتد. لێرەدا بزوتنەوە بەشێوەیەکی زۆر ناڕاستەوخۆ باسی لە بەرگری کـردووەو خۆی لە رەوشو رەونەقی جیهاد لاداوەو بانگەوازو گوتاری سیاسی فرە درێژە پێداوە، تەنها لەم بڕگەیەدا بەمجۆرە ناڕاستەوخۆ رووبەکی خۆی درکاندووە بەمجۆرە:» خۆ ئامادە کردنو تێکۆشان: پێگەیاندنی ئەندامانو ئامادەکردنیان لە هەموو ڕوویەکەوە بۆ بەرجەستە کردنوبەرگریکردن لە ئیسلامو گەلو نیشتیمان لەسەر بنەمایەکی زانستی هاوچەرخ بۆ مسۆگەرکردنی بەردەوامی بانگەوازی ئیسلامیو پاراستنی قەوارەی باسکو بەدیهێنانی ئامانجەکانی.

لەمادەی بیستو یەکدا چەند خاڵێک خراونەتە روو، کە باس لە پەیوەندیی سیاسیی بزووتنەوە دەکات لەگەڵ وڵاتانی هەرێمیو پارتە سیاسییە عەلمانی و ئیسلامییەکانو چەند پرسێکی تر بەمجۆرە. بزووتنەوە لێرەدا زەرورەتی یەکبوونو یەکڕیزیی ئیسلامی لەگەڵ پارتە ئیسلامییەکانی باسکردووەو دواتر لەگەڵ وڵاتانی هەرێمی، پاشان هاتووەتە سەرپارتە کوردییەکانی کوردستان. لەپەیڕەودا خاڵبەندی نیشانەی ئەهمییەتی ئەو پرسە پیشاندەدات، بەڵام لەواقیعدا بزووتنەوە بەمجۆرە نییە، بەڵکو لەگەڵ هێزە ئیسلامییەکاندا پەیوەندیی لاوازەو زیاتر لەگەڵ هێزە کوردستانییەکان دانووی پێکەوە دەکولێت. ریزبەندی خاڵەکان بەمجۆرەیە:

1 –هەر بزووتنەوەیەکی ئیسلامی پابەند بێت بە قورئانو سوننەتەوە، بە بەشێک لە کۆمەڵی موسوڵمانانیان دادەنێین و بەپێی توانا پشتگیریو هاریکارییان دەکەین، بە مەرجێک لەگەڵ بەرژەوەندییە باڵاکانی خەڵکی کوردستان هاوتا بێت.

2 –باسک پشتگیری لایەنەکانی تری ڕابوونی ئیسلامی کوردستان دەکات، هەوڵدەدات بۆ لێک نزیکبوونەوەو تێگەیشتن بە مەبەستی هەڵوێستو یەکگرتن.

اـ باسک کێشەی کوردو کوردستان بە کێشەی سیاسیو مرۆیی ڕەواو پەیوەست بە تێکڕای کێشەکانی جیهانی ئیسلامیی دەزانێتو چارەسەری ڕیشەی عادیلانەی ئەو کێشە بە ئەرکێکی ئیسلامییو نەتەوەیی دەزانێت.

ب هەروەک گەلانی دیکەی جیهان بڕوامان بە بوونی هەوارەیەک بۆ گەلی کورد هەیە.

ج داکۆکیکردنو پێداگرتن لەسەر مافی ڕەوای گەلی کورد بە ئەرکی شەرعی خۆمانی دەزانین فیدڕاڵیش بە گونجاو و شیاو دەزانین بۆ ئەمڕۆی کوردستان، بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندییەکانی میللەتەکەمان لەڕوی زمانو مێژووو جوگرافیاوە.

4- باسک پشتگیری لە خەباتی گەلانی عیراق دەکات بۆ نەهێشتنی ڕیشەکانی دیکتاتۆریەتو چەوساندنەوەی نەتەوەییو مەزهەبی بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی فیدراڵ و پەرلەمانی فرەیی، کە ڕێگا لە گەڕانەوەو سەرهەڵدانەوەی دیکتاتۆریەت بگرێت.

5- باسک پشتگیری تێکۆشانی گەلانی موسوڵمان دەکاتو کێشەی قودسیش بە کێشەیەکی مەرکەزی جیهانیی ئیسلامی دەزانێتو هەموو هەوڵێک دەدات بۆ ڕزگار کردنیان.

6 -باسک پشتگیری لە هەموو هەنگاو و پلانو هەڵوێستێک دەکات، کە نەتەوەی ئیسلامی بەرەو سەربەخۆییو یەکبوونو سەروەریی پێشەوایەتی بەرێت.

7 -هەڵوێستی باسک بەرامبەر وڵاتان و بەتایبەت وڵاتانی دراوسێ لەسەر بنەمای ڕێزی دووسەرەو هەڵوێستیان لە باسکو ڕابوونی ئیسلامیو بنەماکانی دادگەریی دادەڕێژێت.

8 -باسک ڕێز لە ئازادیی شوێنکەوتوانی ئایینە ئاسمانییەکان دەگرێت، لە بەجێهێنانی ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی خۆیانو ئەنجامدانی کاروباری کۆمەڵایەتییان کە شەریعەتی دادپەروەریی ئیسلامی ڕێگەیداوە.

9 -هەڵویستی (باسک) بەرامبەر لایەنە سیاسییەکانی کوردستان پێکەوە ژیانەو هارکارییە بۆ بەرگریکردنو بەدیهێنانی مافە ڕەواکانی گەلی کورد، لەسەر بنچینەی ڕێز گرتن لە یەکتری.

10 -هەڵوێستی باسک بەرامبەر حیزبە سیاسییەکانی تری عیراق هەماهەنگی پێکەوە ژیانو هاریکاریکردنی یەکترییە بۆ هێنانەدیی مافە ڕەواکانی گەلانی عیراق لە سایەی حکومەتێکی دادپەروەردا.

یەکێک لەخاڵەکان باسکردنە لەکێشەی قودس کە بەگرفتێکی مەزن باسی دەکاتو پشگیریی بۆ رزگاربوونی بەئەرک دەزانێت. ئەم پرسە رەنگە لەڕووی ئامانجی عەقیدەییەوە بەرەوای بزانن، بەڵام دەبوو لەپاڵ ناوی قودسدا ناوی کەرکوک ببرایە، کە کێشەیەکی هاوشێوەیەو لارییەک نەدەبوو لەبەندەکەدا، گەر ئاماژەی پێکرایە، ئەم کاڵییە لەپرسی نەتەوایەتیدا لەمەرجەکانی ئەندامییەتیدا دیسانەوە دێتەگۆڕێ، کە لەکۆمەڵو بزووتنەوەشدا هەبوو، مەرجەکە لەوە دایە کە ئەندام تەنها موسڵمان بێت، ئیدی کوردبوون باسی لێوە نەکراوە، هەربۆیە لەم بەندەدا مالیزییەک دەتوانێت ببێتە بزووتنەوە، بەس کوردێکی خانەقینی ناتوانێت.

بەگشتی پێڕەوی نێوخۆی بزووتنەوەی ئیسلامی لە کوردستانی عیراق، شێوازی ئەندامیەتیو ئۆرگانەکانو رابەری گشتیو جێگری رابەرو ئەرک و مافەکانیانی خستووەتەڕوو. ئەم پەیڕەوە لـەڕووی مەنهەجییەوە، هێڵگەلێکی سەرەکی باسکردووە، کە تاڕادەیەکی زۆر لەڕووی پرسی رادیکاڵبوونو دیکتاتۆربوونو وابەستەبوونەوە لە کۆمەڵو یەکگرتوو جیای دەکاتەوە. پەیڕەوەکە زۆر لەوان بنەمای پێشکەوتنخوازی تیایە بەتایبەتی لەئامانجی نەتەوەییو سیاسیو ئابووریو تەنانەت عەقیدەیشدا. ئەم پەیڕەوە کراوەتر دەروانێت بۆ میکانیزمی کارو زیاتر پەیوەستە بەکۆمەڵگەی کوردییەوە، تا پەیڕەوەکانی کۆمەڵو یەکگرتوو، هەربۆیە بەرنامەکە جیاواز لەبەرنامەی خودی بزووتنەوە لە پێش کۆنگرەی نۆ بەندو مادەی ئێجگار زانستیو وردی تیایەو زیاتر پارتەکە لە تۆرەمەی رادیکاڵیو ئایدیۆلۆژیبوون هێناوەتە دەرەوەو تاڕادەیەک سازانو سیناریۆکانی جیهادو خورافیاتو رۆحانییەتی لەخۆی دادڕنیوەو واقیعیانە مینۆدی بۆ گروپێکی سیاسیی ئیسلامیی کوردی نوسیوە.